WWW.RUDAW.NET

رووداو
RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (299) دووشەممە 2014/2/24 ی رەشەمێ 2713 (750) دینار

لە هەولێر

## ژنە بەریتانییەک فڕێدەدرێتە سەر شەقام



**رووداو – هەولێر**

ژنێکی بەریتانی بە رەچەڵەک هیندی کە لە بەریتانیا شووی بە گەنجێکی خەڵکی هەولێر کردووە، دەڵێت هاوسەرەکەی فێڵی لێکردووە و تەنیا بە مەبەستی وەرگرتنی وڵاتینامەی بەریتانیا هاوسەرگیری لەگەڵ کردووە "منی هێنایە هەولێر و لای مەلا مارەی کردم، چەندین وێنەی لەگەڵ گرتم و پاشان لەسەر شەقام فڕێیدام".

ئەو ژنە ناوی نەجمە رەزایە و خەڵکی بەریتانیایە، چیرۆکی خۆی بۆ (رووداو) دەگێڕێتەوە و دەڵێت 10 ساڵ لەمەوبەر کوڕێکی کوردی لە بەریتانیا ناسیوە و دواتر پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوانیان دروستبووە " ئەو کوڕە سوێندی خوارد منی خۆشدەوێت و بۆ مەبەستی ئیقامە و رەگەزنامە بەکارم ناهێنێت. منی هێنایە هەولێر و لە 2013/4/6 لای مەلا مارەی کردم". بەڵام دەڵێت "هاوسەرگیری ئەو پیاوە لەگەڵ من بۆ تەڵەکەبازی بوو، تەنیا لە پێناوی ئەوە بوو رەگەزنامەی بەریتانیا وەربگرێت".

« 2

## "مووچەی یەک ساڵ لە هەرێمی کوردستان 12 ملیار دۆلارە"

8

بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق:



## چیدی ناگەڕێمەوە بەغدا

3

لە بەرامبەر وەرنەگرتنی ناوخۆ و پێشمەرگە

## پۆستێکی سەربازی نوێ بۆ یەکێتی دروستدەکرێ

6

# بەرهەم ساڵح کاتی کۆنگرە دیاری دەکات و داوای سەرکردایەتی کاتی دەکات

« 3



REKLAM



ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (299) دووشەممە 2014/2/24



## بەهۆی کێشەی زەوی و زار 5 کەس بریندارده‌بن

**ڕووداو- سەنگەسەر**

بەهۆی شەڕێک لەسەر کێشەی زەوی و زار لە ناحیەی سەنگەسەری سەر بە قەزای پشدەر 5 کەس برینداربوون و 7 کەسیش دەستگیرکران. پەیامنێری تۆڕی میدیایی ڕووداو ڕایگەیاند، بە هۆی شەڕی هاووڵاتیان و کۆمپانیایەکی ئاوەڕۆ لەسەر کێشەی زەوی و زار، 5 هاووڵاتی بریندار بوون. هەر بەپێی زانیارییەکان، پۆلیسی ناوچەکە 7 کەسی لە هەردوولا دەستگیرکردووە.

# ژنە بەریتانییەک لە هەولێر لەسەر شەقام فڕێدەدرێت

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- هەولێر**

ژنێکی بەریتانی بە ڕەچەڵەک هیندی کە لە بەریتانیا شووی بە گەنجێکی خەڵکی هەولێر کردووە، دەڵێت هاوسەرەکەی فێڵی لێکردووە و تەنیا بە مەبەستی وەرگرتنی وڵاتینامەی بەریتانیا هاوسەرگیری لەگەڵ کردووە "منی هێنایە هەولێر و لای مەلا مارەی کردم، چەندین وێنەی لەگەڵ گرتم و پاشان لەسەر شەقام فڕێیدام".

ئەو ژنە ناوی نەجمە ڕەزایە و خەڵکی بەریتانیایە، بە ڕەچەڵەک هیندییە و موسڵمانە، ئەو دەڵێت دەمێکە ئاشنایەتی لەگەڵ کورد پەیدا کردووە و لە بەریتانیا لەگەڵ کورد کاری کردووە، بۆیە دەتوانێ بە زمانی کوردیش قسە بکات، ئەو بەسەرهاتی خۆی بۆ زیاتر لە 10 ساڵ لەمەوبەر گەڕاندەوە، کاتێک لە بەریتانیا کوڕێکی کوردی ناسیوە بەناوی (هـ.ع)، 34 ساڵ، بەڵام ئێستا (هـ) لە زیندانی محەتەی هەولێرە.

پەیوەندی نەجمە لەگەڵ ئەو کوردە، وەک خۆی دەڵێت گۆڕاوە بۆ خۆشەویستی "(هـ) کارمەندی ئاسایشی هەولێرە، بەردەوام دەیگوت خۆشمدەوێی، داوام لێکرد وازم لێ بێنێت، بەڵام ئەو سوێندی بە قورئان و بە خوای گەورە خوارد کە ڕاست دەکات و منی خۆشدەوێت و بۆ مەبەستی ئیقامە و ڕەگەزنامە بەکارم ناهێنێت، بۆیە منی هێنایە هەولێر و لە 2013/4/6 بە فەرمی منی لای مەلا مارەکرد".

### "پارەم بۆ خانوو ناردووەتەوە"

نەجمە دەگەڕێتەوە بەریتانیا، دواتر دێتەوە هەولێر. ئەوە نزیکەی 3 مانگ و 20 ڕۆژە هاتووەتەوە هەولێر. ئەو دەڵێت "لە بەریتانیاوە پارەم بۆ (هـ) ڕەوانە دەکرد، دەیگوت خانووی پێ دروستدەکەم بۆ خۆم و خوێت و دایکم، تەنانەت پارەی ئەو تەلەفۆنانەم دەدا کە بۆی دەکردم، تەنیا پارەی تەلەفۆنەکە مانگانە نزیکەی 100 دۆلار بوو، بەڵام هاوسەرگیری ئەو پیاوە لەگەڵ من بۆ تەڵەکەبازی بوو، ئەو سووکایەتی بە شکۆ و کەرامەتی من کرد، تەنیا لە پێناوی ئەوەی ڕەگەزنامەی بەریتانیا وەربگرێت، منی دەبردە هۆتێلەکانی هەولێر و وێنەی لەگەڵ دەگرتم، تاوەکو وەک بەڵگەیەک بەکاری بهێنێت بۆ وەرگرتنی وڵاتینامەکە".

### "بەڵگەنامەی هاوسەرگیری تەزویر کرد"

ئەو ژنە بەریتانییە باس لەوە دەکات کە (هـ) نووسراوی دادگای تەزویر کردووە "بەڵگەنامەی هاوسەرگیری تەزویر کرد. کە زانیم درۆ دەکات سکاڵام لە دژی تۆمار کرد، (هـ) لە هۆتێلەکان بەڵگەنامە تەزویرەکەی پێشاندەدا، ئەو ئامادە نەبوو من بباتە ناوماڵی خۆی و دواجار لەسەر شەقام فڕێیدام، دایک و براکەی 2013/11/13 زانییان هاوسەرگیری لەگەڵ کردووم، ئەوان هەڕەشەیان لێکردم و بە منیان گوت لەشفرۆش".

نەجمە وێنەیەکی زۆری لەگەڵ (هـ) هەیە "(هـ) بە دایک و براکەی گوت ئەو 200 وێنەیەی پێکەوە هەمانە هەمووی فۆتۆشۆپە، بەڵام دواتر بۆ هەموویان دەرکەوت ڕاستییە، (هـ) بە منی گوت تۆ هیچ مافێکت لای من نییە، چونکە تەنیا لای مەلا مارە کراوی و لە دادگا نەبووە، ئەو نووسراوەی هەیە تەزویرە".

نەجمە پێیوایە ئەو کوڕە زوڵمێکی گەورەی لێکردووە لە کاتێکدا ئەو زۆر قوربانی بۆ داوە "ئەوەی (هـ) بەرامبەر بە من کردی بە پارە قەرەبوو ناکرێتەوە، من مرۆڤم و لەبەر ئەو وازم لە بنەماڵەکەم هێنا، ئەوان دەریانکردم، بۆ جەژن و بۆ ڕەمەزان بانگیان نەکردم، باوکم ناوی منی لە وەسیتنامەکەی دەرهێنا، بەڵام (هـ) ئامادە نەبوو بە کەسوکارەکەیشی بڵێت ئەو ژنە دێنم، (هـ) بە منی گوت لە هاوسەرەکەی جیابووەتەوە".

نەجمە لە ئاسایش و پۆلیس دەپرسێت "چ پیاوێک دەتوانێت ئافرەتێک مارە بکات و لەگەڵی بخەوێت، بانگەشەی ئەوە بکات کە خۆشیدەوێت، کەچی درۆ لەگەڵ هەموو لایەک بکات؟ (هـ) وەڵامەکەی ئەوەیە کە ژیانی پڕبووە لە دەردەسەری، بەڵام ئەو دەردەسەرییە خۆی بۆ خۆی دروستکردووە، چۆن خۆشەویستەکەی دەکاتە گاڵتەجاڕ؟ ئەو 5 ساڵە یاری بە ژیانی من دەکات، ئیتر هیچ لێبووردنێک نییە، ناتوانم لە تاوانی وا خۆشبم".

ئەو ژنە کە قسەی بۆ (ڕووداو) دەکرد، بەردەوام دەگریا و دەلەرزی و فرمێسک لە چاوانی دەهاتنە خوارەوە تا دواجار لە هۆش خۆی چوو. لە درێژەی گێڕانەوەی ئەو چیرۆکەدا گوتی "دەزانم دادگای خودا لە هەموو دادگایەک گەورەترە، بەڵام لەم وڵاتە سکاڵا دەکەم، ئەو کوردستانەی زۆرم خۆشدەوێت، بەڵام نەتەوەکەی لە ڕێگەی (هـ)ەوە ئازاری دام و ژیانی منی کوشت، هاوڕێیەکی (هـ) زۆر خراپ لە منی دا، ئێستا دەترسێم لە گەڕانەوەم بۆ بەریتانیا، چونکە خانەوادەکەم قبوڵم ناکەنەوە، کەلتووری ئێمەی هیندی وەکو کورد وایە. ئەو شەرمەزارییە قبوڵ ناکەن".



نەجمە و مێردەکەی

### مێردەکەی دەستگیرکراوە

نەجمە پێشتر هاوسەرگیری کردووە و دایکی کچێکە، بەڵام لە مێردەکەی جیابووەتەوە، ئەو دەڵێت "لایەنە فەرمییەکان لە کونسوڵخانەی بەریتانیا لە هەولێر و ئاسایش و پۆلیس و دادگای هەولێر ئاگاداری کێشەی منن، دەمەوێت لە ڕێگەی (ڕووداو)ەوە هەموو کەسێک کێشەی من بزانن، (هـ) 6 ڕۆژە دەستگیر کراوە، دادوەر بەڵێنی بە من داوە کە (هـ) ناچار دەکات بمباتەوە ماڵی خۆی، حەز دەکەم (هـ) ببێتەوە بە مرۆڤێکی باش".

ڕائید ژیلەمۆ عەبدولقادر بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەدواداچوونیان بۆ کێشەی ئەو ژنە کردووە، هاوسەرەکەی دەستگیرکراوەو ئێستا لە زیندانە "ئەو ژنە بەریتانییە ماوەیەک لە خانەی داڵدەدانی ئێمە مایەوە، پاشان ئێرەی بەجێهێشت".

ڕائید ژیلەمۆ هەروەها دەڵێت "زۆر حاڵەت هەبووە کە پیاوانی کورد بۆ وەرگرتنی ئیقامە هاوسەرگیرییان لەگەڵ ئەوروپییەکان کردووە".

## باسی کورد بۆ بەتەمەنەکانی ئەمریکا دەکات

# پیتەر گالبریت: هەر جارێک دەچیتە هەولێر نایناسیتەوە



**مۆتلو جیڤیرئۆغلو**
**ڕووداو — واشنتن دی سی**

لە سیمینارێکدا لەژێر ناونیشانی "کورد و کوردستان" دیبلۆماتکارێکی پێشووی ئەمریکا کە بۆ ماوەیەک ڕاوێژکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، پێداچوونەوەیەکی خێرای کرد بە بارودۆخی کورد لە عێراق، تورکیا، سووریا و ئێران.

پیتەر گالبرێت، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە کرواتیا کە ئامۆژگاری پێشکەشی کورد کردووە لەکاتی گفتوگۆکانی داڕشتنی دەستوور لەگەڵ بەغدا پاش ڕووخانی ڕژێمی سەدام لە ساڵی 2003دا، ئەو ڕۆژە سەختانەی وەبیرە کاتێک کوردی عێراق بوونە حوکمڕانی خۆیان لەدوای ساڵی 1991.

"عێراق لەژێر گەمارۆی ئابووریدا بوو. پارە نەبوو بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران. کارەبا زۆر کەم بوو. تەنیا سەرچاوەی کورد بەقاچاخ هێنانی نەوت بوو" گاڵبرێت، ئەو قسانەی لە سەمینارێکدا کرد کە هەفتەی ڕابردوو لە واشنتن دی سی سازکرا و زۆربەی ئامادەبووانی سەمینارەکەش کەسانی بەتەمەن بوون.

بە تیشک خستنە سەر بارودۆخی ئێستای کوردستان و جیاوازیی لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی عێراق، گاڵبرێت گوتی کە بۆ چوونە ناو کوردستان هاووڵاتیانی ئەمریکی پێویستیان بە ڤیزا نییە، بەڵام بەپێچەوانەوەیە لە بەغدا. هەروەها گوتی کە زۆر لە هێڵە ئاسمانییە نێودەوڵەتییەکان گەشت بۆ کوردستان دەکەن لە بری بەغدا.

سەبارەت بە سەردانێکی ئەم دواییەی بۆ کوردستان، گاڵبرێت گوتی "هەرکاتێک دەچێتە هەولێر شارەکە ناناسیتەوە بەهۆی ئەو پێشکەوتنە خێرایەی هەولێر بەخۆوەی دەبینێ".

لەبارەی بارودۆخی باکووری کوردستانیش گوتی کە زیاتر لە نیوەی کوردی جیهان لە تورکیا دەژین "سیاسەتی تورکیا گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە. ئێستا ناسنامەی کورد لەو وڵاتە دانی پێدادەنرێ و میدیای کوردی هەیە و پەروەردە و فێربوون بە زمانی کوردی هەیە".

گاڵبرێت لە درێژەی قسەکانیدا گوتی بارودۆخی ئێستا تەواو پێچەوانەی ساڵی 2003یە، کاتێک ئەنقەرە دژی فراوانبوونی پێگەی کورد بوو "ئێستا سەرۆک بارزانی وەک سەرۆکی دەوڵەتێک لە تورکیا پێشوازی لێدەکرێت. هەروەها وەزیری دەرەوەی تورکیا سەردانی هەولێر دەکات بەبێ ئاگادارکردنەوەی حکومەتی عێراق لە سەردانەکانی".

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، گالبرێت جەختی لەسەر گرنگیی ئەو بۆرییە نەوتە کردەوە کە بەم دواییە لەلایەن تورکیاوە بنیاتنراوە و کوردستان دەبەستێتەوە بە بەندەری جیهان لە دەریای ناوەڕاست.

ئەو دیبلۆماتکارە ئەمریکییە باسی لە مامەڵەی تورکیا لەگەڵ کوردی وڵاتەکەی کرد و ڕوونیکردەوە کە پرۆسەی بە دیموکراسیکردن لە تورکیا دەستیپێکردووە لە ڕێگەی یەکێتی ئەوروپاوە.

گوتیشی "ئەنقەرە کوردی عێراق وەک هاوپەیمانێکی گرنگ تەماشا دەکات لە دژی دەسەڵاتی ئێرانی شیعی لە عێراقدا".

ئەو زۆر بە کورتی تیشکی خستە سەر کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێران و گوتی "هەمیشە دانپێدانان بە ناسنامەی کورد لە ئێران هەبووە و پارێزگایەک بە ناوی کوردستان لە ئێران هەیە". بۆ مێژووش گوتی "لەڕاستیدا، یەکەمین دەربڕینی هەستی نەتەوایەتی کورد لە سەدەی بیستەمدا لە ئێران بوو کاتێک کۆماری مەهاباد ڕاگەیەنرا".

ئەو کۆنە دیپلۆماتکارە ئەمریکییە بە کورتی باسی لە کوردی سووریاش کرد. بیری ئامادەبووانی هێنایەوە کە ناوی سووریا "کۆماری عەرەبی سووریایە". گوتیشی کە "کوردی ئەو وڵاتە بێبەش کرابوون لە مافە سەرەتاییەکانیان، تەنانەت ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەیان نەبوو".

گالبرێت بۆ ئامادەبووانی ڕوونکردەوە کە تورکیا مەترسی هەیە لەو بارودۆخەی ئێستای کورد لە سووریا، ئەوەش بەهۆی باڵادەستیی پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD کە بەشێکە لە پارتی کرێکارانی کوردستان. گوتیشی "هەرچەندە کوردی سووریا لەلایەن ڕژێمی دیمەشقەوە سەرکوت دەکران، بەڵام پەیوەندییان بە ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتەوە نەکرد، لەبەرئەوەی متمانەیان بە ئۆپۆزیسیۆن نەبوو لەوەی مافەکانیان لە سووریای نوێدا بسەلمێنێ".



# پەرلەمان سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان گەنگەشە دەکات

**هارڤەی مۆریس**
**ڕووداو- لەندەن**

وا بڕیارە پەرلەمانی بەریتانیا دانیشتنێکی خۆی تایبەت بکات بە باسکردنی سیاسەتی حکومەتەکەی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، لیژنەی کاروباری دەرەوەی پەرلەمانەکەش داوا دەکات پێشنیازیان بۆ بنێرن.

لیژنەی کاروباری دەرەوەی (All-Party) لە پەرلەمانی بەریتانیا، ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو ڕایگەیاند کە لە داهاتوودا لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی حکومەتی بەریتانیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان دەکات.

بڕیارەکە زیاتربوونی گرنگیی هەرێمی کوردستان و گرنگیی پێگەی بازرگانیی هەرێمی کوردستان پێشان دەدات کە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ بەریتانیا هەیە. حکومەتی بەریتانیا کونسوڵخانەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە و چەند کۆمپانیایەکی بەریتانیش لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن.

لیژنەکە دەیەوێت لێکۆڵینەوە لەو بابەتانە بکات و هەروەها دەیەوێت لە ئەنجامەکانی سیاسەتی بەریتانیا لەسەر پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و بەشەکانی دیکەی عێراق و وڵاتانی دراوسێ بکۆڵێتەوە.

هەروەها لە ڕۆڵی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەشەکانی دیکەی عێراق دەکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی هەوڵ بدرێت توانا ئابوورییەکانی هەردوولا بەهێز بکرێت.

لیژنە پەرلەمانییەکە کە ئەندامانی هاوپەیمانی دەسەڵاتدار، هاوپەیمانی لیبراڵ-کۆنزێرڤەتیڤ و ئەندامانی پارتی کاری ئۆپۆزیسیۆنیش لەخۆدەگرێت، کاری ئەوەی لە ئەستۆیە کە چاو بە سیاسەتەکانی حکومەتدا لە چەندین بواری سیاسەتی دەرەوەدا بخشێنێتەوە.

وەکو بەشێک لەو ڕاگەیاندنەی کە ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو بڵاوکرایەوە، لیژنەکە بانگهێشتی لایەنەکان دەکات تاوەکو پێشنیازی خۆیان بە داتاوە پێشکەش بکەن و لە ڕاپۆرتی کۆتاییدا بدرێتە دەستی پەرلەمان (ئەنجوومەنی گشتی). دوا وادە بۆ پێشکەشکردنی پێشنیازەکان کە دەکرێت لەسەر ئینتەرنێتیش لە وێبسایتی www.parliament.uk پێشکەش بکرێت، ڕۆژی 28ی مانگی داهاتووە.

لیژنەکە هەروەها لە هاوکارییە دارایی و هاوکارییەکانی دیکەی وەزارەتی دەرەوە و ڕێکخراوە بەریتانییەکان دەکۆڵێتەوە کە لە کوردستان پێشکەشی دەکەن تاوەکو ئەزموونی پەرلەمانی و حوکمڕانی و دەزگای دیموکراتی و میدیای ئازاد، ڕێکخراوە مەدەنییەکان و مافەکانی گرووپە ئیتنی و ئاینییەکان گەشە پێبدەن.

لێکۆڵینەوەکە هەروەها پرسیار دەربارەی ئەوە دەکات کە ئایا چۆن ئۆفیسی دەرەوەی بەریتانیا سەرچاوەکانی خۆی و وجودی خۆی لە عێراق ڕێکدەخات، لە ژێر ڕۆشنایی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەشەکانی دیکەی وڵاتەکە.

ڕووداو
ژمارە (299) دووشەممە 2014/2/24

## کۆمەڵ: زوڵم لە بزووتنەوە مەکەن

**ڕووداو- هەولێر**

محەممەد حەکیم، ئەندام و گوتەبێژی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، لە پەیجی تایبەتی خۆی لە فەیسبووک پەیامێکی بە ناونیشانی "پێکهێنانی کابینەی حکومەت و بزووتنەوەی ئیسلامی" بڵاوکردووەتەوەو نووسیویەتی "ئەگەر پۆستی وەزارەت درا بە لیستیک کە خاوەنی یەک کورسی بێت و کورسییەکەشی بە سیستەمی (باقی الاقوی) وەرگرتبێت و بزووتنەوەش بێبەشکرا، ئەوا بە ڕاستی زوڵمە و نادادگەرییە". هەروەها دەڵێت "لە حاڵەتێکی وەهادا حەق وایە لایەنە ئیسلامییەکان قسەی لەسەر بکەن بەدەر لە هەڵوێستەکانی پێشووی بزووتنەوە".

# بەرهەم ساڵح کاتی کۆنگرە دیاری دەکات و داوای سەرکردایەتییەکی کاتیش دەکات

## عەدنان موفتی: شوێن و بەرپرسیارێتی ئەوان پارێزراو دەبێ

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئەو پرۆژەیەی جێگری دووەمی سکرتێری گشتی یەکێتی بە هەماهەنگی لەگەڵ جێگری یەکەمی سکرتێری یەکێتی ئامادەی کرد و پێشکەشی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی کرد، تاوەکو ئێستا پەسەند نەکراوە. هەر بەو هۆیەشەوە بەرهەم ساڵح بەشداری دوایین کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی ڕۆژی شەممەی ڕابردووی حیزبەکەی نەکرد. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتیش دەڵێ لەو دۆخەدا "ناکرێ کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی ڕابوەستێ بەهۆی هەندێک کێشەوە".

لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەمی ڕابردوو، بەرهەم ئەحمەد ساڵح، دەستبەرداربوونی خۆی لە پۆستی جێگری دووەمی سکرتێری گشتی یەکێتی ڕاگەیاند و ڕۆژی پاشتر کۆسرەت ڕەسوڵ، جێگری یەکەمی تاڵەبانی چووە پاڵی و ڕاگەیێندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە، بەوەش جارێکی دیکە بەردی ناکۆکییەکی دیکە گۆمەکەی یەکێتی شڵەقاندەوە. لەوکاتەوە هەوڵەکان بۆ دەستبەکاربوونەوەی ئەو دوو سەرکردەیە بێ ئەنجام ماونەتەوە.

### پرۆژە 12 خاڵییەکە

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێت "هەرسێ سەرکردەکە (هێرۆ ئیبراهیم، کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح) نەیانتوانی بە نێوانگیرییەکەی تاران و ئەو نێوانگیرییەش ڕازی ببن کە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کردی لە نێوانیان". هێمای بۆ ئەوەش کرد کە ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتیش لە 2014/2/3 کاتێک سەردانی هەرسێ سەرکردەکەیان کرد، داوایان لێکردبوون "کێشەکانیان نەگەیێننە دۆخێک کە چارەسەرکردنی دژوارتر بێ تاوەکو چارەسەرێک دەدۆزرێتەوە، بەڵام دیارە ئەو هەوڵانەش بێ ئەنجام بوون".

ئەو پرۆژەیەی د.بەرهەم ساڵح، پێشکەشی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کردووە، بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، لە 12 خاڵ پێکدێت و زۆربەی خاڵەکان کاتی بەپەلەیان بۆ دەستنیشانکراوە تاوەکو جێبەجێ بکرێن جگە لە بەستنی کۆنگرە.

بەرپرسێکی یەکێتی لەبارەی پرۆژەکەی بەرهەم ساڵحەوە دەڵێ، داوای کردووە "ڕۆژی 6/1 کۆنگرە ببەسترێ، سەرکردایەتییەکی کاتی لەلایەن ئەنجوومەنی ناوەند و سەرکردایەتی و دەستەی دامەزرێنەرانی یەکێتی دیاری بکرێ و ئەو سەرکردایەتییە تاوەکو 6/1 یەکێتی بەڕێوە ببەن، هەروەها بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردن و ڕێکخستن و ڕاگەیاندن بگۆڕدرێن و لەنێو مەکتەبەکانی یەکێتیشدا گۆڕانکاری بکرێ".

بەڵام لەلایەن زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتییەوە پێشوازی لەو پرۆژەیە ناکرێ و وەک سەرچاوەکان ئاماژەی پێدەدەن، هەر لەبەر ئەوەیە کە بەرهەم ساڵح بەشداریکردنی لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ڕەتکردووەتەوە.


(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

### "سەرکردایەتی کێشەی تێدا نییە"

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی پێیوایە ئاساییبوونەوە لە نێو یەکێتی بەدی نایەت تاوەکو هەرسێ سەرکردەکە کێشەکانی نێوان خۆیان چارەسەر نەکەن. مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ "ئێمە لە سەرکردایەتی کێشەمان نییە، کێشەکە تەنیا ئەوەیە ئەو سێ سەرکردەیە نیگەرانییەکانی خۆیان وەلا بنێن و لەبەر خاتری 18 هەزار شەهید، خەمی یەکێتی بخۆن".

بەبڕوای مستەفا چاوڕەش، چارەسەر ئەوە نییە سەرکردایەتی کاتی دابنرێ، چونکە وەک ئەو دەڵێت "ئەو سەرکردایەتییەی ئێستا کێشەی لەنێودا نییە و دەتوانێ تاوەکو کاتی کۆنگرە کارەکانی خۆی بکات، ئەوەی گرنگە خەمی ئەو دوو هەڵبژاردنە بخۆین کە لەبەردەممانە و دواتر لە کۆنگرە هەرکەس دەرچوو پیرۆزبایی لێدەکەین". گوتیشی ئەگەر ئەوان پێکهاتن لەسەر ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکەن "ئێمە هەمووومان بەیەکەوە کاردەکەین و پشتیوانی هەرسێ سەرکردەکە دەبین".

ئێوارەی 2014/2/21 هەریەکە لە باڤێڵ و قوباد تاڵەبانی، کوڕانی تاڵەبانی و شاڵاو کۆسرەت ڕەسوڵ، لەگەڵ کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح لە هەولێر کۆبوونەتەوە و بەپێی زانیارییەکان لەو کۆبوونەوەیەدا هەوڵی ئەوە دراوە جێگرانی سکرتێری گشتی بەشداری کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی بکەن لە سلێمانی، بەڵام ئەوەش ئاکامێکی نەبووە.

### "بەرپرسیارێتی ئەوان پارێزراوە"

عەدنان موفتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە یەکێتی لە کۆبوونەوەکانی خۆی بەردەوامە و ناشکرێ بەهۆی کێشەکانەوە لەوە زیاتر کۆبوونەوەکان ڕابوەستن و کاروبارەکان وا بمێننەوە "ژیان ناوەستێ و ئەو هەوڵانەش بۆ باشترکردنی حاڵی یەکێتی و گوزەرانی خەڵک بەگشتی و پرۆسەی سیاسییە و مانای وانییە هەموو شتێک کۆتایی هاتبێ".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، لەبارەی مامەڵەی دوور بە دووری کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح لەگەڵ یەکێتی گوتی، ئەوان ڕێز لە داواکاریی و داخوازییەکانیان دەگرن، گوتیشی "شوێن و بەرپرسیارێتییان پارێزراو دەبێ لەناو یەکێتیدا و لەهەمووی گرنگتر بۆ ئێمە و ئەوانیش لەم کاتەدا هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانە".

یەکێتی لە دۆخێکدا ڕووبەڕووی ئەو قەیرانە نێوخۆییە بووەتەوە کە هاوکات لە نێو کێشەی پێکهێنانی حکومەت و ئامادەکاریی بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو و گۆڕانکارییە بەپەلەکانی ناوچەکەدا، بڕیاری بەپەلە و یەکلاکەرەوەی پێویستە.

هەرێم کەمال ئاغا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی پێیوایە میدیاکان لە هەرێمی کوردستان زێدەڕۆیی دەکەن لە خستنەڕووی کێشەکانی یەکێتیدا و هاوکات دەڵێ "ڕاستە یەکێتی قەیرانێکی نێوخۆیی هەیە، بەڵام بەدڵنیاییەوە کاتی پێویستە بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکانی بکات".



### بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران

# حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بە تەقەشوف دەکات



## عیماد ئەحمەد، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان:
## ئەگەر بەغدا مووچەی فەرمانبەران نەنێرێ هەڵوێستی توندمان دەبێ

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و گوشارەکانی حکومەتی ناوەندی بۆ سەر هەولێر، حکومەتی هەرێمی کوردستانی ناچار کرد دەست بە دەستگرتنەوە (تەقەشوف) بکات و داهاتی هەندێ وەزارەت ڕاستەوخۆ بۆ مووچەی فەرمانبەران تەرخان بکات.

هەر لەوبارەوە بەرپرسێکی باڵای کورد لە بەغدا ڕایگەیاند کە وەک ناڕەزاییەک بەرامبەر ئەو سیاسەتەی حکومەتی عێراق چیدی ناگەڕێتەوە بەغدا.

بەبڕیاری نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خەرجی 10 بابەت کە هەندێکیان لە نیوە زیاتریان کەمدەکرێتەوە و هەندێکیان 100% ڕاگیراون بۆ مووچەی فەرمانبەران تەرخان دەکرێ.

عیماد ئەحمەد، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لێژنەیەکی تایبەت پێکهێنراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە داراییەکان و چەند پێشنیازێک کراون بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، لەوانەش لێژنەکە بڕیاری تەقەشوفی داوە لە خەرجییەکان".

عیماد ئەحمەد گوتیشی "مەبەستی حکومەت لەو هەنگاوە ئەوە بووە کە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بدات".

حکومەتی عێراق وەک گوشارێک لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی مل بە داخوازییەکانی بدات لە مەسەلەی مافی هەناردەکردنی نەوت و دەسەڵاتەکانی تایبەت بەو بوارە، بڕیاری داوە ناردنی بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان ڕابگرێ.

### حکومەت دەست بە پارەوە دەگرێت

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە تەقەشوف لە خەرجییەکانی 10 بڕگە بکات کە بریتین لە: قەرەبوو، شمەک و خزمەتگوزاری، چاککردنەوە، بەخشین، سوودە کۆمەڵایەتییەکان، خەرجی دیکە و شتومەکی نادارایی و هەندێ بواری دیکە.

بڕیارەکەی ئەنجوومەنی وەزیران لەبارەی کەمکردنەوەی ئەو خەرجیانە بەو شێوەیەن (پاداشت و هاوکاری 100% ڕاگیراون، شمەک و خزمەتگوزاری و چاککردنەوە 70%. خەرجی دیکە 50% کەمکراوەتەوە".

هەرێمی کوردستان نزیکەی 650 هەزار فەرمانبەری حکومی هەن، هەروەها نزیکەی 800 هەزار مووچەخۆری دیکەشی هەن، کە مانگانە مووچە لە حکومەت وەردەگرن.

### بەغدا مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان بە کەمی دەنێرێت

عیماد ئەحمەد گوتی "حکومەتی عێراق ئەگەر مانگانە مووچەی کوردستانیش بنێرێت ئەوا تەنیا 566 ملیار دینار دەنێرێ کەچی هەرێمی کوردستان مانگانە تەنیا بۆ دابینکردنی مووچەی خەڵک پێویستی بە نزیکەی 850 ملیار دینار هەیە".

(ڕووداو) ئەوەشی زانیوە کە جگە لە کەمکردنەوەی ئەو خەرجیانە، حکومەت بڕیاری داوە داهاتی هەریەک لە وەزارەتی کارەبا، تەندروستی، داهاتی هاتوچۆ کە پێشتر داهاتی ئەو دوو وەزارەتە و هاتوچۆ بۆ خۆیان دەبوو، ئێستا دەبێ بیدەنە وەزارەتی دارایی بۆ ئەوەی مووچەی فەرمانبەرانی پێ دابین بکرێ".

**بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق:**
## چیدی ناگەڕێمەوە بەغدا

### حکومەت یەک ملیار دۆلاری قەرز کردووە

سەبارەت بەو دەنگۆیانەی کە دەڵێن حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانی قەرزی لە چەند بانکێکی دەرەوە وەرگرتووە، جێگری سەرۆکی حکومەت هەموو ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت "هیچ قەرزێکمان لە دەرەوە نەکردووە، بەڵام سوپاسی ئەوانە دەکەین کە لە نێوخۆی هەرێمی کوردستان قەرزیان داوە بە حکومەت و هاوکاریی حکومەتیان کردووە بۆ ئەوەی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان دابین بکەین".

بەرپرسێکی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بە (ڕووداو)ی گوت ئەو قەرزەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نێوخۆی هەرێمی کوردستان وەریگرتووە نزیکەی یەک ملیار دۆلار دەبێ.

### "وەڵامی توندمان دەبێت"

بەرپرسانی هەرێمی کوردستان دەڵێن لە بەرامبەر گوشارەکانی بەغدا کە قووتی خەڵکی بە سیاسی کردووە، تاسەر بێدەنگ دانانیشن و ئەگەر ئەو دۆخە بەردەوام بێت، هەڵوێستی توندیان دەبێت.

عیماد ئەحمەد گوتی ئەگەر بەغدا سووربوو لەسەر ئەو سیاسەتە، ئەوا بێ هەڵوێست نابن. دەربارەی هەڵوێستی هەرێمی کوردستان کە چی دەبێ بەرامبەر بەغدا، جێگری سەرۆکی حکومەت گوتی "بەقەد ئەو سیاسەتەی بەغدا پەیڕەوی دەکات بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان ئێمەش وەڵامێکی توندمان دەبێ".

سیاسەتە داراییەکەی حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی نووری مالیکی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان وایکردووە بەرپرسانی کورد لەبەغدا هەڕەشەی دەست لەکارکێشانەوە بکەن.

### فازڵ نەبی: ناگەڕێمەوە بەغدا

فازڵ نەبی، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق هەفتەی ڕابردوو لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ کەناڵی (ڕووداو) گوتی "ئەگەر تا کۆتایی ئەم هەفتەیە (هەفتەی ڕابردوو) بەغدا مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان نەنێرێ، ئەوا چیدی لە حکومەتی عێراقدا کار ناکات".

هەفتەکە کۆتایی هات و فازڵ نەبی دەڵێ "سوورم لەسەر بەڵێنەکەی خۆم، من لە بەغدا تەواو، چیدی ناگەڕێمەوە".

فازڵ نەبی دەست لەکارکێشانەوەی خۆی ڕادەستی ڕۆژ نووری شاوەیس، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق کردووە و دەڵێ "دەست لەکارکێشانەوەکەم قبوڵ بکەن یان نا من لای خۆمەوە تەواو، چونکە تاوەکو ئێستا بەغدا هیچ نەرمییەکی نەنواندووە بۆ پێدانی مووچەی هەرێمی کوردستان و هیچ هەنگاوێکیش نەهاتووەتە پێش".

هەرچەندە چاوەڕوان دەکرا هەفتەی ڕابردوو کۆتایی بەکێشەکە بهێنرێ، بەڵام شاندەکەی حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی حوسێن شەهرستانی، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ کاروباری وزە، بە شاندی هەرێمی کوردستانی گوتبوو "پێدانی مووچە و بودجەی کوردستان لە دەسەڵاتی سەرۆک وەزیراندایە".

تەنیا بریکارەکەی وەزارەتی دارایی عێراق نییە کە هەڕەشەی وازهێنانی کردووە لە حکومەتی عێراق، بەڵکو چەند ڕۆژێک لەمەوبەر د.ڕۆژ نووری شاوێس، جێگری سەرۆکی حکومەتی عێراقیش لەڕێگەی (ڕووداو)ەوە هەڕەشەی کشانەوەی وەزیرە کوردەکانی کرد لە حکومەتی عێراق ئەگەر مالیکی مووچە و بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان ڕەوانە نەکات.

## وەزارەتی ناوخۆ: ڕێگریمان لە ڕۆژهەڵاتییەکان نەکردووە

**ڕووداو– هەولێر**

وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ڕەتیدەکاتەوە ڕێگا لەهاتنی هاوڵاتیانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ باشوور گیرابێت.

پێشتر بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تەلەفزیۆنی (ڕووداو) بڵاوی کردبووەوە چەند خێزانێکی کوردی ڕۆژهەڵات کرد، کە لەسەر سنووری نێوان عێراق و ئوردن نیشتەجێن. داوایان کردووە بێنە سنووری هەرێمی کوردستان، بەڵام ڕێگەیان پێنەدراوە. وەزارەتی ناوخۆ لەبارەی ئەو خێزانانە دەڵێت "ئەو خانەوادانەی نەهاتوونەتە هەرێمی کوردستان چاوەڕێی وەڵامی ڕێکخراوەی UNHCR دەکەن ڕەوانەی وڵاتی سێیەمیان بکات وەک پەناهەندە".



ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (299) دووشەممە 2014/2/24

### جیاوازیی نێوانیان دوو هەزار دەنگە

# پارتی و یەکگرتوو سێیەمی سلێمانی یەکلایی دەکەنەوە

**ئەرکان عەلی**
**ڕووداو– سلێمانی**

تادێ وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان نزیک دەبێتەوە کە هەموو لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بە چارەنووسساز و یەکلاکەرەوە ناوی دەبەن و چەند مانگێکیشە خۆیان بۆ ئامادەکردووە، چونکە لە هەڵبژاردنەکەی پێشوودا سندووقەکانی دەنگدان زەنگێکی ترسناکیان بۆ هەندێک حیزب لێدا.

سلێمانی، بەراورد بە پارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا گەرموگوڕییەکی زۆر بەخۆیەوە دەبینێت و بەدرێژایی وادەی بانگەشە پڕدەبێت لە هاتوهاواری لایەنگرانی لایەنەکان. بۆ هەڵبژاردنەکانی 30ی نیسانی ئەمساڵ یەکێتی و گۆڕان هەڵپەی بەدەستهێنانی پلەی یەکەمیانە و پارتی و یەکگرتووش سێیەمی سلێمانی یەکلایی دەکەنەوە.

عوسمان کاروانی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی گوت "لە ساڵی 2010ەوە دەنگەکانمانی ئێمە بە ژمارەیەکی زۆر لە پێش پارتییەوەیە، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش لە 21ی ئەیلولی ڕابردوو هەر لەپێشیانەوە بووین، بەڵام بەهۆی هەندێک هەڵەوە دەنگەکانمان بەکەمتر بۆ هەژمار کرا".

بەڵام بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنەکانی پارتی لەسلێمانی ئەو قسانە ڕەتدەکاتەوە و پێیوایە حیزبەکەی ئەو لەپێشتر بووە. ڕزگار ئەژی گۆڕان بە (ڕووداو)ی گوت "ڕاستە لەساڵی 2010 یەکگرتوو بە چەند هەزار دەنگێکی کەم لەپێش ئێمە بوون، بەڵام لە هەڵبژاردنەکەی ڕابردوو ئێمە دەنگەکانمان زۆر زیاتر بوو لە یەکگرتوو".

هەڵبژاردنەکەی 21ی ئەیلولی ڕابردوو ڕیزبەندی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانی گۆڕی، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە تاوەکو ڕۆژێک پێش ئەو هەڵبژاردنە حیزبی دووەم و ڕکابەری پارتی بوو، بووە حیزبی سێیەم و بزووتنەوەی گۆڕان کە تەمەنێکی کەمی هەیە، بووە دووەم حیزبی کوردستان.

چەند خولەکێک دوای کۆتاییهاتنی ئەو هەڵبژاردنە، ڕاگەیاندنەکانی سەر بە بزووتنەوەی گۆڕان هەواڵی بەدەستهێنانی پلەی یەکەمی پارێزگای سلێمانییان بۆ بزووتنەوەکەیان ڕاگەیاند، دواتر ڕێکخەری گشتی گۆڕان لە وتەیەکدا پیرۆزبایی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکان و بەدەستهێنانی پلەی یەکەمی کرد.

دواتر یەکێتی نیشتیمانی پیرۆزبایی لە لایەنە براوەکان کرد و دانیشی بەوەدا نا کە خەڵک لەو قۆناغەدا لە ئەدای یەکێتی ڕازی نەبوون، لە نیوە شەویشدا هەواڵی هەوڵی دەستکاریکردنی سندووقەکانی دەنگدان لە ناوەندی جیاکردنەوەی دەنگەکان (ئەلبیسەکەی سلێمانی) بڵاوبووەوە.

ئەندامەکەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە فراکسیۆنی یەکگرتوو دەڵێ "بەڵگەمان لایە کە ئەو شەوە یەکێتی دەستکاری دەنگەکانی کردووە و نزیکەی 7 هەزار دەنگی یەکگرتوو کەمی کردووە" بۆیە دەڵێت "دەنگەکانی یەکگرتوو لەکۆتاییدا بە بەراورد بەو ڕێژەیەی کە بریکارەکانمان لە نێو بنکەکانەوە پێیاندابین لەچاو پارتی کەمی کرد". بەڵام ڕزگار ئەژی دەڵێت "دەستکاری دەنگی هەموو حیزبەکان کراوە، نەک تەنیا یەکگرتوو، بۆیە کەمکردنەکە ئەوانیشی گرتووەتەوە".

بڕیارە لە 30ی نیسانی داهاتوو، هەردوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە یەک کاتدا بەڕێوەبچن. 34 پارتی سیاسی و یەک هاوپەیمانێتیش کێبڕکێ بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگی خەڵک دەکەن.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە بەم دواییە بەهۆی دواخستنی کۆنگرەی چوارەمییەوە تووشی شڵەژانێکی نێوخۆیی هات، بۆ ئەو هەڵبژاردنە لەبەردەم چەند تەحەدایەکی گەورەدایە، گرنگترینیان تۆڵە سەندنەوەی هەڵبژاردنەکەی ڕابردووە لە بزووتنەوە نیللییەکە و هاوکات کۆکردنەوەی نێومالی خۆی.

پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر لەساڵی 2004، بە قورساییەکی زۆرەوە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و جگە لە دامەزراندنی ئەنجومەنێکی سەرکردایەتی، چەند داو و دەزگایەکی دیکەشی پێکهێناوە، ئەو پارتە کە هەندێک کەس بە دەوڵەمەند و دەستکراوە لەگەڵ دۆست و ئەندامەکانی نێوی دەبەن، سەرقاڵی زنجیرەیەک پلانی نوێیە بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا پلەی سێیەم لە سلێمانی بۆ خۆی مسۆگەر بکات.

بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی پارتی لە سلێمانی دەڵێت "بەپێی ئەو خۆئامادەکردن و ڕێوشوێنە نوێیانەمان و بەپێی ئەوەی دەنگدەرانی ئێمە زیاتر هۆشیار بوونەتەوە، چاوەڕێیین بۆ 30ی نیسان پارێزگاری لە پلەکەی خۆمان بکەین بەدەنگ و ئاستی بەرزترەوە".

بەڵام یەکگرتووش دەڵێ "ئێمە لەپارتی دەبەینەوە". عوسمان کاروانی دەڵێ یەکگرتوو وەک چۆن لە ڕابردوودا بەشێوەی جیاواز لەوانی دیکە بانگەشە و کاری بۆ هەڵبژاردنەکان کردووە، بۆ ئەمجارەش بەهەمانشێوەی ڕابردوو دەبن "دڵنیاین ئەو ڕاستییە بۆ برایانی پارتی دەسەلمێنین کە ئێمە سێیەمی سلێمانین نەک ئەوان".

هەر چۆنێک بێت ڕۆژانی هەڵبژاردن وردە وردە نزیک دەبنەوە و هەموو ئەو حیزبانەی کە هەڵبژاردنەکەی یەکەم ڕۆژی پایزی 2013 گەڵای بەختی هەڵوەراندن، بۆ بەهاری ئەمجارە دەیانەوێت چەپکە گوڵی سیاسەتیان بە گەشی پێشانی هەوادارانیان بدەن.



بانگەشەی هەڵبژاردن لەبەردەم لقی 4ی پارتی لە سلێمانی

(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

# کۆنگرەش نەیتوانی سەرکردەکان بگێڕێتەوە ناو گۆڕان

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو– سلێمانی**

زیاتر لە ساڵێک بەسەر دوورکەوتنەوەی سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕاندا تێپەڕیوە و تاوەکو ئێستاش ئامادەنین بگەڕێنەوە سەرکاری خۆیان، هەرچەندە پێشتر بەشداریی کۆنگرەی یەکەمی بزووتنەوەکەشیان کرد لە شاری هەولێر. یەکێک لەو سەرکردانە دەڵێ "ئەوەی کاتی خۆی تێبینیمان لەسەری هەبووە، تاوەکو ئێستاش وەک خۆی ماوەتەوە".

دوای دامەزراندنی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، هەریەکە لە قادری حاجی عەلی، عوسمانی حاجی مەحموود، سالار عەزیز، عوسمان بانیمارانی و سەلاح ڕەشید کە لە سەرکردە دیارەکانی بزووتنەوەی گۆڕان دادەنرێن، چوونە ماڵەوە.

سەلاح ڕەشید، بەرپرسی پێشووی ژووری پەیجوری بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی گوت "ڕاستە ئێمە بەشداری کۆنگرەمان کرد و پێشتریش بەشداریی بانگەشەی هەڵبژارنمان کرد، بەڵام هێشتا نەگەڕاوینەتەوە سەرکاری خۆمان". گوتیشی "کەس پەیوەندی پێوە نەکردووین و من وەک خۆم کەس لەوبارەیەوە گفتوگۆی لەگەڵ نەکردووم".

لە چەند سەرچاوەیەکی نزیک لەو سەرکردانەی بزووتنەوەی گۆڕانەوە، زانیاری دەست (ڕووداو) کەوتووە کە نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەکە چەند جارێک هەوڵی لەگەڵ قادری حاجی عەلی و عوسمانی حاجی مەحموود و سالار عەزیز داوە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر کاری خۆیان، بەڵام ئەوان، بەتایبەتی قادری حاجی عەلی و سالار عەزیز، تێبینییان لەسەر شێوازی کارکردنی خودی ڕێکخەری گشتی هەیە.

سەرچاوەکە گوتیشی "قادری حاجی عەلی، نایەوێ ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان بەشێوەی تاکڕەوانە بڕیار بدات و هەر لە سەرەتاشەوە ڕەخنەی لە شێوازی پێکهێنانی جڤاتی نیشتمانی هەبوو".

ڕۆژی 2013/1/12 بڕیار بوو جڤاتی نیشتمانی گۆڕان کۆببێتەوە و ئەو سەرکردانەش بەشداریی بکەن، بەڵام بەشدارییان نەکرد، هەرچەندە کۆبوونەوەکە دواخرا بۆ کاتێکی دیکە، بەڵام هەر نەگەڕانەوە. عوسمان بانیمارانی دەڵێ "ئێمە هەر گۆڕانین و گۆڕانخوازین، بەڵام لە ماڵەوە دانیشتووین و نامەوێ لەوە زیاتر قسە لەو بارەیەوە بکەم".

هەریەکە لە قادر حاجی عەلی، سەلاح ڕەشید، عوسمان حاجی مەحموود و عوسمان بانیمارانی، بەشداریی کۆنگرەی یەکەمیان کرد و لەسەر داوای نەوشیروان مستەفا چوونە نێو کۆنگرە، بەڵام سالار عەزیز بەشداریی نەکرد و هەرچەندە ئەوکات گوتی دواتر هۆی بەشدارینەکردنم ڕووندەکەمەوە، بەڵام هێشتا دەڵێ "جارێ نامەوێ لەو بارەیەوە قسە بکەم تاوەکو کاتێکی دیکە، من هێشتا لەماڵی خۆمم و بۆ خۆم دانیشتووم".

هەر بەپێی زانیارییەکان پێشتر چەند جارێک نەوشیروان مستەفا، بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ قادری حاجی عەلی و عوسمانی حاجی مەحموود کردووە و کەسی نزیکی هەردوولاشی ناردووەتە لایان، بەڵام ئەوان سوورن لەسەر هەڵوێستی خۆیان و تاوەکو ئێستا لە ماڵەوەن، هەرچەندە جارجار یەکدیش دەبینن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، بەڵام هەردوولا دەڵێن ئەو یەکدی بینینانە لە چوارچێوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتییە.

سەفین مەلا قەرە، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان ڕەتیدەکاتەوە ئەوان زوویر بووبن و دەڵێ "کاری خۆیان دەکەن و هێشتا سەرکردەی نێو بزووتنەوەی گۆڕانن و گەڕاونەتەوە سەرکاری خۆیان". بەڵام هەریەک لەو سەرکردانە کە (ڕووداو) قسەی لەگەڵ کردوون، جەختیان لەوە کردەوە کە نەگەڕاونەتەوە سەرکاری خۆیان.

مام ڕۆستەم بازیانی، یەکێک لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی گوت "هەوڵ هەیە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ کارەکانی خۆیان و ئەوان هێشتا هەر گۆڕانن وەک من". بازیانی هەروەها دەڵێ "گەڕانەوە سەرکار بەوە نییە کە کارێکت بەدەستەوەبێ، ئەوەتا من دەوامیش دەکەم و گۆڕانیشم و هیچ کارێکیشم نییە". ناوبراو گوتیشی "لە داهاتوویەکی نزیکدا لەوانەیە هەوڵیان لەگەڵ بدرێ بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان".



سەرکردە ناڕازییەکانی گۆڕان هێشتا لە ماڵەوەن

(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

رووداو کوردستانی
ژمارە (299) دووشەممە 2014/2/24

## عەدنان حەسەنپوور بۆ سیستان و بلووچستان دوورخرایەوە



**رووداو- مەریوان**

کەمپینی داکۆکی لە مافی گیراوانی سیاسی و مەدەنی رایدەگەیەنێت رۆژنامەنووسی بەندکراو عەدنان حەسەنپوور، رۆژی دووشەممەی رابردوو بۆ گرتووخانەی زابۆل لە سیستان و بلووچستان دوورخراوەتەوە. دوورخستنەوەی ئەو رۆژنامەنووسە لە کاتێکدایە ناوبراو لە چەند سالی ڕابردوودا ئیزنی پێنەدراوە کەسوکارەکەی ببینێت. عەدنان حەسەنپوور، لە سالی 2007 لە لایەن ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەستگیر کراو سزای لە سێدارەدانی بەسەردا سەپێندرا. دوای سزای لە سێدارەدانەکەی هەلوەشێندرایەوە و کرا بە 16 سال زیندانی.

# لوڕی بەختیاری پەخشی درامایەک لە ئێران رادەگرن

**ئومێد بەرین**
**رووداو- هەولێر**

پەخشی درامای مێژوویی "سرزمین کهن" واتە نیشتمانی کۆن کە لە دەرهێنانی سینەماکاری ناوداری ئێران کەمال تەبریزییە و لە تەلەڤزیۆنی فەرمیی ئێران پەخش دەکرێت، نارەزایی و خۆپێشاندانی لوڕی بەختیاری بەدوای خۆیدا هێنا کە لە بەشی باشووری رۆژهەلاتی کوردستان نیشتەجێن.

دراماکە گێڕانەوەی چیرۆکی بەرگری نەتەوەکانی ئێرانە لە بەرامبەر هێزی داگیرکەری بەریتانیا، لەگرتەیەکی دراماکەدا فڕۆکەکانی بەریتانیا هێرش دەکەنە سەر خەلک و مەلا رەزای بەختیاری، کەسایەتی ناوداری هۆزی بەختیاری لە سەردەمی مەشروتەخوازیدا (حکومەتی پاشایەتی مەرجدار) دەکوژرێ، بەلام ئەوەی زۆرتر ئەوانی تووڕە کردووە بەکارهێنانی هەندێک دیالۆگە کە لە روانگەی هۆزی بەختیارییەوە بێڕێزییە بە ئەوان.

هەر لە سەرەتای پەخشی دراماکەدا هۆزی بەختیاری خۆپێشاندنیان کرد، سەرەتا دەرهێنەری ئەو درامایە داوای لە هۆزی بەختیاری کرد کە ئارام بگرن و چاوەڕێی ئەلقەکانی داهاتووی دراماکە بن و داوای لێبووردنیشی لە هۆزی بەختیاری کرد ئەگەر پێیانوابێت بێڕێزییان بەرامبەر کراوە، بەلام خۆپێشاندانی نارەزایی بە خێرایی گەورە بوون و هەموو باشووری رۆژهەلاتی کوردستانی گرتەوە.




رۆژی 15ی شوبات 60 نوێنەری پەرلەمانی ئێران لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکی رێکخراوی رادیۆ و تەلەڤزیۆنی حکومیی ئێران داوایان لێکرد رێگە لە سووکایەتیکردن بە هۆزی بەختیاری بگرێت و پەخشی درامای نیشتمانی کۆن رابگرێ و ئەو کەسانەی دەستیان هەبووە لە بەرهەمهێنانی ئەو درامایە سزا بدرێن.

ئیسماعیل جەلیلی، نوێنەری شارەکانی مەسجد سولەیمان، لالی و ئەندیکای ناوچە کوردستانییەکانی پارێزگای خوزستان لە پەرلەمانی ئێران، رایگەیاند کە لەو فیلمەدا راستییەکان شێوێندراون و بێڕێزی بە بەختیارییەکان کراوە.

هەروەها رۆژی 16ی مانگ لە شارەکانی دێزفول، ئەندیمێشک، ئیزە، مەسجد سولەیمان، شاری کورد، ئالی گودەرز و خورەم ئاوا و چەند گەورە شارێکی ئێران لەوانە ئیسفەهان و ئەهواز کە رێژەیەکی زۆری کوردی لوڕیان لێ نیشتەجێن، خۆپیشاندان لە دژی پەخشکردنی دراماکە بەڕێوەچوو.

خۆپێشاندەران دروشمیان دەدا کە "بێڕێزی بە بەختیاری، بێڕێزییە بە ئاریایی" و "بێڕێزی بە بەختیاری بکرێ، لە ئێران قیامەت هەلدەستێ". هەروەها داوای راوەستانی پەخشی درامای نیشتمانی کۆنیان کرد.

بەختیاری تیرەیەکن لە لوڕ کە لە باشووری رۆژهەلاتی کوردستان نیشتەجێن و ژمارەی دانیشتووانیان زیاترە لە 7 ملیۆن کەس. لوڕ بەگشتی لە ناوچەکانی لوڕستان، کەهگیلویە و بۆیەرئەحمەد، چوارمحال، بەختیاری، خوزستان، ئیسفەهان، بوشێهر و فارس نیشتەجێن، واتە ناوچەکانی باشووری زنجیرە چیای زاگرۆس.

بەپێی ئامارە فەرمییەکانی حکومەتی ئێران، هۆزی بەختیاری بە ژمارە زیاتر لە ملیۆنێک و 500 هەزار کەسە.

چالاکڤانانی رۆژهەلاتی کوردستان دەلێن بەختیارییەکان بەهۆی بەڕێوەبردنی سیاسەتی تواندنەوە لەسەردەمی پاشایەتی قاجارەوە تا ئێستا و شێواندنی مێژوو لەلایەن نووسەرانی سەر بە دەسەلات و هەروەها پشتگوێخستنیان لەلایەن دەستەبژێری سیاسیی کوردەوە، لە بزووتنەوەی کوردی دابراون.

ئەوە یەکەمجار نییە کە دەزگاکانی راگەیاندن لە ئێران تۆمەتی بێڕێزیکردن بە هۆزێک یان نەتەوەیەکیان دەخرێتە پال، بێڕێزیکردن بە یارسانەکان لە پارێزگای کرماشانی رۆژهەلاتی کوردستانیش لە کۆتایی سالی رابردوودا بووە هۆکاری ئەوەی 3 کەس لە باوەڕمەندانی ئەو ئاینە ئاگر لە جەستەی خۆیان بەربدەن، هەروەها لە رۆژنامەیەکی حکومیدا بێڕێزی بەرامبەر بە ئازەرییەکان کرابوو، بەلام کاربەدەستانی حکومی ئەمجارە بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو هەلسوکەوتیان لەگەل هۆزی بەختیاری کرد.

عەبدولڕەزا رەحمانی فەزلی، وەزیری ناوخۆی کۆماری ئیسلامی ئێران پاش خۆپێشاندانەکان لە پرێس کۆنفرانسێکدا رایگەیاند "لە خۆپێشاندانەکاندا هیچ تێکهەلچوونێک لە نێوان خەلک و هێزە ئەمنییەکان روویندداوە و خۆپێشاندانەکان هێمنانە بوون". لەبارەی پەخشی دراماکەش گوتی "ئەو درامایە دەبێ پێداچوونەوە و لێکۆلینەوەی لەسەر بکرێت تەنانەت ئەگەر پەخشیشی رابوەستێ".

عیزەتوللا زەرغامی، سەرۆکی رێکخراوی رادیۆ و تەلەفزیۆنی ئێران لە کاردانەوەیەکدا رایگەیاند "لە شەرمەزاربوونمان بەرامبەر هۆزی بەختیاری دەبێ پەنا بۆ خودا بەرین".

سەرئەنجام رۆژی 17ی مانگ لە دانیشتنی نوێنەرانی لوڕی پەرلەمانی ئێران و سەرۆکی رێکخراوی رادیۆ و تەلەفزیۆنی ئێران بڕیار درا پەخشی ئەو درامایە رابوەستێ و لێکۆلینەوەی لەسەر بکرێت.

---

# جاشەکان.. گرفتی چارەسەرنەکراوی باکووری کوردستان

**رووداو- ئامەد**

چارەنووسی "جەردەوان" یان "پاسەوانانی گوند" لە روانگەی دەولەتی تورکیاوە و "جاش" و "ناپاک" لە روانگەی لایەنگرانی پارتە کوردییەکانەوە لە باکوور بووە بابەتی راپۆرتێکی مالپەڕی بەناوبانگی ئیندیپێندێنتی بەریتانی. راپۆرتەکە تایبەتە بە رەوشی کورد لە باکووری کوردستان و چارەنووسی جەردەوانەکان ئەگەر پرۆسەی ئاشتی لەو ولاتە سەریگرت.

راپۆرتەکە دەلێت کە لە کۆتایی سالانی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکاندا کاتێک شەڕی نێوان PKK و دەولەت بەرەو توندی دەچوو، دەولەت پێویستی بە هاریکاری هەبوو، بۆ ئەمەش پارچە چەکێک و هەندێک مووچەی دەدایە دانیشتووانی ناوچە گوندنشینە کوردییەکان تاوەکو لەدژی PKK بجەنگێن. هەندێک لەو کوردانە بە خواستی خۆیان و ژمارەیەکی زۆرتریشیان لەژێر فشاری دەولەتدا ئەو چەک و مووچەیەیان قبول دەکرد.

وەک ئیندیپێندێنت ئاماژەی پێدەکات، ئێستا 80 هەزار کەس لە ریزەکانی ئەو چەکدارانەدان و تێکرای مووچەی مانگانەی هەر یەکێکیان نزیکەی 390 دۆلار دەبێت.

یەکێک لەو چەکدارانە بە ناوی سەیموس ئاکبولوت کە لە تەنیشت وێنەیەکی ئەتاتورک و ئالای تورکیاوە وەستابوو، دەیگوت "ئێمە ئەتاتورکمان خۆشدەوێت، دەولەت هەرچییەکی لە ئێمە بوێت، بۆی دەکەین".

ئاکبولوت کە لە کۆتایی پەنجاکانی تەمەنیدایە و ئێستا سەردەستەی چەند چەکدارێکە، دەشلێت "پێشتر لە کەرتی گەشتیاریدا کارم دەکرد و لە هەفتەیەکدا ئەوەندە دەستکەوتی ماددیم هەبوو کە ئێستا بە مانگێکیش پەیدای ناکەم. بەلام بەخواستی خۆم ئەم کارەی ئێستام هەلبژاردووە تاوەکو بەرگری لە خاکەکەم بکەم، تەنیا دەولەت مافی ئەوەی هەیە خاکەکەمان کۆنترۆل بکات".

وەک مالپەڕە بەریتانییەکە دەلێت، دوای هاتنەئارای پرۆسەی ئاشتی، ئیدی سیستمی "پاسەوانی گوندەکان" روو لە کۆتاییە، بەتایبەت دوای ئەوەی سالی پار عەبدوللا ئۆجەلان بڕیاری کێشانەوەی چەکدارانی PKKی لەناو تورکیا داو گوتی "گەیشتووینەتە خالێک کە ئیدی دەبێت چەکەکان بێدەنگ بکرێن".

نەسرین ئوجالار، پسپۆڕی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی بلگە کە لە سیستمی چەکدارکردنی جاشەکانی کۆلیوەتەوە، هێما بۆ ئەوە دەکات کە ئەم سیستمە لە دیموکراسییەتدا جێگایەکی نییە.

بەلام نەسرین نایشارێتەوە کە ئەو سیستمە بە ناخی کۆمەلگەدا رۆچووە و ئاسان نییە هەلبوەشێنرێتەوە. ئەو دەلێت پێشتر چەندین لایەنی سیاسی بەلێنی هەلوەشاندنەوەی ئەو سیستمەیان داوە، بەلام نەیانتوانیوە.

بەبێ دۆزینەوەی کار بۆ ئەو چەکدارانە لەدوای چەککردنیان، گرفتی بێکاری لە ناوچە کوردییەکاندا ئەوەندەی دیکە قوول دەبێتەوە و قەیران دروستدەکات.

نەسرین دەلێت "هەلوەشاندنەوەی ئەم سیستمە، پلانێکی تۆکمەی دەوێت، کەچی تاوەکو ئێستاش دەولەت نەک هەنگاوی نەناوە بەئاراستەی هەلوەشاندنەوەی ئەو سیستمە، بگرە ژمارەیەکی زۆرتریشی چەکدار کردوون".

سەیموس ئاکبولوت لە شاری میدیاتەوە جەختدەکاتەوە لەوەی هەروا بە ئاسانی چەک دانانێن، تاوەکو ئاشتی بە تەواوەتی بەرقەرار نەبێت.

گرفتێکی دیکەی ئەو چەکدارانە ئەوەیە کە دەترسێن لەوەی دوای چەکدانان PKK هەلی بێچەکیی ئەوان بقۆزێتەوە و تۆلەیان لێبکاتەوە.

یەکێکی دیکە لە چەکدارەکان باس لەوەدەکات کە ئەوان ئاشتییان دەوێت، بەلام سەلامەتیی خۆشیان مەبەستە "کێ دەلێت کاتێک چەک دادەنێین ناکەوینە بەر هەڕەشەی تۆلەکردنەوە؟ ئێمە دەبێت بۆ بەرگریکردن لە خۆمان، چەکەکانمان پێ بمێنێ".

نەسرین ئوجالار هەرچەندە لەگەل ئەوەیە ئەو ترسەی چەکدارەکان بەهەند وەربگیرێت، لەگەل ئەمەشدا پێیوانییە ترسێکی ئەوتۆیان لەسەر مابێت "راستە لە رابردوودا PKK زۆر توندبوو لەگەل ئەو چەکدارانە، بەلام ئیدی ئەو ترسە روو لە کۆتاییە، چونکە PKK ئێستا واقیعیترن".

ئیندیپێندێنت دەلێت ئەو کوردانەی ئامادە نەبوون بچنە ریزەکانی "پاسەوانی گوندەکان"ەوە، بە سووتاندنی گوندەکانیان و بەزۆر راگواستنیان بەرەو شارەکان باجەکەیان دەدا.



---



(فۆتۆ: ئەرزین حەسەن)

ئیسماعیل بێشکچی

# کورد دەبێ داوای ئەوە بکات کە تاوەکو ئێستا نەیبووە

**رووداو- ڤییەنا**

کۆمەلناسی ناسراوی تورک ئیسماعیل بێشکچی لە هەڤپەیڤینێکی رۆژنامەڤانیدا دەلێت کورد دەبێ داوای ئەوە بکات کە تاوەکو ئێستا نەیبووە، مەبەستی بێشکچی سەربەخۆییە کە وەک ئەو دەلێت کورد گەورەترین میللەتی سەر رووی زەوین تاوەکو ئێستا دەولەتیان نییە.

رۆژی 17ی شوبات رۆژنامەی "Die Presse"ی نەمسایی هەڤپەیڤینێکی لەگەل ئیسماعیل بێشکچی، کۆمەلناسی ناوداری تورک بلاوکردەوە. بێشکچی لەو هەڤپەیڤینەدا ئاماژە بە دەسەلاتی باشووری کوردستان دەدات و دەلێت، دەکرێ ببێتە نموونە بۆ باکووری کوردستانیش. ئەو گوتی "چارەسەری کێشەی کورد لە باکووری کوردستان لە سیستمێکی فیدرالیدایە. دەولەتیش مافێکی رەوای کوردە."

ئیسماعیل بێشکچی، زانستکار و کۆمەلناسی نێوداری تورک بەهۆی دەربڕینی بۆچوونی لەمجۆرە لەبارەی کێشەی کورد و پشتیوانیکردنی لە سەربەخۆیی کوردستان، ماوەی 17 سالی تەمەنی لە زیندانەکانی تورکیادا بەسەربردووە.

بێشکچی لە وەلامی پرسیاری ئەوەی کە "ئایا کورد لەسەر رێگەی پێشڤەچوونە؟"، دەلێ "کوردستانی گەورە لە سالی 1920 دابەشکرا. وەکو هەیکەلی مرۆڤێک پارچە پارچە کرا. هەلبەت نزیکەی 40 دەولەتی دونیا هەن کە ژمارەی دانیشتووانیان لە یەک ملیۆن کەمترە. ئەوە لە کاتێکدایە کە ژمارەی کورد نزیکەی 40 ملیۆنە و هێشتا دەولەتیان نییە".

بێشکچی درێژە بە قسەکانی دەدات و دەلێت "لەسەر ئاستی کۆمەلگەی نێودەولەتی دیارە هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر هەلوێستی ئەنتی- کورددا نەهاتووە. دەولەتە زلهێزەکانی ناوچەکە نێوانی لایەنە کوردییەکانیان تێکداوە، کوردیان دابەشکردووە و بۆ مەبەستی خراپ بەکاریاندەهێنن. ئامانجی ئێران، تورکیا، سووریا و عێراقی سەردەمی سەدام نەسەلماندنی مافی کورد بووە. نوێنەرانی کورد دەبێ ئەمەیان لەبیربێت بۆ بەهێزکردنی یەکێتی نێوخۆییان."

بێشکچی هەروەها دەلێت "ئەگەر بەشێکی کوردستان رێککەوتنێک لەگەل دەولەتێک بکات، دەبێ کاربەدەستانی کورد ئاگایان لەوە هەبێت کە ئەو رێککەوتنە زیانی بۆ بەشەکانی دیکە نەبێت، یانیش کەمترین زیانی هەبێت. کورد دەبێ هەولی گۆڕینی دۆخی خۆیان بدەن، داوای قەوارەیەکی وەکو ئەوەی باشووری کوردستان بکەن کە حکومەتێکی ئۆتۆنۆمی هەیە. هەروەها وەکو رۆژئاوای کوردستان کە ئەویش لەسەر رێچکەی باشوور دەڕوات. من لە تورکیا داوای فیدراسیۆنێک دەکەم بۆ کوردستانێکی فیدرال. کوردستان ولاتێکی زۆر گەورەیە، بۆچی ئەمڕۆ دەولەتیان نەبێت."

بێشکچی لە وەلامی ئەوەی کە "تورکیا هەرگیز قبوول ناکات خاکەکەی دابەش بکرێت، ئایا لەسەر ئەرزی واقیع ئەوە چۆن دێتەدی؟" دەلێت "کورد دەبێ داوای ئەوە بکات کە تاوەکو ئێستا نەیبووە".

بێشکچی پێشتر لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەل (رووداو) گوتبووی "سەدەی 21 سەدەی کوردە". بێشکچی پێیوایە زۆر گرنگە کورد یەکێتی نێوخۆییان بەهێز بکەن و لەسەر ئاستی نێودەولەتیش ئەو پرسیارە بورووژێنن کە: "بۆچی لوکسمبۆرگ، بە ژمارەی دانیشتووانی کەمتر لە یەک ملیۆن کەسەوە خاوەنی دەولەتە، بەلام 40 ملیۆن کورد ناتوانن ببنە خاوەنی دەولەت؟". د. ئیسماعیل بێشکچی، لەبارەی ئەوەی کە ئایا ئەم سەدەیە دەبێتە سەدەی کورد؟ دەلێ "بەلێ، من وای دەبینم کە ئەم سەدەیە سەدەی کوردە"، بەلام لە هەمانکاتیشدا دەلێ ئێستا چانسی دروستکردنی دەولەتی کوردی نییە و ئەو دەرفەتە لە سەدەی رابردوودا لەدەست کورد چوو.

رووداو
کاروباری سیاسی
ژمارە (299) دووشەممە 2014/2/24

## نوری مالیکی کارتی دەنگدانی وەرگرت



**رووداو- بەغدا**
رۆژی 2014/2/23 نوری مالیکی، سـەرۆک وەزیرانی عێراق سـەردانی بنکەی وەرگرتنەوەی کارتی ئەلیکترۆنیی دەنگدانی کرد و کارتی خۆی وەرگرتەوە. هەریەک لە کاتع زەوبەعی، جێگری سـەرۆکی ئەنجومەنی کۆمسـیارانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و میقداد شەریفی، سەرۆکی بازنەکانی هەڵبژاردن لە پێشوازی مالیکیدا بوون. مالیکی داوای لە سەرجەم لایەنە سیاسییەکان کرد، لایەنگر و هاوڵاتیان هان بدەن کارتەکانیان وەربگرنەوە و بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بکەن.

### حاکم قادر حەمەجان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:

# ئەم مانگە پێکهێنانی حکومەت یەکلایی دەبێتەوە



● لە نێوان وەزارەتی ناوخۆ یان پێشمەرگە وەزارەتێکیان بە مافی خۆمان دەزانین

لە کاتێکدا هەندێک بەرپرسی نێو لایەنە براوەکانی هەڵبژاردن باسی یەکلابوونەوەی پۆستە سیادییەکانی حکومەتی نوێ دەکەن، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە هاوکات ئەندامی شاندی گفتوگۆکاری یەکێتییە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ دەڵێت "جارێکی دیکە دانیشتن و گفتوگۆ دەکەینەوە، قسەکردن لە بەرنامەی سیاسی و پۆستە سیادییەکان نزیکی ساغبوونەوەن". حاکم قادر حەمەجان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە لەرێگەی ئیمەیلەوە وەڵامی پرسیارەکانی (رووداو)ی داوەتەوە، لەبارەی پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت کە دەگوترێ داوا کراوە کەسێکی خەڵکی سلێمانی وەریبگرێ، گوتی "ئێستا چەند پۆستی گرنگ هەن بەدەستی خەڵکی سلێمانییەوە نین".

هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود

**رووداو: گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەت گەیشتوونەتە کوێ؟**
**حاکم قادر:** پرۆسەی گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەت بەردەوامە، لە چەند رۆژی داهاتوودا وەک لیژنەی دانوستاندن جارێکی دیکە دانیشتن و گفتوگۆ دەکەینەوە، قسەکردن لە بەرنامەی سیاسی و پۆستە سیادییەکان نزیکی ساغبوونەوەن و دابەشکردنی پشکی وەزارەتەکان و ئالیەتی کاری داهاتوویان گفتوگۆی دیکەی دەوێت و گەشبینین بەوەی بەمزووانە تەواو بکرێن.

**رووداو: دوای گفتوگۆتان لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان گوتتان کە زۆر ئیجابی بوو، بۆچی هێشتا گفتوگۆکانتان یەکلایی نەبوونەتەوە؟**
**حاکم قادر:** گفتوگۆکانمان لەگەڵ بەڕێز مەسعود بارزانی گرنگ و پێویست و دڵسۆزانە بوون، لەسەر زۆر لە بابەتەکانی تایبەت بە بارودۆخی عێراق و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و پرۆسەی سیاسی و حکومەت لە هەرێمی کوردستان گفتوگۆمان کردووە، دیدی خۆی و پارتی هەروەها دیدی ئێمە و یەکێتی کرایە تەوەری کۆبوونەوە و سەرنجەکانمان بەیەکدی راگەیاند بەمەبەستی هاوهەڵوێستی و پاراستنی دەستکەوتە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و گەشەپێدانیان. لە گفتوگۆکاندا بەڕێز مەسعود بارزانی سەبارەت بە دۆخی ئێستای (ی.ن.ک) پشتیوانی خۆی دووپات کردەوە.

**رووداو: پارتی نەخشەیەکی نوێی داناوە بۆ دابەشکردنی پۆستەکان، سەرۆکی پەرلەمان و 3 وەزارەتی دیکە بەر ئێوە دەکەون، ئێوە بەوە رازی دەبن؟**
**حاکم قادر:** دانانی نەخشە لەلایەن پارتی یان هەر لایەنێکی دیکە بۆ گفتوگۆیە، چونکە هیچ لایەنێک بەتەنیا ناتوانێت بڕیار بدات، مەسەلەی سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکایەتییەکی گرنگە وەک سەرۆکایەتییەکانی دیکە، هەر یەک لە سەرۆکایەتییەکانی دیکەش گرنگن، ئێمە داوای جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانمان کردووە، لەگەڵ دوو وەزارەتی گرنگ، لەگەڵ چەند وەزارەتێکی دیکە، ئەمانە هەمووی گفتوگۆ و دانوستاندنیان لەسەر دەکرێت، تاوەکو ئێستا پۆستەکان بەتەواوی یەکلانەکراونەتەوە، گرنگ ئەوەیە ئیرادەی دانوستاندن لەسەر بنەما گرنگە نیشتمانییەکان حەقیقی بێت بۆ زووتر و باشتر پێکهێنانی حکومەت.

**رووداو: پارتی ئەو نەخشەیەی نەناردووە بۆ ئێوە؟**
**حاکم قادر:** هیچ نەخشەیەکی دیاریکراو بۆ ئێمە نەهاتووە.

**رووداو: داواتان کردووە وەزارەتی ناوخۆ بۆ یەکێتی بێت، ئێوە سوورن لەسەر وەرگرتنی ئەو وەزارەتە؟**
**حاکم قادر:** ئێمە لە نێوان وەزارەتی ناوخۆ یان پێشمەرگە، وەزارەتێکیان بە مافی خۆمان دەزانین و داواشمان کردووە.

**رووداو: دوای جێگری سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی پەرلەمان، ئێستا بۆچی وەزارەتی ناوخۆ بووەتە کێشەی نێوان لایەنەکان؟ ئایا وەزارەتی ناوخۆ ئەوەندە گرنگە؟**
**حاکم قادر:** بۆ پۆستەکان، سەرۆکی پەرلەمان، جێگری سەرۆکی حکومەت، وەزارەتی ناوخۆ و هەموو وەزارەتێک گرنگە، گرنگیشیان بەستراوە بە بەرنامە و خزمەتکردنی ئەو وەزارەتەوە بەپێی تایبەتمەندی وەزارەتەکەش، واتە ئەو وەزارەتە بەپێی بەرنامەکەی چی بۆ خەڵک دەکات، لە بواری خزمەتگوزاری و پاراستنی ئارامی و ئاسایشدا.

**رووداو: ئێستا کام پۆست لەناو حکومەت یەکلایی بووەتەوە؟**
**حاکم قادر:** سەرجەم پۆستە وەزارییەکان گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت و تاوەکو ئەمڕۆ 2014/2/22 کە من وەڵامی پرسیارەکانی ئێوە دەدەمەوە، هیچ پۆستێک بەتەواوی یەکلا نەکراوەتەوە.

**رووداو: لەو بڕوایەدان تاوەکو کۆتایی ئەو مانگە حکومەت پێکبێت؟**
**حاکم قادر:** بەڵێ، پێموایە ئەم مانگە پێکهێنانی حکومەت یەکلایی دەبێتەوە.

**رووداو: هەوڵەکان بۆ دەستبەکاربوونەوەی جێگرانی سەرۆک تاڵەبانی بەکوێ گەیشت؟**
**حاکم قادر:** هەوڵەکان بەردەوامن و بەردەوامیش دەبن بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانمان.

**رووداو: ئەوان داوای دیاریکردنی رۆژی بەستنی کۆنگرەیان کردووە بە زوویی، ئەو داواکارییە هێندە قورسە جێبەجێ نەکرێ؟**
**حاکم قادر:** بەستنی کۆنگرە، بڕیاری

## ● سەرجەم پۆستە وەزارییەکان گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت و هیچ پۆستێک یەکلایی نەبووەتەوە

چوارەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، دواخستنیشی بە پلەی یەکەم بەهۆی هەڵبژاردنەکانەوەیە، کۆنگرەش لە چەند مانگی داهاتوودا دەبەستین، دیاریکردنی رۆژی کۆنگرەش هێندە قورس نییە، گرنگ بەستنیەتی بۆ ئێستا و ئایندەی یەکێتی و نوێبوونەوەی کە بتوانێت وەزیفەی ئەم قۆناغە بۆ داهاتوو بەسەرکەوتوویی بەجێ بگەیەنێت. واتا ئێمە کۆنگرەمان ناوێت تەنیا بۆ ناوەکەی، بەڵکو ناوەڕۆکەکەی و دەرئەنجامەکانی و نەخشەڕێگاکەی بە گرنگتر و پێویستتر دەزانین.

**رووداو: دوای هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، تەنانەت نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراقیش ئامادەیی خۆی نیشانداوە کە هاوکاری یەکێتی بکات، مالیکی خۆی ئەو دەستپێشخەرییەی کردووە؟**
**حاکم قادر:** بەگشتی سوپاسی هەموو هەوڵێکی دۆستانە دەکەین بۆ هەڵوێست و دڵسۆزییان.

**رووداو: بەبڕوای تۆ مالیکی ئەوەندە کاریگەریی هەیە کە بتوانێ هاوکاری یەکێتی بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی؟**
**حاکم قادر:** هەڵوێستێکی دۆستانەیە، جەخت دەکەینەوە کە سوپاسی هەموو هەوڵێکی دۆستانە دەکەین.

## ● سوپاسی هەڵوێستی دۆستانەی مالیکی دەکەین

**رووداو: دەگوترێ تۆ پێداگیری دەکەی لەسەر ئەوەی جێگری سەرۆکی حکومەت ئەمجارە بۆ کەسێکی خەڵکی سلێمانی بێ؟**
**حاکم قادر:** جێگری سەرۆکی حکومەت و هەر پۆستێکی دیکە بێت، گرنگ لای ئێمە ئەوەیە بەکاربهێنرێت بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیان و هەرێمی کوردستان، یەکێتی حیزبێکی کوردستانییە، هەر کەس ئەو توانایەی هەبێت کە ئەرکێک یان پۆستێک بەباشی بەڕێوەببات، ئەمە گرنگ و پێویستە، ئەگەر پۆست بەپێی ناوچە و ژمارەی خەڵکی ناوچەکە بێت، سروشتییە بە کەسێکی یەکێتی بدرێت، با خەڵکی سلێمانیش بێت. ئێستا چەندین پۆستی گرنگ هەن بەدەستی خەڵکی سلێمانییەوە نین، چونکە یەکێتی حیزبێکی کوردستانییە، من خۆم بە نوێنەری هەموو ئەندام و کادر و دۆست و هەوادارێکی یەکێتی دەزانم لە ریزی یەکێتیدا. ئاگابوون لە خەڵکی سلێمانی بەتایبەتی لەم دۆخەدا بە باش و پێویست دەزانم. لە ژیانمدا و لە کاری سیاسیدا هیچ کاتێک بڕوام بە ناوچەگەری و شارچێتی نەبووە و لە هەمانکاتیشدا هەرگیز لەگەڵ پەراوێزخستنی هیچ ناوچەیەکیشدا نەبووم و نیم. حیزبی سەرکەوتوو دەبێت سەرجەم شار و ناوچەکان وەک یەک لەبەرچاوبگرێت و مافی هیچ ناوچەیەکیش نەداتە ناوچەیەکی دیکە. بەم تێڕوانینەش نەتەوە لەسەر بنەمای نیشتمانێک بۆ هەمووان پێکدێت.

**رووداو: تاوەکو چەند گەشبینی بەوەی حکومەتێک پێکبێت کە هەر 5 لایەنەکەی تێدابێ؟**
**حاکم قادر:** گەشبینم بە پێکهێنانی حکومەت. لای من، بینینی نوێ لەسەر بنەمای واقیع سەرکەوتوو دەبێت، هەر بۆیە ئەو بینینە سەرکەوتووە بۆ داهاتووی نیشتمان کە زۆرینە ئەرکی حوکمڕانی بگرنە ئەستۆ لە پێناو پاراستنی تەواوی دەستکەوتەکانی گەلەکەمان و پێشخستنیان بۆ بەدەستهێنانی مافی زیاتر و خزمەتی زیاتر.

## ● تەنیا لیژنەی پەیڕەو و پرۆگرام کاری خۆی تەواو نەکردووە

**رووداو: تۆ سەرپەرشتی لیژنەکانی ئامادەکاریی کۆنگرەت دەکرد، ئایا لیژنەکان لە کاری خۆیان بەردەوامن یان وەستان لە کارکردن؟**
**حاکم قادر:** لە مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بۆ بەستنی کۆنگرە و پلینۆمەکانی کۆمیسیۆنی وا دروست نەبووە کە پێش کۆنگرە بەچەند مانگێک و پاشان چەندین لیژنە پێکبێت، لیژنەکان کار و ئەرکی زۆریان کردووە و زۆر ماندووبوون، ئەرک و کارەکانیان بەرز دەنرخێنین، زۆرینەیان پرۆژەکانیان بۆ کۆنگرە ئامادە کردووە، تەنیا لیژنەی (پەیڕەو و پرۆگرام) نەبێت، ئەویش کاری زۆرباشی کردووە، بەڵام ئەم لیژنەیە پێویستی بە گفتوگۆ و بەشداربوونی زیاترە.
ئەم لیژنانە بەوپەڕی راشکاوییەوە کاریان کردووە، تەنیا بۆ ئەندام و کادر و دۆست و لایەنگرانی یەکێتیی نەبوون، بەڵکو هەمووکەسێک بۆی هەبووە بەشدارییان تێدا بکات و بەدید و تێڕوانین و بۆچوونی باش پرۆژەکە دەوڵەمەند بکات، لەبەر ئەوە وەک ئەوە وایە هەموو ئەندامان لە کۆنگرەدا بن و بەشداری راستەوخۆ بکەن لە گفتوگۆکاندا بۆ دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکان، پێشتر ئەم لیژنانە لەناو کۆنگرەدا هەڵدەبژێردران و دادەنران، بەڵام ئێستا پێش کۆنگرە دانراون. تەواوی لیژنەکان لە کەسانی شارەزا و دڵسۆز و کارا پێکهاتبوون.

**رووداو: هەواڵی خۆشتان لایە بۆ لایەنگرانی یەکێتی؟ دەگوترێ چەند لیژنەیەکتان پێکهێناوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێوخۆییەکان، ئەو لیژنانە دەستبەکار بوون؟**
**حاکم قادر:** بەڵێ هەواڵی خۆشمان دەبێت و لیژنەمان هەیە و دانیشتن و گفتوگۆکانیشمان بەردەوامە، ئێمە لەپێناو پاراستنی یەکێتی و یەکریزیی یەکێتیدا گەشبینین و لەو پێناوەشدا کار دەکەین، بە ئەرک و کارە لە پێشینەکانیشی دەزانین.

## لە بەرامبەر وەرنەگرتنی ناوخۆ و پێشمەرگە

# پۆستێکی سەربازی نوێ بۆ یەکێتی دروستدەکرێ

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

ئەو حکومەتە بنکەفراوان و نیشتمانییەی لە گەڕی یەکەمی دانوستاندنەکاندا لایەنەکان قسەیان لەبارەوە دەکرد، زیاتر لە 5 مانگە جێی مشتومڕ و هەندێجاریش لە ناوەڕاستی پرۆسەی دانوستاندنەکاندا، خەریک بوو گفتوگۆکان بگەڕێنەوە بۆ خاڵی سەرەتا، بەهۆی پێداگیریی بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی لەسەر جێگری سەرۆکی حکومەت. بەڵام ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی دەڵێت "پۆستە سیادییەکان یەکلایی بوونەتەوە و نزیکین لە رێککەوتنی کۆتایی".

ئەو رێککەوتنە کۆتاییەی بەرپرسەکەی پارتی باسیدەکات لە کاتێکدایە کە وەک خۆی دەڵێ رێگایەک دۆزراوەتەوە بۆ رازیکردنی یەکێتی تاوەکو پۆستێکی بەرزی سەربازی پێبدرێ لە بەرامبەر رازیبوون بەوەی پۆستی وەزارەتی ناوخۆ بدرێتە گۆڕان و وەزارەتی پێشمەرگەش بۆ پارتی بێت.

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی پارتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، زانیاری زیاتری دایە (رووداو) و گوتی "ئەمڕۆ دووشەممە مەکتەبی سیاسی پارتی بەمەبەستی یەکلاکردنەوەی وەزارەتەکان و وەڵامدانەوەی ئەو لایەنانەی دیکەش کە ناوی وەزارەتیان دابووە پارتی، کۆدەبێتەوە.

هەروەها پۆستە سەربازییە نوێیەکەی یەکێتیشی ئاشکرا کرد "پۆستی یاریدەدەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری پێشمەرگە دەدرێتە یەکێتی لە بەرامبەر ئەوەی وەزارەتی پێشمەرگە بدرێتە پارتی". کە ئێستا وەزیرەکەی یەکێتییە.

قادر حەمەجان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی باسی ئەنجامی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی دەکات لە رۆژی شەممە 2014/2/22 لە سلێمانی و دەڵێ "لە وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگە داوای یەکێکیانمان کردووە".

لەبارەی وەڵامی یەکێتی بۆ ئەو پۆستە نوێیەی پارتی باسیدەکات بدرێتە یەکێتی، قادر حەمەجان گوتی "لەوبارەیەوە هیچ شتێک بە رەسمی بە ئێمە نەگوتراوە و گفتوگۆمان لەگەڵ نەکراوە".

هەر بەپێی زانیارییەکان، پارتی دەیەوێ جگە لە وەزارەتی پێشمەرگە، هەریەک لەوەزارەتەکانی پەروەردە، شارەوانی، ئەوقاف، سامانە سروشتییەکان و وەزارەتێکی دیکەی خزمەتگوزاری وەربگرێت. بزووتنەوەی گۆڕانیش وەزارەتی ناوخۆ، ئاوەدانکردنەوە، تەندروستی و وەزارەتێکی دیکەی خزمەتگوزاری. ئەو وەزارەتانەی دەدرێنە یەکێتی، تاوەکو ئێستا دارایی و شەهیدان روونن. هەرچی داواکارییەکانی کۆمەڵ و یەکگرتووشە، ماونەتەوە بۆ کۆبوونەوەی ئەمڕۆی مەکتەبی سیاسی پارتی.

ئەبوبەکر هەڵەدنی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی، باسی ئەوە دەکات کە ناوی 6 وەزارەتیان داوەتە پارتی "بەڵام تاوەکو ئەمڕۆ (2014/2/23) کە لە مەکتەبی سیاسی بووم پارتی وەڵامی داواکارییەکانی ئێمەی نەداوەتەوە". یەکگرتووی ئیسلامی داوای کردووە لە وەزارەتەکانی پلاندانان، ئاوەدانکردنەوە، خوێندنی باڵا، کشتوکاڵ، کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و شارەوانی، 3 وەزارەتیان پێبدرێ.

ناوبراو گوتیشی "جگە لەو وەزارەتانە، ئێمە داوای پۆستێکی سیادی پەرلەمانیشمان کردووە کە جێگری سەرۆکی پەرلەمان یان سکرتێری پەرلەمانە، ئەگەر ئەو پۆستەمان پێنەدرێ هەڵوێستی خۆمان رادەگەیەنین".

لەکۆبوونەوەی دوێنێ لەگەڵ نوێنەرانی کورد لە پەرلەمان و حکومەتی عێراق، نێچیرڤان بارزانی رایگەیاندووە کە لەم چەند رۆژەی داهاتوودا هەموو شتێک کۆتایی دێت و یەکلایی دەبێتەوە.

مەروان گەلاڵی، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان کە ئامادەی دانیشتنەکە بووە، دەڵێ نێچیرڤان بارزانی گوتی "هەموو لایەنەکان خۆیان بەبراوە دەزانن و هەمووشیان دەیانەوێ ئەو پۆستانە وەربگرن کە داوایان کردووە، بۆیە پێکهێنانی حکومەت بەو شێوەیە دواکەوت".

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ زۆربەی ئەو پۆستانەی ناکۆکیان لەسەر بوو "دەتوانین بڵێین یەکلایی بوونەتەوە، گۆڕان سەرۆکی پەرلەمان وەردەگرێ و ئەوان رازی بوون وەزارەتی ناوخۆ بدرێتە گۆڕان لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و ئاوەدانکردنەوە، بەڵام گۆڕان داوای کشتوکاڵیشی کردووە".

ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان کە داوایکرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، پێیوایە مادام ناکۆکییەکان لەسەر پۆستەکانی سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزارەتی ناوخۆ لە کۆتاییدایە "پۆستەکانی دیکەی وەک جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران و ئەو پۆستانەی دیکە دەکەونە قۆناغی داهاتوو، بەڵام هەموو ئەو پۆستانە بە هەفتەیەک یەکلایی دەبنەوە، چونکە ناکۆکییان لەسەر نییە".

لەبارەی پۆستە سەربازییە نوێیەکەی یەکێتییەوە گوتی "دەکرێ یەکێتی بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی پێشمەرگە وەربگرێ، گرنگ ئەوەیە بەرنامەی ئەو حکومەتە چییە".

ڕووداو
ژمارە (299) دووشەممە 2014/2/24

پۆلیس ئامادەکاری کردووە

# کەرکووک بە پلانێکی نوێی ئەمنی ڕووبەڕووی داعش دەبێتەوە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

لە بەرزاییەکانی حەمرینەوە، چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، سەرقاڵی بۆمبڕێژکردنی رێگا سەرەکی و لاوەکییەکانن و خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی بەشێک لەو شەڕ و پێکدادانەی پارێزگای ئەنبار بگوازنەوە کەرکووک، بەڵام بەرپرسانی ئەمنی لە کەرکوک دەڵێن پلانی تۆکمە و وردیان هەیە بۆ رووبەڕووبوونەوەیان.

بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکووک، دەڵێ بەردەوامن لە کۆکردنەوەی زانیاری ورد لەسەر جموجوڵ و چالاکییە چەکدارییەکانی داعش بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەیان و پاراستنی ناوچەکانیان.

عەمید سەرحەد قادر، بە ئاماژەکردن بەو زانیارییانەی بەردەستی کەوتوون، پێیوایە "داعش لە ئامادەکاریدایە بۆ ئەوەی پەلاماری هەندێک ناوچەی دەوروبەری کەرکووک بدەن، ئێمەش لە ئامادەباشیداین".

نزیکەی 2 مانگە، هەموو سەرنجەکان لەسەر پارێزگای سوننەنشینی ئەنبارن. ئەو پارێزگایەی بووەتە گۆڕەپانی سەرەکی خۆپیشاندانی سوننەکان دژ بە حکومەتەکەی مالیکی و دواتر بە دەرفەت وەرگرتن لەو شەڕەی لە نێوان سوپای عێراق و خەڵکی چەکهەڵگرتووی ناوچەکە، چەکدارانی داعش لەوێ جێگای خۆیان کردەوە.

چەند رۆژی رابردوو، ئەو چەکدارانە هەڕەشەنامەیان ناردە دادگای کەرکووک و کۆمپانیای نەوتی باکوور، ئەوان بەڕوونی هەڕەشەی دەستوەشاندن دەکەن و بەرپرسێکی ئەمنی پارێزگای کەرکووکیش وای دەبینێ کە ئەو ئارامییەی 20 رۆژی رابردوو لە سایەی پلانە ئەمنییە نوێیەکانەوە بەدی هاتوون، چەکدارانی داعشی تووڕە کردبێ. عەمید ئازاد جەلال، جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی پارتی لە کەرکووک، دەڵێ "پلانە ئەمنییەکە بە هاوبەشی لە نێوان ئاسایش و پۆلیس دانراوە". گوتیشی "دانانی بازگەی کاتی و دەرچوونە کتوپڕەکان و چڕتر کردنەوەی چاودێری 80%ی توندوتیژییەکانی کەمکردەوە، بەڵام ئەم پلانە تەنیا ناوشاری کەرکووکی گرتووەتەوە".


(فۆتۆ: AFP)

عەمید ئازاد جەلال، باسی کۆبوونەوەی هێزە ئەمنییەکان دەکات لە رۆژی 2014/2/21 کاتێک پلانە نوێیەکەیان هەڵسەنگاندووە "زۆر بە سەرکەوتوو وەسف کرا و بڕیاردرا بەردەوام بێ".

لەنێو لیستی گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکانی ناوچەکەدا، داعش ناوێکی نوێیە، بەڵام لە ئامانج و بیرکردنەوە و ئایدۆلۆژیادا درێژکراوەی قاعیدەیە. ئێستا قورسایی شەڕەکانیان لە ناحیەی سلێمان بەگ، سەر بە پارێزگای سەلاحەدین پێشانی سوپای عێراق دەدەن.

رێبوار تەها، بەرپرسی بەشی تیرۆر لە ئاسایشی یەکێتی لە کەرکووک، جەخت لەسەر ئارامیی بارودۆخی ناو شاری کەرکووک دەکاتەوە و دەڵێت "ئەگەر داعش لە پارێزگای ئەنبار شکست بێنێ، لە هەموو ناوچەکانی عێراق شکست دێنێ، چونکە هەموو هێز و قورساییەکیان لەو ناوچەیەیە، بەڵام لەو ناوچەیە بەتەواوی سوپای عێراقیان ماندوو کردووە". گوتیشی "هەرچەندە سوپای عێراق سلێمان بەگ کۆنترۆڵ بکات، کە دونیا تاریک بوو ئەوان دەکەونەوە جموجوڵ".

بەڵام سەرچاوەیەکی ئاسایش لە پارێزگای کەرکووک پێیوایە بێدەنگبوونی ئەو هێزە چەکدارانە لە کەرکووک بە مانای ئەوە نایەت، کەرکووکیان فەرامۆش کردبێ "ئەوە بێدەنگییەکی کاتییە، ئەوان هەوڵدەدەن بێنە ناو کەرکووکیشەوە، بەڵام هێشتا سەرکەوتوو نەبوون لەوە، هەرچەندە ئەوان ناتوانن وەک ئەنبار شەڕ بێننە ناو کەرکووکەوە و هەوڵدەدەن بە تەقینەوە و حاڵەتی وەک بازاڕی جەواهیر مۆڵ، شەڕ بهێننە ناو کەرکووکەوە".

بەبڕوای سەرچاوەکەی ئاسایشی کەرکووک، هەر ساڵێک شەپۆلی ئاوارەکان رووی لە کەرکووک کردبێ، جگە لە سەرئێشەی فراوانترکردنی پرۆسەی بەعەرەبکردن، گیروگرفتی ئەمنیش بەدوای خۆیاندا دێنن "شەڕ روو لە هەر پارێزگایەک بکات و ئاوارەی کەرکووک ببن، لەنێو ئاوارەکاندا تۆڕی بچووک بچووکی خۆکوژی و تیرۆریستی دێنە ناوەوە و ئاسانتر دەپەڕنەوە، بۆیە بێگومان ئێمە چاوەڕێ دەبین بەهۆی ئاوارەکانی ئەنبارەوە، باجی ئەوەش بدەین کە لە کەرکووک جێگەیان کراوەتەوە".

چەکدارانی داعش، دراوی تایبەت بە خۆیان لە رێگای تۆڕی ئینتەرنێتەوە بڵاوکردەوە، ئەوان بانگەشەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی دەکەن و پێش ماوەیەک هەر لەناو خاکی سووریاوە ویلایەتی کوردستانیان راگەیاند کە لە چەند مانگی رابردووش تەرمی هەندێک لەوانەی لە نێو داعشدا کوژرابوون و گەڕێنرانەوە بۆ هەرێمی کوردستان، دەریخست هەندێک لە چەکدارەکانیان کوردن.

لە سنووری پارێزگای دیالە، چەکدارانی داعش ئاسانتر توانیویانە بجوڵێن. یەکێک لەو ئاسایشانەی لە بازگەکانی نێوان خانەقین و سەعدیەیە، بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی راگەیاند "خەریکە هیچ کوردێک لەناو سەعدیە نەمێنێ، هەمووی لە ترسی داعش بەرەو خانەقین و دەوروبەری هەڵاتوون و زیاتر لە 200 خێزان ئەوێیان جێهێشتووە".

عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکووک دەڵێت زانیاری تەواومان لانییە لەبارەی ژمارەی هێزەکانی داعش "بەڵام هێزەکانیان لە سنووری حەمرین دابەشبوون، ژمارەیان بەپێی هێزەکان دەگۆڕێ، هەیە 50 کەسن و هێزیش هەیە زیاتر لە 100 کەسن، چەک و کەرەستە سەربازییەکانیان چەکی نوێن و لە bkc و دۆشکە و هاوەن و RBG پێکدێ و دیارە دەوڵەتێک لە پشتیانە". هەروەها زیاتر گوتی "هەموو رێگا سەرەکییەکانیان بۆمبڕێژ کردووە، ئەو بۆمبانەی دایدەنێن، ئۆتۆمبیلی گوللە نەبڕ تێکدەشکێنێ و هەمان ئەو بۆمبانەیە بۆ ئۆتۆمبیلی هێزەکانی ئەمریکایان دادەنا".

# چوونە ناو مووسڵ بۆ کوردی ئێزدی و شەبەک مەترسیدارە

**سیروان عەباس**
**ڕووداو- مووسڵ**

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە 10 ساڵ بەسەر رووخاندنی رژێمی بەعس لە عێراق، هێشتا توندوتیژی بەرامبەر بە کوردی شەبەک و ئێزدی لە پارێزگای مووسڵ کۆتایی نەهاتووە کە ئەوان یەکێک بوون لە قوربانیانی دەستی ئەو رژێمە.

کوردی شەبەک کە زۆربەیان لە سنووری پارێزگای مووسڵ نیشتەجێن، دەڵێن ناسنامەی نەتەوەییان بووەتە هۆی ئەوەی کە لەلایەن گرووپە توندڕەوەکانەوە رووبەڕووی هەڕەشە و کوشتن ببنەوە، هەرچی ئێزدییەکانن دەڵێن کە ئەوان هەم بەهۆی کوردبوونیانەوە و هەمیش بەهۆی جیاوازی ئاینیانەوە، لەلایەن گرووپە توندڕەوەکانەوە پەلامار دەدرێن و دەڕفێنرێن.

هەرچەندە زۆربەی کوردی شەبەک و ئێزدی کە بە زۆری لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی سنووری پارێزگای مووسڵن زێدی خۆیان جێهێشتووە و روویان لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان کردووە، بەڵام ئەوە دووری نەخستوونەتەوە لە مەترسی، هێشتا بەردەوام هەڕەشە لەسەر ئەو کرێکار و خوێندکارە کوردانە هەیە کە روو لە مووسڵ و ناوەڕاستی عێراق دەکەن بۆ کار و خوێندن.

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "خێزانە مەسیحییەکان و کوردی شەبەک دیارترین ئامانجی توندڕەوەکان بوون، بەڵام ئێستا



زیاتر لە هەمووان برایانی کوردی ئێزدی بوونەتە ئامانج، لەبەر چەند هۆکارێک کە سەرەکیترینیان جیاوازیی بیروباوەڕی ئاینی و کوردبوونیانە".

بەشار کیکی گوتیشی "بەهۆی ئەوەی برایانی ئێزدی ئامانجی سەرەکی گرووپە توندڕەوەکانن، ئێستا کەمترین ژمارەی قوتابیانی ئێزدی لە زانکۆ و خوێندنگاکانی مووسڵ دەخوێنن، بە هەوڵی ئێمە و هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاسانکاری بۆ سەرجەم قوتابیان کراوە تاوەکو بتوانن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی سنووری هەرێمی کوردستان درێژە بە خوێندن بدەن".

زۆر لە شەبەک و ئێزدییەکانی مووسڵ دەمێکە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، بەڵام هەندێکیان ئێستاش ناچارن بە مەبەستی کارکردن بچنەوە شاری مووسڵ، ئەوەش زۆرجار مەترسی لەسەر ژیانیان دروست دەکات، ئەگەر دەستی گرووپە توندڕەوەکانیان بگاتێ دەکوژرێن یان دەڕفێنرێن.

بەپێی قسەی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ سنووری کوردی شەبەک و ئێزدی بە تایبەتی- ئێستا سنوورێکی پارێزراوە "بەڵام گرووپە چەکدارەکان بە دانانی بۆسە لە دەرەوەی سنوورەکانیان جارجارە ئەوان دەڕفێنن یاخود دەیانکوژن".

بەشێکی زۆر لە کوردی شەبەک و ئێزدی بە تایبەتی لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان لەسەر میلاکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو پێشمەرگە، پۆلیس و مامۆستا دامەزراون. بەپێی قسەی بەشار کیکی، کورد بە زەحمەت لە سنووری ئیدارەی مووسڵ دادەمەزرێن "چونکە دەبێت بچنە نێو مووسڵ دەوام بکەن و ئەوکاتیش ژیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە".

چالاکوانێکی مەدەنی کورد لە مووسڵ دەڵێت: دۆخی کوردی سنووری مووسڵ لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە ئارامی بەخۆیەوە نەبینیوە، زۆر گەڕەک هەن لە شاری مووسڵ کە کوردنشینن وەکو گەڕەکەکانی عەتشانە، نەینەوای شیمالی، کەرامە و.. چەندین گەڕەکی دیکە، بەڵام ئێستا بە دەگمەن ماڵێکی کورد لەو گەڕەکە دەدۆزیتەوە.

عەلی سلێمان باجەلان، کوردی شەبەک و بەڕێوەبەری سەنتەری رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ماچۆ بە (ڕووداو)ی گوت "لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە تاوەکو ئێستا 1311 کوردی شەبەک لەلایەن گرووپە توندڕەوەکانەوە کوژران و زیاتر لە 6 هەزار خێزانی کوردی شەبەکیش روویان لە هەرێمی کوردستان یاخود ناوچەکانی دەرەوەی سەنتەری شاری مووسڵ کردووە".

ناوبراو هەروەها دەڵێت "بە عەرەبکردن لە ناوچە کوردییەکان تاوەکو ئێستاش بەردەوامە، چونکە جگە لە کردەوەی توندوتیژی حکومەت هیچ خزمەتگوزارییەکی پێشکەش بە ناوچە کوردنشینەکان نەکردووە و حکومەتی عێراق وەکو بیانییەک مامەڵەمان لەگەڵ دەکات".

ئەندامێکی ئەنجوومەنی قەزای تلکێف دەڵێت تاوەکو ئێستا ئامارێکی تەواوی قوربانیانی کوردی ئێزدی لەبەردەستدا نییە، بەڵام بەپێی ئامارە نافەرمییەکان لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە، 1400 کوردی ئێزدی لە سنووری پارێزگای مووسڵ بە دەستی گروپە توندڕەوەکان کوژراون.

نەزیر بیبۆ سەعدون، ئەندامی ئەنجوومەنی قەزای تلکێف بە (ڕووداو)ی گوت: کردنە ئامانجی کوردی ئێزدی لەلایەن گرووپە توندڕەوەکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی، یەکەمیان ئەوەیە کە کوردین و دووەمیان ئێزدین، لەبەرئەوەی زۆربەی گرووپە چەکدارەکان تەکفیرین و بڕوایان بە جیاوازیی ئاینی نییە و خوێنی ئێزدییەکان بە حەڵاڵ دەزانن".

نەزیر بیبۆ، کوردی ئێزدی، دەڵێت "ئێمە وەکو ئێزدی هیچ گرفتێکمان لەگەڵ هاووڵاتیانی عەرەب نییە و ئەوان وەکو برا لەگەڵ ئێمە دەژین و رێز لە بیروباوەڕی یەکدی دەگرین. بەڵام تاوەکو ئێستاش کوشتنی کرێکارە ئێزدییەکان بەردەوامە، بە تایبەت ئەوانەی بۆ پەیداکردنی بژێوی روودەکەنە بەغدا و لە بارەکاندا کاردەکەن".

## کۆمپانیایەکی کوردی گرێبەستی پاڵاوگەی نەینەوای بردەوە

**رووداو- Emarat24**

کۆمپانیایەکی کوردی گرێبەستی پڕۆژەی پاڵاوگەی نەینەوای بردەوە، کە بڕیارە رۆژانە 90 هەزار بەرمیل نەوت بپاڵێوێت. رۆژنامەی مەشرق لەسەر زاری ئەسیل نوجەیفی، پارێزگاری موسڵ گواستوویەتییەوە، پڕۆژەی پاڵاوگەی نەینەوا دراوە بە کۆمپانیای کارگرووپ و بەمزووانە گرێبەست لەگەڵ ئەو کۆمپانیایە دەبەسترێت بۆ دەسپێکردنی پڕۆژەکە. پارێزگاری موسڵ رایگەیاندووە، ئەگەر ئەو پڕۆژەیە بە تەواوەتی جێبەجێ بکرێت، رۆژانە یەک ملیۆن و 150 هەزار دۆلار دەگەڕێتەوە بۆ پارێزگای نەینەوا، کە لە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان خەرجدەکرێت.

رووداو
ئابووری
ژمارە (299) دووشەممە 2014/2/24

### قەرزارەکان بە قەرز پارە دەدەنە حکومەت

# "مووچەی یەک ساڵ لە هەرێمی کوردستان 12 ملیار دۆلارە"

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

ئاڵۆزبوونی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، خەریکە سروشتی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و وەبەرهێن و بازرگانان پێچەوانە دەکاتەوە. ئەو سەرمایەدارانەی چەند ساڵە لە دەرگای حکومەت دەدەن بۆ ئەوەی پڕۆژەی لێوەربگرن، ئێستا لە گیرفانێکی پاشەکەوتی پارە دەچن.

هەر لەئێستاوە پرسیاری گەورە لە بەردەم کاربەدەستانی حکومەت بەگشتی و بەرپرسانی ئیداریی پارێزگای سلێمانی ئەوەیە چۆن مووچەی مانگی شوبات دابین بکرێ؟ ئایا دەبێ جارێکی دیکە داوا لە وەبەرهێن و سەرمایەدارەکان بکرێ پارەی بەقەرز بدەنێ بۆ ئەوەی شەپۆلی ناڕەزایی داواکردنی مووچە لە نێو فەرمانگەکانەوە دەستپێنەکاتەوە؟ هەندێک لە وەبەرهێنەران وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە و دەڵێن "کاتی ئەوەیە سەرمایەدارەکان دابینکردنی مووچە بگرنە ئەستۆی خۆیان".

### "قەرزەکەی حکومەت نادەنەوە"

دوو هەفتە لەمەوبەر ژمارەیەک وەبەرهێنی سلێمانی کە لە پەنجەکانی دەست تێنەدەپەڕین، سەردانی یەکێک لە بانکەکانی سلێمانییان کرد و بڕی 100 ملیار دیناریان وەک قەرز دایە حکومەت تاوەکو بیکاتە مووچەی ئەو فەرمانبەرای چەند سەد مەترێک لەولای بانکەکەوە هاتبوونە سەر شەقام و داوای مووچەیان دەکرد.

گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان دەڵێ هەڵمەتی دووەمیان دەستپێکردووە بۆ ئەوەی سەرمایەدار و وەبەرهێنەران بەشێوەیەکی فراوانتر بەشداریی تێدا بکەن و ئەوجارە زیاتر پارە بخەنە کیسە خاڵییەکەی حکومەتەوە "ئەگەر وەبەرهێنەران بێنە پێشەوە و داخڵی ئەو پڕۆژەیە ببن، پێمان باشە ئەمجارە حکومەت خۆی سەرپەرشتی بکات".

یاسین مەحموود رەشید، گلەیی لە وەبەرهێن و سەرمایەداران دەکات و پێیوایە لە رۆژی رەش و تەنگانەی حکومەتدا کە خەڵکیش باجەکەی دەدەن پێشوازی لەو هەڵمەتانە ناکەن کە بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک و هاوکاری بۆ حکومەت پێکهێنراون "لە کاتێکدا ژمارەی وەبەرهێنەران و سەرمایەداران زۆر زۆرە".

ناسراوترین سەرمایەدار و وەبەرهێن لە سلێمانی فارووقی مەلا مستەفایە کە لە قۆناغی یەکەمی هاوکارییەکاندا بڕی 15 ملیار دیناری بە قەرز داوەتە حکومەت و دەڵێ ئامادەیە لەسەر ئەوە بەردەوام بێ تاوەکو ئەوکاتەی قەیرانەکە چارەسەر دەبێ.

فارووقی مەلا مستەفا، خاوەنی گرووپی کۆمپانیاکانی فارووق، رەخنە لە سەرمایەدار و وەبەرهێنەکان دەگرێ و دەپرسێ: لە ساڵی 1991 چەند وەبەرهێن و سەرمایەدار لە سلێمانی هەبوون؟ ئەو دەڵێت ئەو حکومەتەی ئەمن و ئاسایشی لەم وڵاتەدا دابینکردووە بۆیان، هەر ئەو حکومەتە بۆخۆی زەوی پێداون و پارەی پێداون و کارگەی بۆ دروستکردوون و ئەوانیش وەبەرهێنانیان کردووە و لەسەر گیرفانی حکومەت گەورەبوون و دەوڵەمەند بوون، ئەوان خۆیان قەرزی حکومەتیان لایە و دەبێ بیدەنەوە، نەک ناوی بنێن هاوکاری".

### 6 ملیار دۆلار لە دەرەوەی بانکەکانە

بەپێی ئەو بەدواداچوونە نوێیەی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان کردوویەتی، تەنیا پارێزگای سلێمانی و گەرمیان پێویستی بە 350 ملیار دینار هەیە بۆ مووچەی یەک مانگ و هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستانیش 844 ملیار دیناریان پێویستە لە مانگێکدا. فەرمانبەرانی کەرتی تایبەتیش هەر مانگێک بڕی 256 ملیار دیناریان پێویستە بۆ مووچە.

هەر بەپێی ئەو وردەکارییەی یەکێتی وەبەرهێنەران داویەتییە (رووداو)، لەماوەی یەک مانگدا، کۆی مووچەی فەرمانبەرانی حکومەت و کەرتی تایبەت دەکاتە یەک ملیار دۆلار کە بۆ ساڵێک 12 ملیار دۆلار دەکات. یاسین مەحموود دەڵێت "بەپێی ستاندارده جیهانییەکانی ئابووری، ساڵانە لەو 12 ملیار دۆلارەی بۆ مووچە وەردەگیرێ تەنیا 6 ملیار دۆلاری خەرج دەکرێ، کەواتە 6 ملیار دۆلار بەدەست خەڵکەوەیە و نایخەنە بانکەکانەوە، ئەوەش یەکێکە لەو هۆکارانەی بانکەکان پارەیان کەم تێدایە".

بەڵام فارووقی مەلا مستەفا دەڵێ بە نێچیرڤان بارزانی گوتووە، لیژنەیەک لە شارەزایانی ئابووری پێکبهێنرێ و لە کێشەی کەمیی پارە بکۆڵنەوە "ئەوانەشی ئامادە نین ئێستا پارە بدەنە حکومەت، دەبێ دواتر حکومەت چاویان پێدا بخشێنێتەوە لە کاتی پڕۆژە و تەندەرەکانیدا، مەگەر ئەوان بە پارەی حکومەت گەورە نەبوون؟".

### "دەتوانین ساڵێک مووچە بدەین"

رۆژ لە دوای رۆژ کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا ئاڵۆزتر دەبن، بیانووەکان هەرچی بن، خەڵک و فەرمانبەران لە دوو مانگی رابردوودا دەریانخست کە دواکەوتنی مووچە دەتوانێ بە ئاسانی سەرجادەکان پڕبکات لە دەنگی ناڕەزایی. بەڵام ئەی ئەگەر کێشەکان لە گرێژنە دەرچوون و شاندی دانوستانکار لە گفتوگۆ نائومێد بوون؟

سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی، باسی ئامادەکارییەکان بۆ هەڵمەتی دووەمی پارە کۆکردنەوە بۆ مووچەی فەرمانبەران دەکات و دەڵێ "رۆژانە خەڵک دێت و پارە دادەنێ، خەڵک هەیە مووچەکەی خۆی هێناوە، هەیە 100 ملیۆنی هێناوە و هەیە ملیۆنێک دیناری هێناوە، هەشە دەیان ملیار دینار سوودی لە حکومەت وەرگرتووە و دینارێکی نەهێناوە".

سیروان محەممەد مەحموود دەڵێ ئەوە بابەتێکی نیشتمانی و نەتەوایەتییە و بابەتی سیاسی نییە "بەڵام بازرگان و وەبەرهێنەرەکانی ئێمە وەڵامی بەغدا دەدەنەوە و نامەیەکی رۆشن بۆ مالیکی دەنێرن، بانگەوازمان کردووە بەردەوام بین و تاوەکو یەک ساڵ دەتوانین مووچەی فەرمانبەرانی حکومەت دابین بکەین، ئەگەر لەلایەن بەغداوە مووچە نەدرێ".

بەڵام فارووقی مەلا مستەفا، لەو بارەیەوە دەڵێ "قەت باوەڕت بەو قسەیە نەبێ و راست نییە، چونکە کەرتی تایبەت توانایەکی ئەوەندە بەهێزی نییە، ئەسڵەن بەشێک لە وەبەرهێنەران قەرزی حکومەتیان لایەو دەبێ بیدەنەوە، خۆی دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان چاو خشاندنەوە بکات بە حیساباتی هەندێک وەبەرهێندا کە نایانەوێ قەرز بە حکومەت بدەن. ئەوە بەخشش نییە کە بیدەن بە حکومەت و باسی بکرێ، بەڵکو پارەی حکومەت خۆیەتی دەیدەنەوە".

### سلێمانی 200 سەرمایەداری نایابی هەیە

گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان، پێیوایە دەبێ ئیدی ئەوان بە پێناسی ئەندامێتی ژووری بازرگانیدا بچنەوە "چونکە 200 کەس بە پلەی نایاب پێناسیان پێدراوە، نایاب ئەو کەسەیە کە سەرمایەکەی لە 50 ملیۆن دۆلار زیاترە، کەواتە کوان ئەو هەموو سەرمایەدارە، سەرمایەکەیان لە کوێ شاردووەتەوە".

لە هەڵمەتی یەکەمدا، ئەحمەد ئیسماعیل و فارووقی مەلا مستەفا، ریکۆردی هاوکارییەکانیان شکاند. ئەحمەد ئیسماعیل کە وەبەرهێنەرێکی هەولێرییە، بڕی 20 ملیار دیناری دایە حکومەت بۆ مووچەی فەرمانبەرانی سلێمانی و فارووقی مەلا مستەفاش بڕی 15 ملیار دینار.

عەزیز سەعید، جێگری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لە سلێمانی دەڵێ، ئەووەبەرهێنەرانەی پڕۆژەیان هەیە و کاری تێدا دەکەن "هیچ کام لەو وەبەرهێنانە پڕۆژەیان نەوەستاندووە تاوەکو پارەکانیان بهێنن و بیدەنە حکومەت، بەڵام وەبەرهێنەرە گەورەکان دەڵێن ئامادەین هاوکاری بکەین، ئەگەر قەیران روو لە حکومەت بکات".

ئەو دەڵێت مەرج نییە ئەوەی پێیبگوترێ وەبەرهێن بتوانێ هاوکاری حکومەت بکات "هەندێکیان پارەی دانراویان نییە و ئەوەی هەیانە لە نێو پڕۆژەدایە".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

### سەرمایەدارانی سلێمانی:
### دەتوانین مووچەی یەک ساڵی فەرمانبەرانی کوردستان بدەین

### سەرمایەدارێکی هەولێری 20 ملیار دینار دەنێرێت بۆ فەرمانبەرانی سلێمانی

---

### حکومەت و خەڵکیش نازانن پارە خەرج بکەن

# گیرفانی هاووڵاتیانی کوردستان ساڵانە 80 دۆلار کورتهێنانی هەیە

**فازڵ نەجیب**
**رووداو- هەولێر**

ساڵ لە دوای ساڵ پارەی زۆرتر دێتە هەرێمی کوردستان، کەچی بودجەی حکومەت و گیرفانی دانیشتوانەکەی بەشێوەیەکی بەردەوام کورتدێنن.

بەپێی راپۆرتەکانی دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق، داهاتی ساڵانەی تاکەکەس لە هەرێمی کوردستان 354 دۆلارە و لە پارێزگاکانی دیکەی عێراقدا 207.8 دۆلارە، واتە داهاتی هەر هاووڵاتییەکی کوردستان ئەوەندە و نیوێکی تاکە کەسە لە عێراق، بەڵام لەوکاتەی حکومەتی عێراق چەند رۆژێک ناردنی مووچە دوادەخات، هاوارێکی گەورەو هەژارییەکی بەربڵاو میدیای کوردی دادەپۆشێت.

پێشمەرگەیەک، ئەڵقەی هاوسەرگیری خۆی دەفرۆشێت، هەزاران کەس قیستی کەرەستەی ماڵ و ئۆتۆمبیلیان پێنادرێت، مامۆستاکان هەڕەشەی چۆڵکردنی هۆڵەکانی خوێندن دەکەن، فەرمانبەرانی وەزارەتی کارەبا ماندەگرن، سەدان کەس لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان باسی ئەوە دەکەن کە ناتوانن نان بکڕن بۆ منداڵەکانیان و کرێی خانووەکانیان بدەن.

ساڵی 2004 بودجەی هەرێمی کوردستان نەدەگەیشتە 3 ملیار دۆلار، بەڵام لەساڵی 2013 زیاتر بوو لە 13 ملیار دۆلار، ئەو جیاوازییە گەورەیەش، ئاوەدانی و خۆشگوزەرانییەکی زۆری دروستکردووە بەراورد بە شارەکانی دیکەی عێراق.

خۆشگوزەرانی و ئاسان دەسکەوتنی پارە، هەزاران خەڵک و کۆمپانیای هێنایە هەرێمی کوردستان. هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی 1992 - 2013 پێشکەوتنێکی ئەوەندە گەورەی بەخۆوە بینیوە، ئەگەر لە دەرەوەی ئەو وێنەیە سەیری جیاوازییەکان بکەیت، بڕوا ناکەیت.

بەپێی راپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی 1992 رێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 50% بوو، بەڵام تا ساڵی 2013 ئەو رێژەیە کەمکرایەوە بۆ 3.8%، ئەو جیاوازییەش لە ئاوەدانی گوندەکان، دروستکردنی تاوەری بەرز، کارگەی گەورە، تەندروستی باش، پێشکەوتنی خوێندەواری، دەرفەتی کار، تەمەندرێژی و پۆشتەیی ماڵ و جلوبەرگ، داهاتی بەرز، ئۆتۆمبێلی جوان و تەکنۆلۆجیای پێشکەوتوودا دەبینرێت و ئەگەر خەڵک و حکومەت سیاسەتی باش خەرجکردنی داهاتەکانیان پەیڕەو بکردایە، ئێستا کوردستان زۆر ئاوەدانتر و خۆشگوزەرانتر دەبوو.

کورتهێنانی بودجەی حکومەت و گیرفانی خەڵک، بەشێکە لە کەلتووری لێنەزانی لە خەرجییەکان، بەپێی دوایین ئاماری ناوەندی ئاماری عێراق، خەرجی تاکەکەس لە هەرێمی کوردستاندا زیاترە لە هەموو پارێزگاکانی عێراق و جگە لەوەش خەرجییەکان زیاترە لە داهاتەکان.

ساڵی 2013 خەرجی تاکەکەس لە هەرێمی کوردستان 434.6 دۆلار بووە، ئەوە لەکاتێکدایە داهات 354 دۆلارە، واتە هەر کەسێک لە بودجەی ساڵانەیدا 80 دۆلار کورتی هێناوە، ئەوەی چەند رۆژێک مووچە دوادەکەوێت و سەدان کەس پارەی نانخواردن و کرێی خانوویان پێ نامێنێت، بەڵگەی ئەو زیادە خەرجییەیە.

داهاتی تاکەکەس لە عێراقدا 200.3 دۆلارە و خەرجیەکانیش 207.8، واتە کورتهێنان لە بودجەی تاکەکەس لە عێراقدا تەنیا 7 دۆلارە لە ساڵێکدا، بەوەش دەردەکەوێت کە ئەو بەدخەرجییەی هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە، لە عێراق لە نزمترین ئاستدایە.

لەو کاتەی بانکەکانی هەرێمی کوردستان خاڵی دەبنەوە "وەک دەگوترێت"، پاشەکەوتی حکومەتی عێراق 87.5 ملیار دۆلارە، ئەوەش نیشانەی جیاوازی دنیابینی عەرەب و کوردە لە عێراقدا بۆ دەوڵەتداری. وادەردەکەوێت عێراق چاوی لە دوارۆژێکی دوورە و هەرێمی کوردستانیش ئەم مانگ دەداتە دەم ئەو مانگ و لەسەر ئاستی تاکەکەسیش هاووڵاتیان هەڵگری هەمان دنیابینین.

زیادەڕۆیی لە خەرجیی تەرفیهی، یەکێکە لە کێشە هاوبەشەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی. بەپێی ئامارەکان هاووڵاتیانی کوردستان 12.2%ی داهاتی ساڵانەیان بۆ خەرجییە تەرفیهیەکان تەرخان دەکەن و لەو خەرجییەشدا دهۆک لە پلەی یەکەمدایە بە رێژەی 13.5%ی داهاتی ساڵانەی تاکەکەس.

ئەگەرچی ئامارێکی ورد و باوەڕپێکراوی خەرجییە تەرفیهیەکانی حکومەتی لەبەردەست نییە، بەڵام دیارە حکومەت زۆر لە هاووڵاتیان زیاتر بەدخەرجییە لەو بوارەدا، هۆکاری ئەوەش نەبوونی کەلتوور و ئەزموونی حکومەتداری و سیاسەتی پاشەکەوتکردن و پشتبەستنە بە بەغدا.

بەپێی بنەماکانی بانکی نێودەوڵەتی، هاووڵاتیانی هەر وڵاتێک ئەگەر کەمتر لە 33%ی داهاتی ساڵانەیان بۆ دابینکردنی خۆراک تەرخان بکەن، ئەوە خەڵکانێکی خۆشگوزەرانن. بەپێی ئامارەکانیش هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی خۆشگوزەرانە، چونکە 29.6%ی داهاتەکانیان بۆ دابینکردنی خواردن "بەهەموو جۆرەکانییەوە" تەرخان دەکەن، بەڵام لەو وڵاتانەی کە هەژاری رووبەڕوویان بووەتەوە 60-80%ی داهاتی ساڵانە بۆ دەستەبەرکردنی خۆراک تەرخان دەکرێت.

هەرێمی کوردستان لەساڵی 1992-1997 زیاتر لە 75%ی داهاتی تەنیا بۆ دابینکردنی خۆراک بووە، ئەو خۆشگوزەرانییەی ئێستا لەو چەند ساڵە کەمەدا حکومەت و خەڵکی مەست کردووە، مەست لە ئاستی واقعی سیاسی و ئابووری و پێگەو ماف و رۆڵی کورد لە عێراقدا.

دواخستنی و مووچەو کێشەی بودجە، دەبێت حکومەت و خەڵک لە خەوی زیادەڕۆیی لە رەفاهیەت و زیادەی خەرجی لە داهات بەخەبەر بێنێتەوە، چونکە واقیعی عێراق هی ئەو خەوە خۆشە نییە.



لە خەرجییە تەرفیهییەکاندا دهۆک لە پلەی یەکەمدایە

(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

## جەبار یاوەر، گوتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگە:



# تەنیا سێیەکی هێزی پێشمەرگە نیشتیمانییە

● سەرچاوەی داراییمان نییە پێشمەرگە بکەینە سوپایەکی نیشتیمانی

● پەیوەندیمان لەگەڵ سوپای ئەمریکا لەسەر بنەمای بەخشین و وەرگرتن بوو

جەبار یاوەر، گوتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێت سەقامگیریی دۆخی ئەمنی لە کوردستان مانای ئەوە نییە کاری پێشمەرگە کۆتایی هاتبێت. ئەو دەڵێت "ڕۆژانە قوربانی دەدەین". لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (تۆڕی میدیایی ڕووداو)، یاوەر گوتی "لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان کە مەترسیدارترین ناوچەکانی عێراقن ڕۆژانە هێزی پێشمەرگە ڕووبەڕووی تیرۆریستان دەبێتەوە". یاوەر ئاماژەشی بەوە کرد کە پێشمەرگە لەبری هێزێکی پارچە بوو لە نێوان دوو پارتی سەرەکی کوردستان بەرەو "سوپایەکی نیشتمانی" هەنگاو دەنێ.

هەڤپەیڤین: کیرا واڵکەر

● متمانە لە نێوان ئێمە و وەزارەتی بەرگری عێراقدا نییە

**ڕووداو: ئایا هێزی پێشمەرگە بووەتە سوپایەکی نیشتمانی یان هەر وەک هێزێکی سەر بە دوو پارتی کوردستان ماوەتەوە؟**

**جەبار یاوەر:** لە ساڵی 2010وە خەریکی هەنگاونانین بەرەو ئەو ئامانجە، ئێستا بەرەو بوون بە سوپایەکی نیشتمانی هەنگاو دەنێین. وەزارەتی پێشمەرگە 13 لیوای هەیە کە نزیکەی 42 هەزار سەرباز لەخۆدەگرن. ئەگەر وەزارەتی پێشمەرگە بکرێت بە سێ بەشەوە تا ئێستا توانیومانە بەشێکی بکەینە هێزی نیشتمانی. بەڵام دوو بەشەکەی دیکە هێشتا لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیەن و لە هەوڵداین ئەوانیش وەک سوپایەکی نیشتمانی بناسرێن. بەرلەوەی سوپای ئەمریکا عێراق جێبهێڵێ یارمەتی و هاوکاری زۆریان لە مەشق و پێداویستی بۆ دابین کردین. بەڵام لەوکاتەوەی سوپای ئەمریکا ناوچەکەیان جێهێشتووە هێزی پێشمەرگە هیچ جۆرە یارمەتی و ڕاهێنانێکی نە لەلایەن سوپای ئەمریکاوە نە لەلایەن سوپای عێراقەوە پێنەگەیشتووە.

**ڕووداو: کەواتە وەزارەتی پێشمەرگە ڕوو لەکوێ دەکات بۆ مەشق و ڕاهێنان ئەگەر سوپای ئەمریکا و عێراق هیچ یارمەتییەکی پێشکەش ناکەن؟**

**جەبار یاوەر:** ئێستا خۆمان مەشق بە خۆمان دەکەین. ئەو مەشقە بەراورد ناکرێ بە مەشقەکانی ڕابردوو، بەڵام ناتوانین پاڵبدەینەوەو چاوەڕێ بکەین تا خەڵکانی دیکە دێن بۆ لامان. مەشقکردن پێویستی بە سەرچاوەی دارایی هەیە و پێویستە ئەو یارمەتییە داراییە لە شوێنێکەوە پەیدا بکەین. ئەو پشتگیرییە داراییەی بەدەستمان گەیشتووە کەمترە لەو بڕەی پێویستە وەزارەتی پێشمەرگە لە سوپای عێراقەوە بەدەستی بگات. حکومەتی عێراق لە ساڵی 2007ەوە بودجەی وەزارەتی پێشمەرگەی نەداوە، بۆیە ئێستا ئەو سەرچاوە داراییەمان نییە کە وابکەین هەموو هێزی پێشمەرگە بکەینە سوپایەکی نیشتمانی. نەبوونی سەرچاوەی دارایی گەورەترین بەربەستە لەبەردەم ئەم هەنگاوە.

**ڕووداو: ئایا ئەمریکا هۆکاری هاوکاری نەکردنی لە مەشقی سەربازی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان باسکردووە؟**

**جەبار یاوەر:** ستافێکی زۆر کەمی ئەمریکی لە عێراق ماوە. بەرلەوەی ناوچەکە جێبهێڵن ژمارەیەکی زۆریان لە ناوچەکە بوون. بەڵام ئێستا ژمارەیەکی زۆر کەمیان لێرەن، زۆربەیان ستافی کونسوڵگەریی ئەمریکان. هۆکارەکەی ئەوەیە کە لێرە نەماون.

**ڕووداو: حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگەنادات بە هێزەکانی سوپای عێراق بێتە ناوچەکانییەوە. ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە هێزی پێشمەرگە ڕۆڵی پارێزەری سنوورەکان دەبینێ؟**

**جەبار یاوەر:** بەڵێ. ئەگەر کێشەیەک هەبێت و لایەنێک بیەوێ شەڕ لە دژی کوردستان ڕابگەیەنێ و ئێمە نەتوانین پارێزگاری لەخۆمان بکەین ئەوکاتە داوای یارمەتی لە حکومەتی عێراق دەکەین. بەڵام یەکەمجار پێویستیان بە مۆڵەتە بەرلەوەی بێنە ناو کوردستانەوە. بە هەمانشێوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقیش ئەگەر کێشەیەک هەبوو ئەوا دەڕۆین و یارمەتییان دەدەین، بەڵام یەکەمجار دەبێت مۆڵەتمان پێبدەن بەرلەوەی بچینەوە ناوچەکانیانەوە.

**ڕووداو: ئەگەر هێزی پێشمەرگە پارێزەری سنوورەکانە ئیدی بۆچی بەغدا بودجەکەی ڕەتدەکاتەوە وەک لە دەستووردا هاتووە؟**

**جەبار یاوەر:** چەندین کێشە لە نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەن، بودجەی پێشمەرگە یەکێکە لەو کێشانە. بە کورتی هەردوولا خوێندنەوەی جیاوازیان هەیە بۆ بڕگەی 121ی دەستوور. حکومەتی عێراق لەو بڕوایەدایە بەپێی ئەم بڕگە دەستوورییە نابێت هیچ پارەیەک بۆ هێزی پێشمەرگە بنێرن، بەڵام بەتێڕوانینی ئێمە دەبێت حکومەتی عێراق بودجەی هێزی پێشمەرگە دابین بکات، چونکە بەشێکە لە هێزی بەرگریی عێراق. ناکۆکییەکان لەسەر ئەم مەسەلەیە بەردەوامە و هێشتا چارەسەر نەکراوە.

**ڕووداو: هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق دەیان ساڵ جەنگاون لە دژی یەکدی. لەو بڕوایەدای هەردوولا ئێستا متمانەیان بەیەکدی هەبێت یان ئایا جۆرە بێ متمانەییەک یان گومانێک لە نێوان هەردوولا هەبێت؟**

**جەبار یاوەر:** پێش ساڵی 2003 شەڕمان لە دژی ڕژێمی عێراق دەکرد کە ڕژێمێکی جیاواز بوو، بەڵام دوای ئەوە شتەکان گۆڕاون. ئێمە بەشێکین لە حکومەتی عێراق و تا ئەمڕۆش چەندین سەربازی کورد لە ڕیزەکانی سوپای عێراقدا هەن. لەگەڵ گۆڕانی ڕژێم ئەو بێ متمانەیی و گومانەی لە نێوان هەردوولا هەبوو بەخێرایی نەما.

**ڕووداو: ئایا ئێوە هەرگیز هێزی پێشمەرگە دەنێرن بۆ بەشەکانی دیکەی عێراق بۆ جەنگان لە دژی تیرۆرستان؟**

**جەبار یاوەر:** پێشتر حکومەتی عێراقی داوایەکمانی قبوڵکرد بۆ یارمەتیدانیان لە دژی تیرۆریستان. هێزی پێشمەرگە نێردران بۆ بەغدا بۆ ئەو مەبەستە. هێشتا ئێمە ئامادەین بۆ ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ جەنگان لە دژی تیرۆریستان. ئەگەر لە داهاتوودا عێراق یارمەتیمان قبوڵ بکات ئامادەین دووبارە هێزی پێشمەرگە بنێرین بۆ ئەو ناوچانە. بەڵام ئێمە ناڕۆین شەڕ بکەین لە دژی هاووڵاتیانی مەدەنی.

**ڕووداو: پێشمەرگە لایەنگیری هێزەکانی ئەمریکای کرد لە ڕووخانی ڕژێمی سەددام. ئایا ئەمریکییەکان ئەم هەڵوێستەیان بەرز نرخاند؟**

**جەبار یاوەر:** ناتوانی بڵێی هێزەکانی پێشمەرگە یارمەتی ئەمریکیەکانیاندا تەنیا لەبەرئەوەی شانبەشانی یەکدی جەنگاوین. ئەوان یارمەتی ئێمەیاندا و ئێمەش یارمەتی ئەوانماندا. بۆ نموونە چەندین سەربازی ئەمریکی لەشەڕی دژی تیرۆریستاندا کوژران. هاوکارییەکان بریتی بوون لە بەخشین و وەرگرتن. وەک یەک تیم پێکەوە کارمان دەکرد.

**ڕووداو: پێشمەرگە چۆن توانیویەتی خۆی بەدوور بگرێ لەو هەموو شەڕو توندوتیژییەی لە عێراق و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەیە؟**

**جەبار یاوەر:** لەبەر چەند هۆکارێک. یەکەم ساڵی 1991 و 1992 ئەزموونمان وەرگرت لەوەی چۆن خۆمان ڕێکبخەینەوەو چۆن پارێزگاری لە خەڵکەکەمان بکەین. لەوکاتەوە هێزی پێشمەرگە و پۆلیس ئەزموونی زۆریان پەیداکردووە. هەروەها پەیوەندییەکی باش هەیە لە نێوان هێزەکان و هاووڵاتیانی مەدەنی کە ئەوانیش ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە بەرقەرارکردنی ئاسایش. باوەڕمان بە شەڕ نییە لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانمان. هەوڵدەدەین بە گفتوگۆ کێشەکان چارەسەر بکەین، بۆیە تێوەنەگلاوین لە هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گەورە. تەنیا دەمانەوێ لەسەر مێزی گفتوگۆ کێشەکانمان چارەسەر بکەین.

**ڕووداو: هێزی پێشمەرگە بەوە ناسرابوون کە جەنگاوەری ئازان وەک لە ناوەکەیەوە هاتووە "ئامادە بۆ مردن" بەڵام هەرێمی کوردستان لە 20 ساڵی ڕابردوودا ئاشتی و ئارامی بەخۆوە بینیوە. ناترسێن لەوەی هێزی پێشمەرگە توانای شەڕکردنی لەدەستدابێت؟**

**جەبار یاوەر:** بە بەردەوامی جەنگاوین و ئێستاش لە شەڕداین. ڕۆژانە قوربانی دەدەین. ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، مەترسیدارترین ناوچەکانی عێراقن، هەموو ڕۆژێک شەڕوپێکدادان هەیە لەنێوان هێزی پێشمەرگە و تیرۆریستان. لە ئەنجامی ئەوەوە هێزی پێشمەرگە زیاتر و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەهێزتر بووە. وای نابینین کە چیدی ئێمە لە جەنگدا نەماوین هەرچەندە خۆزگە ئەوە ڕاست بووایە. شەڕێکی گەورە نییە، بەڵام بەردەوام دەجەنگین. بۆ دڵنیایی لەوەی کە هێزی پێشمەگە توانای شەڕکردنی لەدەست نەداوە تەماشای هەرێمی کوردستان بکە بە بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی عێراق دەزانی کوردستان ئارامترین ناوچەیە لە عێراقدا.

**ڕووداو: کورد و مەسیحی و ئێزدی لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان دەکرێنە ئامانجی هێرشە تیرۆرستییەکان، ئایا هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە پارێزگارییان لێدەکەن؟**

**جەبار یاوەر:** بەڵێ، هێزی پێشمەرگە هەیە لەو ناوچانە. ئەو شوێنانە بە هاوکاری هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق دەپارێزرێن. هەرچەندە ئێستا کێشە هەیە لەنێوان هەردوو حکومەتدا، بەڵام هیچ کێشەیەک لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراقدا نییە.

**ڕووداو: ئایا پەیوەندی نێوان پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگری عێراق چۆنە؟**

**جەبار یاوەر:** هەندێ پەیوەندی لە نێوانماندا هەیە، بەڵام دەکرا ئەو پەیوەندیانە باشتر بوونایە. دەبوو کاری زۆرترمان بکردایە بۆ دروستکردنی پەیوەندی و هاوکارییەکی باشتر. دەتوانی بڵێی کە متمانە لە نێوانماندا نییە. ئەگەر پەیوەندیەکی بەهێز هەبووایە لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراق ئەوکات دەمانتوانی ئۆپەراسیۆن و زانیاری هەواڵگری هاوبەش لەنێوانماندا هەبێت.

**ڕووداو: ئێوە لەلایەن خۆتانەوە هیچ هەوڵێکتان داوە بۆئەوەی ئەو پەیوەندییە لەگەڵ وەزارەتی بەرگری عێراق باشتر بکەن؟**

**جەبار یاوەر:** ئێمە هەمیشە ئارەزوومان نیشانداوە بۆ پێکەوە کارکردن، بەڵام زیاتر ئەوان نایانەوێت لەگەڵمان کاربکەن.

**ڕووداو: خراپبوونی پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر داهاتووی کاری هێزی پێشمەرگە؟**

**جەبار یاوەر:** تەنیا کێشەی پێشمەرگە نییە کە بووبێتە هۆی خراپتربوونی پەیوەندییەکانی کوردستان و حکومەتی ناوەندی، بەڵکو چەندین کێشەی دیکە هەن وەک نەوت. هەتا ئەم کێشانە هەبن لەسەر مێزی گفتوگۆ، هێزی پێشمەرگە کاری زیاتر دەبێت، بەڵام کێشەکان هەموویان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و ناتوانرێ چارەسەر بکرێن تا ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی دروستبوونی کێشەکان چارەسەریان بۆ نەدۆزرێتەوە. هەتا کێشەکان زیاتربن ئاڵۆزییەکانیش زیاتر دەبن و هێزی پێشمەرگە زیاتر کاریگەر دەبێت.

● هەتا کێشەی نێوان هەولێر و بەغدا ئاڵۆزتر بێت هێزی پێشمەرگە کاریگەرتر دەبێت

● سوپای عێراق بەبێ مۆڵەتی ئێمە ناتوانێت بێتە کوردستان

● ئامادەین هێزی پێشمەرگە بنێرینە شارەکانی عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرستان



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

## کۆنسێرتی کوردی لە خوراسان ئازاد دەکرێت



**ئومێد بەرین- خوراسان**

بۆ یەکەمجار حکومەتی ئێران رێگە بە کوردی شـاری خوراسـانی باکووری ئێران دەدات، کە کۆنسـێرتی کوردی ساز بکەن. ئەو کۆنسێرتە بڕیارە رۆژی 28 و 29ی ئەو مانگە لە هۆڵی گوڵشەنی بیرجەند بە بەشداری هونەرمەندی کوردی خوراسانی، موحسێن میرزا زادە بەڕێوەبچێت. کوردی خوراسان بە جۆش و خرۆشەوە پێشوازیان لەو کۆنسێرتە کردووە. کوردی خوراسان لە پارێزگای خوراسانی باکوور و چەند شارێکی پارێزگای خوراسان نیشتەجێن و ژمارەیان نزیکەی ملیۆن و نیوێک دەبێت.

هونەری
رووداو
ژمارە (299) دووشەممە 2014/2/24



### سینەماکاری کورد مانۆ خەلیل بۆ (رووداو):

# فیلمی داهاتووم لەسەر جاشەکانە



فیلمی هەنگەوان (Der Imker)ی دەرهێنەری کورد، مانۆ خەلیل کە لەلایەن کۆمپانیای (Braveheart internation-al) بەرهەم هاتووە، ئێستا لەسەر شاشەی سینەماکانی ئەڵمانیا نمایش دەکرێت. ساڵی رابردوو ئەو کۆمپانیایە و فێستیڤاڵی فیلمی دۆکیومێنتاری میونشن کە ساڵانە لە مانگی گوڵاندا سازدەکرێت، فیلمی "هەنگەوان"یان وەکو باشترین هەڵبژاردبوو.

دەرهێنەری کورد مانۆ خەلیل ساڵی 1964 لە شاری قامشلۆ لەدایکبووە. نزیکەی 20 ساڵە لە سویسرا دەژی و خوێندنی سینەمای لە چیکۆسلۆڤاکیا تەواوکردووە. نزیکەی 16 فیلمی دروستکردووە و زۆر خەڵاتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی وەرگرتووە.

مانۆ خەلیل، وەکو بینەرێک بەدیار فیلمەکەیەوە دانیشتبوو لە سینەمای (Arri-Cinema)ی شاری میونشن. دوای تەواوبوونی نمایشی فیلمەکە (رووداو) ئەو هەڤپەیڤینەی لەگەڵ ساز کرد.

**هەڤپەیڤین: رەشاد ئۆزکان**
**رووداو - میونشن**

**رووداو: دەتانەوێ بەهۆی فیلمی "هەنگەوان" چ پەیامێک بدەنە بینەران؟**

**مانۆ خەلیل:** بەڕاسـتی کاری من ناردنی پەیام نییـە، من چیـرۆک دەگێڕمەوە. لەسـاڵی 1992 فیلمێکم دروسـتکرد لەسەر مەسەلەی کورد لەژێر دەسـتی رژێمی بەعسی سووریادا. من ماوەی 20 سـاڵە لە دەرەوەی وڵاتم، چیرۆکی گەلی کورد لە ئەورووپا پێشـاندەدەم. هەڵبـەت بەهاوکاری وڵاتە ئەورووپییـەکان نـەک بە هاوکاری کـورد. تاوەکو ئێسـتا هیـچ هاوکارییەکـم لە حکومەتـی کورد، تەلەڤزیۆنـە کوردییەکان، پەیمانگـەی کوردی و پارتە کوردییەکان وەرنەگرتووە.

**رووداو: نزیکەی 20 سـاڵە لە سویسرا دەژین، کاتێک فیلمێک دروسـت دەکـەن، وەک ئەڵمانی بیردەکەنەوە یان وەک کورد؟**

**مانـۆ خەلیل:** من سـەت لە سـەت بە کوردی بیردەکەمەوە. من کـوردم. من منداڵ نەبووم ئەو کاتەی هاتمە ئەورووپا. یاسام لە زانکۆی دیمەشق خوێند و دواتر چوومە چیکۆسلۆڤاکیا کە ئەوکاتە تەمەنم 25 ساڵ بوو.

**رووداو: پێتانوایـە ئێمە ئەمڕۆ دەتوانین بڵێین "سینەمای کوردی"مان هەیە؟**

**مانۆ خەلیل:** تاوەکو ئەمڕۆ سـینەمای کوردی نییە. سـینەمای کوردی ئەوکاتە دروست دەبێت کـە کوردسـتان ئازادبوو. ئەوکاتەی سـینەما بۆ پێشـاندانی فیلمی کوردی دروسـتبکرێن، کاتێک فیلمەکانم نەک تەنیا لە میونشن، بەرلین، نەمسا و سویسـرا، بەڵکو لە سینەماکانی کوردستانیش نمایشـکران، ئەوکاتە دەتوانین بڵێین سـینەمای کوردی هەیە. کە فیلمێکمان دروستکرد و بەشداری فێستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی بوو، ئەوە مانای ئەوەیە سـینەمای کوردیمان هەیە؟ من دەڵێم سینەمای کوردی هێشـتا لەدایک نەبـووە. لەوانەیە دایکی سـینەمای کـوردی دووگیان بێت، واتـە لەوانەیە ئەو منداڵە کە سـینەمای کوردییە لەدایک ببێت.

بەڵام ئایا ئەو منداڵە پەککەوتە دەبێ، جوان دەبـێ، ژیر دەبێ، شێت دەبێت، کەس ئەوە نازانێت، ئومێدەوارم رۆژێک لە رۆژان لەدایک ببێت. ئەگەر دەوڵەتی کوردسـتان دروسـت بـوو، ئەوکاتە سـینەمای کوردی دروست دەبێت.

**رووداو: پەیوەندییەکـی ئەوتـۆ لەنێـوان دەرهێنـەر و هونەرمەنـدە کوردەکاندا هەیە؟**

**مانۆ خەلیل:** ئێمە یەکدی دەناسین. ماوەیـەک لەمەوبـەر لـە فێسـتیڤاڵی سـینەمای دهـۆک بـووم. لـەوێ زۆر دەرهێنـەری کوردم بینیـن. هەندێکیانم تازە ناسـین. دیارە بەهۆی پشـتیوانیکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سینەماکارانی کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان، ئیدی بە سـەدان فیلم دروسـتبووە. دەرگا کراوەتەوە و هەر کەسـێک فیلم دروسـت دەکات. تەنیا لەسەر سایتی وەزارەتی رۆشنبیری کوردستان ناوی 640 دەرهێنەری سینەمایی کورد هەیە.

**رووداو: بەڵام کوالیتی فیلمەکانیان چۆنە؟**

**مانۆ خەلیل:** دیارە فیلمی جۆراوجۆر هەیە، ئەگەر سینەمای کوردی دروست بوو، ئەوکاتە کوالیتیش دیاردەبێت. پێموایە ئێستا کوالیتی نییە.

**رووداو: دەرهێنەرانـی کـوردی باکـووری کوردسـتان زۆریـەی فیلمەکانیان بـە زمانی تورکی دروسـت دەکەن. ئایا دەتوانین بڵێین ئەمە "سینەمای کوردی"یە؟**

**مانـۆ خەلیل:** زمانی فیلمەکە گرنگ نییە، رۆحی فیلمەکە گرنگە. ئەگەر چیرۆکی رۆحی فیلمەکە بـە کوردی بێت، ئـەوە فیلمەکەش کوردییـە. بابەتـی فیلمەکە چـی بێت، ئەوە فیلمی خۆت و وڵاتی خۆتە. ئەگەر وابەستەی رۆح و ئازادی وڵاتەکە بێت، ئەوە کوردییە.

**رووداو: کـورد زۆر کـەم دەخوێنێت و زۆر کەمیـش دەچێتـە سـینەما، ئەمە تـا چەند بەربەستە لەبەردەم گەشەکردنی رۆشنبیری و سینەمای کوردی؟**

**مانۆ خەلیل:** بۆچی کورد ناچێتە سینەما؟ لەبەرئەوەی کەلتووری سـینەما لە کوردستان نییە. مێشـکی سینەمایی لە کوردستان نییە و رەخنەش نییە. لەبەرئەوەی کورد بەچاوێکی ناشـیرین سـەیری سـینەما دەکات. پێشتر کاتێک باسی کەسێکی خراپیان دەکرد، دەیانگوت "مەیخۆر، قومارچی، فیلم و سینەماچی". هەڵبەت ئەم بیرکردنەوەیە دەگۆڕدرێت، ئەگەر گەلی کورد خـۆی لەژێر دەسـتی داگیرکەرانـی رزگار کرد و سەربەخۆیی وەرگرت.

**رووداو: دروستکردنی فیلم بۆ ئێوە چییە؟**

**مانۆ خەلیل:** من خەونەکانم بەدی دێنم. خەونی مـن گەلێکی ئازادە و من بەهۆی سـینەماوە ئەو خەونەم بەدی دێنم.

**رووداو: وەک هونەرمەندێکـی رۆژئـاوای کوردستان چۆن سەیری رەوشی وڵات دەکەیت؟**

**مانۆ خەلیل:** ئێمە بێ ئومێدین و دەبینین کورد یەکناگرێت. هەربنەماڵەیەک چیرۆکێک دەگێڕێتەوە و گۆرانییەک بۆ خۆی دەڵێت. گەلی کورد پارچە پارچە بووە. هەندێکی دەڵێ کوردسـتانمان ئازاد کـردووە. لەلایەکـی دیکەشـەوە دەبینیـن 300 هـەزار کـورد هەڵاتوون و لە کەمپەکانـدا دەژین. بنەماڵەکەشم دابەشبووە، زۆربەیان روویانکردووەتە وڵاتـە ئەورووپییـەکان. براکەم لەگـەڵ 5 منداڵی رایکردبـووە کەمپێکـی پەنابەران لـە هەولێر. لە هەمانکاتدا هەندێکیان دەڵێن کوردسـتانمان ئازاد کردووە. کوا کوردستانیان ئازاد کردووە؟!

**رووداو: دەتوانی بچیتە رۆژئاوای کوردسـتان و فیلم دروستبکەی؟**

**مانۆ خەلیل:** ئەگەر ئازادبوو دەچم. دیکتاتۆری سووریا کە لاوانی کورد لە زیندانەکاندا دەکوژێت، هێشتا پەیکەرە 4 مەترییەکەی لە قامشلۆیە. ئایا ئەگەر ئێسـتا پەیکەری سەدام لە هەولێر بووایە، دەمانگوت هەولێر ئازادە؟!

**رووداو: ئێسـتا فیلمێکی نوێ دروسـتدەکەن، ناوەڕۆکی فیلمەکە لەسەر چییە؟**

**مانۆ خەلیل:** لەسـەر خیانەتـە. دیارە تاوەکو ئەمـڕۆش بـە هـەزاران کـورد خیانەت لـە گەلی خۆیان دەکەن، خراپتر لە دوژمنان. مرۆڤ کاتێک سـەیری مێژووی کوردستان دەکات، دەبینێت کە هەموو شۆڕشەکانی کوردستان لەبەر خیانەتکردن تووشـی شکسـت هاتوون. هەمیشە خائین لەنێو گەلی کـورددا هەبوون، بۆ نموونـە لە باکووری کوردسـتان بە هەزاران جاشـی کـورد هەن کە کورد دەکوژن. لە باشـووری کوردستانیش 250 هـەزار جاش هەبـوون، هەروەها لـە رۆژهەڵاتی کوردسـتانیش جاش هەن کە دژی ئازادیی کورد و کوردسـتان کاردەکەن. دیارە لە هەموو دونیا کەسـانی وا هەن. ئێمە دەمانەوێ بەمشـێوەیە بەهـۆی کچێـک کـە لە کوردسـتان لـە باوکی دەگەڕێت، ئەم مەسەلەیە پێشان بدەین.

● **بە هاوکاری ئەوروپیەکان کار دەکەم نەک کورد**

● **تاوەکو دەوڵەتی کوردی دروست نەبێت سینەمای کوردیش دروست نابێت**

● **دایکی سینەمای کوردی هێشتا دووگیانە**




**هەنگەوان:**

چیرۆکی هەنگەوان، بەسەرهاتی کوردێکی ناوچەی مەرەشـە بە ناوی ئیبراهیم گەرەز. ئەو پیاوی تەمەنی 4 ساڵان بووە، کە باوکی کۆچـی دوایی کـردووە و باپیـری بەخێوی کـردووە. ئیبراهیم دەڵێ "باپیـرم زۆر منی خۆشدەویست. لـە کاتی سـونەتکردنمان کیلۆیـەک هەنگوینی بەدیاری دایە من. لە تەمەنـی منداڵیمدا زۆر باسـی هەنگوینمان دەکرد، لە توانای زۆر کەسدا نەبوو هەنگوین بکـڕن. چونکـە زۆر کەمبـوو. زۆر داوام لە باپیرم کرد کە هەنگێکم بۆ بکڕێ. باپیریشم مەڕێکی بە دوو شانە هەنگوین گۆڕییەوە".

مام ئیبراهیم تاوەکو ساڵی 1990 یەکێک بوو لـە بەناوبانگترین هەنگەوانانی باکووری کوردسـتان، تاوەکـو ئـەو رۆژەی دەوڵەتی تـورک ماڵ و موڵـک و هەنگەکانی خاپوور دەکا، بۆیە رووەدەکاتە سویسرا، بەڵام لەوێش دەستبەرداری هەنگەوانی نابێت.

## لە نێوان 140 هەزار فۆتۆدا هەڵبژێردراوە

# وێنەیەکی کوردستان دەگاتە قۆناغی کۆتایی خەڵاتێکی بەناوبانگ

**ئەیمی گەتمان**
**رووداو- لەندەن**

یەکێک لە گەورەترین خەڵاتەکانی فۆتۆگرافی ئامـادەی بەخشـینە و لەوانەیـە بدرێـت بـە فۆتۆگرافـەری ئایرلەنـدی ئیڤـۆر پریکەت، بۆ وێنەیەکی کوردستان.

ئـەو فۆتۆگرافەرە فۆتۆکەی لـە نێوان 140 هەزار فۆتۆدا گەیشـتووەتە قۆناغی کۆتایی بۆ خەڵاتی فۆتۆگرافی سـۆنی وۆرڵد کە بڕیارە لە 30ی نیسان بدرێتە جوانترین وێنە.

کۆمەڵـە وێنەکـەی پریکـەت کـە نـاوی "کوردستان گەشە دەکات" ی لێناوە، لە ساڵی 2012دا گیراون کاتێک بۆ یەکەمجار سـەردانی باشووری کوردستانی کردووە.

ئەو دەڵێت "سـەرەتا بەسـەردانێکی کورتی دوو هەفتەیـی چوومە کوردسـتان. ئەوێ هەم سەرنجڕاکێش بوو، هەمیش خەمهێن، بە چەند وێنەیەکـەوە گەڕامـەوە. بـەڵام دوای کەمتـر لـە مانگێـک جارێکی دیکە گەڕامـەوە و ئینجا کارەکانـم دەسـتپێکرد. لەوکاتـەوە سـێ جار سـەردانی کوردسـتانم کردووە، ئێسـتا ئیدی ئاڵوودەی کوردستان بووم، خەڵکی کوردستانم خۆشدەوێت".

بـە بـڕوای ئـەو فۆتۆگرافـەرە کەلتـووری کوردسـتان کراوە و هاوڕێخوازە، ئەم کەلتوورە کوردستانی کردووەتە شوێنێکی ئاسان بۆ کاری فۆتۆگرافـی. کارەکەی پریکەت پێشـکەوتن و ئەزموونی خۆبەڕێوەبردنی کورد پیشان دەدات دوای 10 ساڵ لە داگیرکردنی عێراق.

"هەموو کارەکانی من کار لەسەر ئەم بابەتە دەکەن، هەر لەبەر ئەمەشە کوردستان سەرنجی منی راکێشـاوە. کارەکانی مـن جیاوازی نێوان گەشەی کوردستان و ناسەقامگیریی وڵاتەکانی دراوسێی، بۆ نموونە سووریا پێشان دەدات".

لە ساڵیادی هێرشـی هاوپەیمانان‌دا بۆ سەر عێـراق، پریکـەت لەسـەر وێبسـایتەکەی لـە رێگەی وێنە و نووسینەوە هەولێر وەکو هێمای گەشەکردنی ئابووری نیشان دەدات و جیاوازیی نێـوان گەشـەی کوردسـتان و ناسـەقامگیری دراوسـێکانی و کاریگەرییان لەسەر کوردستان نیشان دەدات.

پریکـەت هەر لـە تەمەنـی هەرزەکارییەوە دەسـتی بـە وێنەگرتـن کـردووە و لە سـاڵی 2006 دوای تەواوکردنـی زانکـۆ، یەکەم کاری پرۆفیشـناڵی بە ئەنجام گەیاندووە. کارێکی بە ناوبانگی لەسـەر کروات و سـربەکان بوو. ئەو وێنەی ئەو ئاوارانەی دەگرت کە لە دوای جەنگەوە دەگەڕانەوە ماڵەکانی خۆیان. وێنەکانی چەندین خەڵاتیان بردەوە و زەمالەیەکی خوێندنیشـیان بۆ مسۆگەر کرد.



یەکێک لە وێنەکانی فۆتۆگرافەری ئایرلەندی ئیڤۆر پریکەت کە لە ماڵپەڕەکەی خۆی دایناوە

بەڵام ئەو وێنەیەی کە پریکەتی پێ ناسراوە، وێنەی پەیامنێرێکی سەندەی تایمزە. پریکەت کاتی شۆڕشی میسـر وێنەیەکی ماری کۆڵڤنی گـرت. وێنەکـە دوا وێنەی ماری بوو، سـاڵێک دوای وێنەکە کوژرا.

"کارم بۆ سەندەی تایمز دەکرد و داوام لێکرا وێنەیەکی ماری بگرم بۆ یەکێک لە نووسینەکانی لەسـەر شۆڕشـی میسـر. بۆ ماوەیەکی کورت یەکدیمان لـە گۆڕەپانی تەحریر بینی. هەر کە بینیم بە کەسـێکی بە هێز و بەخشـندە هاتە پێش چاوم". پریکەت بەو شێوەیە باسی ماری دەکات.

چەنـد رۆژێک دوای کوژرانـی ماری کۆڵڤن، وێنەکـەی پریکەت لـە هەموو جیهانـدا بینرا. بینینی وێنەکەی پریکەت لەبەر گرنگی وێنەکە نەبـوو، بەڵکـو لەبـەر کوژرانی مـاری بوو لە بۆردومانی سـوپای سـووریادا بۆ سـەر شاری حومس لە 22ی شوباتی 2012. پریکەت دەڵێت گرنگیی وێنەکـە لەوەدایە کـە بیرەوەرییەکان زیندوو دەکاتەوە.

"خۆشحاڵم کە ئەم وێنەیە بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو رۆژنامەنووسـە کارامەیـە بەکاردەهێنرێت. یەکێک لە گرنگترین مەبەسـتەکانی فۆتۆگرافی وەبیرهێنانەوەیە". پریکەت وا دەڵێت.

کارەکانـی پریکـەت لـە کوردسـتان تەواو نەبـووە. ئەو هیوادارە سپۆنسـەر بۆ کارەکانی پەیدا بکات و بەمزووانە بگەڕێتەوە کوردستان.

دوای ئەوەی کە براوەی خەڵاتی سۆنی وۆرڵد دەستنیشـان دەکرێت لە 30ی مانگی نیسان. ئـەو چەند وێنەیەی کە گەیشـتوونەتە قۆناغی کۆتایی بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە، لە مانگی ئایار لە لەندەن لە پێشەنگایەکدا نیشان دەدرێن.

**دەتوانن سەردانی وێبسایتەکەی پریکەت بکەن www.ivorprickett.co.uk**

**رووداو- سوێد**

رۆژنامەیەکی سوێدی خەڵاتێکی ساڵانەی خۆی دەبەخشێتە کوردێکی نیشتەجێی ئەو وڵاتە. کۆمیدیکاری بەرەگەز کورد ئۆز نوژەن خەڵاتی تەنزی (مراوی) ئەمساڵی رۆژنامەی ئێکس پرێسێنیی پێبەخشرا. ئۆز نوژەن لە رۆژنامەی ئێکس پرێسێندا وەک تێکەڵەیەک لە "را دروستکەر و کۆمێدیکارییێکی بەهێز" ناوی هاتووە. هەروەها لە هەمان رۆژنامەدا شانۆنامەی (دۆلیگ ستێمنیگ) بەیەکێک سەرکەوتووترین شانۆنامە لەو بوارەدا دەدەنرێت کە ئۆز نوژەن بە تەنیا نمایشی کردووە. شانۆنامەکە سەرەڕای بواری کۆمیدیا لە رووی سیاسیشەوە رەخنەی تێدابوو.





# 3 گەنجی کورد لە پەرلەمانی دانیماركدا باسی لەسێدارەدان دەکەن

**دەنیز سەرینجی**
**رووداو- کۆپنهاگن**

سێ لاوی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دەچنە پەرلەمانی دانیمارک و لەوێ باسی سزای لەسێدارەدان دەکەن لە ئێران کە رژێمی دەسەڵاتداری ئەو وڵاتە لە گۆڕەپانە گشتییەکاندا و لەبەرچاوی خەڵک لەسەر نەیارانی سیاسی و چالاکوانانی مەدەنی جێبەجێی دەکات.

سورەت جەمشید، زاگرۆس فەلاحی و شاهۆ پیرانی کە دانیشتووی دانیمارکن، خێزانەکانیان لەبەر هۆکاری سیاسی هاتوونەتە ئەو وڵاتەی سکەندەناڤیا.

ئەو سێ لاوە لەنێو پەرلەمانی ئەو وڵاتەدا باسی رەوشی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستانیان بۆ پەرلەمانتارانی دانیمارک کرد. هەروەها هەندێک وێنەشیان پێشاندان کە ئاماژە بوون بۆ رەوشی خراپی کورد لە ئێران. ئامادەبووان ئەندامی کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی پەرلەمانی دانیمارک بوون و یەکێکیان پێر ستیگ مۆلەر، وەزیری دەرەوەی پێشوو بوو کە گوتی "وێنەکان زۆر مەترسیدارن."

زاگرۆس فەلاحی، خەڵکی شاری بانەی رۆژهەڵاتی کوردستان گوتی "ئێمە زۆر خۆشحاڵین کە پەرلەمانی دانیمارک دەرفەتمان پێدەدات باسی رووداوەکانی ئێران بکەین".

ئەو گەنجانە هیوادارن حکومەتی دانیمارک لە سیاسەتی دەسەڵاتدارانی ئێران بەدەنگ بێت.

فەلاحی دەڵێ "دانیمارک هەمیشە مافەکانی مرۆڤ و ئازادی رادەبڕین دەپارێزێت. راستە وڵاتێکی بچووکە، بەڵام ئەندامی یەکێتی ئەورووپایە، بۆیە دەتوانێ شتێک بکات". ئەو پێیوایە رەخنەی وڵاتانی رۆژئاوا کاریگەری لەسەر رژێمی تاران دەبێت.

تازە مەنسوور ئەروەند سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچووبوو بە تۆمەتی دژایەتیکردنی خودا، بەڵام دوای ئەوەی بنەماڵەکەی و ئیسماعیلی برای کە لە دانیمارک دەژی باسی برای خۆیان بۆ میدیاکانی دانیمارک کرد، سزاکەی سووک کرا، ئیدی مەنسوور لەسێدارە نادرێت. بەڵام هەموو ژیانی خۆی لە زینداندا بەسەر دەبات.

بەبڕوای فەلاحی ئەم گۆڕانەش بەهۆی رەخنەکانی رۆژئاوایە.

کۆبوونەوەی نێو پەرلەمان لەنێوان هەرسێ لاوی کورد و سیاسەتمەدارانی دانیمارکی لەلایەن فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکانی دانیمارک (FKKD) رێکخرابوو. عەدنان ئاغاجان، سەرۆکی (FKKD) گوتی "ئامانجمان رێگەگرتنە لە سزای لەسێدارەدان. دەمانەوێ جیهان لەرەوشی زیندانیانی کورد لە ئێران ئاگادار بکەینەوە."

هەر لەو ماوەیەدا کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دانیمارک کە ژمارەیان نزیکەی 2500 کەسە، لەبەردەم پەرلەمانی دانیمارک و باڵیۆزخانەی ئێران لە کۆپنهاگن خۆپێشاندانێکی ناڕەزاییان رێکخست و ژمارەیەکیان بۆ ماوەی سێ رۆژ مانیان لە خواردن گرت بۆ شەرمەزارکردنی سزای لە سێدارەدان لە ئێران.

بەشێکی پەرلەمانتارانی دانیمارکیش سزای لەسێدارەدانیان مەحکوم کرد. یەکێک لەوانە نیکۆلا ڤیلومسێن لە لیستی یەکێتی بوو کە پارتێکی چەپە و دەڵێت ئەو لە بێدەنگیی نێودەوڵەتی تێناگات "بەکارهێنانی ئەشکەنجە و لەسێدارەدان لە ئێران قابیلی قەبوڵ نییە و دژی مافی مرۆڤە، پێویستە وڵاتانی جیهان رەخنە لەم کارە بگرن".

ڤیلومسێن هیواخوازە رۆژئاوا و دانیمارکیش پشتیوانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی و دیموکراتی بکەن لە ئێران "لەبەر ئەوە دەمەوێ وەزیری دەرەوەی دانیمارک ئەو لە سێدارەدانانەی ئێران پرۆتستۆ بکات".

هۆلگەر ک. نیلسێن، وەزیری پێشووی دەرەوە بەمشێوەیە وەڵامی ڤیلومسێنی دایەوە و گوتی "رەوشی مافەکانی مرۆڤ و لە سێدارەدانەکانی ئێران نیگەرانمان دەکات".

نیلسێن بۆ ڤیلومسێنی نووسیوە کە "دانیمارک هەمیشە ناڕەزایەتی دەربڕیوە بەرامبەر رەوشی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران و ژمارەی زۆری لەسێدارەدان. دانیمارک وڵاتێکی زۆر چالاکی یەکێتی ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکانە لە بواری رەخنەگرتن لە ئێران".

ناوەڕاستی ئەو مانگە حکومەتی دانیمارک و وەزیری دەرەوەش گۆڕدران و مارتێن لیدەگارد بووە وەزیری دەرەوە. لیدەگارد تاوەکو ئێستا هیچ شتێکی لەسەر ئێران نەگوتووە. بەڵام کوردی دانیمارک بەردەوام هەوڵدەدەن سەرنجی رابکێشن بۆ سەر رەوشی خۆیان.

عەدنان ئاغاجان، سەرۆکی (FKKD) دەڵێ "ئەمە شەڕێکی درێژە، بەڵام ئێمە بەردەوام ئەم کێشەیە دەخەینە بەرچاو".



سورەت جەمشید، زاگرۆس فەلاحی و شاهۆ پیرانی لەنێو باڵەخانەی پەرلەمانی دانیمارک



## UNHCR کورتە ڤیدیۆیەکی لەسەر بڵاودەکاتەوە

# 6 زمان چیرۆکی پەنابەرێکی کورد دەگێڕنەوە



**زنار ئالا**
**رووداو- ئەسینا**

سەبریە، ئەو ژنە پەنابەرە کوردەی کە بەو نیازە زێدی خۆی بەجێهێشت بە ئەندامانی بنەماڵەکەی شاد بێتەوە لە ئەڵمانیا، قەدەری وابوو کە لە یۆنان بگیرسێتەوە. سەبریە ئێستا بووەتە چیرۆکی رۆژنامەکان و شاشەی تیڤییەکان، تاوەکو ئێستاش شەش زمان چیرۆکی ئەو پەنابەرە کوردەیان گێڕاوەتەوە.

سەبریە بەپێی ناسنامەکەی، ساڵی 1907 لە شاری تربەسپی لە رۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە. لەوانەیە تەمەنی ئەو پیرەژنە چەند ساڵ کەمتر یان زیاتر بێت، چونکە تۆمارەکانی ئەو سەردەمە تەواو ورد نین، بەڵام بە سەروسیمایەوە دیارە کە هەر هیچ نەبێت 100 ساڵ ژیاوە.

سەبریە خەلەف ئێستا لە شاری ئەسینای پایتەختی یۆنان گیرساوەتەوە، ناتوانێ بگاتە منداڵەکانی لە ئەڵمانیا. رەوشی ئەو پیرەژنە بووەتە جێی سەرنجی کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان. بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ چارەیەکی بۆ نەدۆزراوەتەوە بۆ کۆتاییهێنان بە ئازارەکانی. چیرۆکی ئاوارەبوونی سەبرییە تاوەکو ئێستا بە شەش زمان بڵاوکراوەتەوە (عەرەبی، ئیسپانی، ئینگلیزی، فەرەنسی، یۆنانی و کوردی).

کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران (UNHCR) لە یۆنان، لەسەر ماڵپەری یوتیوب ( UNHCRGreece) ڤیدیۆیەکی دەربارەی ژیانی سەبریە بڵاوکردووەتەوە. لەو گرتە ڤیدیۆیەدا سەبریە لە ماوەی یەک خولەک و نیودا داوادەکات بیگەیەننە ئەندامانی دیکەی خێزانەکەی لە ئەڵمانیا.

سەبریە دەڵێ هەرگیز ئەڵمانیا لەبیریدا نەبووە، بەڵام بۆ مەبەستی بینینی منداڵەکانی رووی کردووەتە ئەو وڵاتە "گوتم با پێش مردن منداڵەکانم ببینمەوە. بەخوا ئەڵمانیا بە کەڵکم نایەت و کەسانی وەکو من نایەنە ئەڵمانیا. بەڵام ئەوە ئاگری جگەرە رامدەکێشێت."

سەبریە لەوە دەترسێت کە بە حەسرەتی بینینی ئەوانەوە لەم دونیایە باربکات، پێش ئەوەی بیانبینێ "بەخوا باوەڕناکەم بیانبینمەوە، هەرگیز باوەڕ ناکەم. نەخۆشم و دەمرم" سەبرییە بەدەم گریان و فرمێسک باراندنەوە ئەو قسانە دەکات.

پێنج مانگ لەمەوبەر، سەبریە لەگەڵ کەنعانی کوڕی و هاوسەری کەنعان تربەسپی بەجێدێڵن، بە ئومێدی ئەوەی کە بە زووترین کات پەیوەندی بە ئەندامانی بنەماڵەکەیان بکەن لە ئەڵمانیا. کەنعان لە کەلاوە خانوویەکی شاری ئەسینای پایتەختی یۆنان باسی ژیانی خۆی بۆ رۆژنامەنووسێکی ئیسپانی دەکات و دەڵێت "تربەسپی لە هەموو ناوچەکانی دیکە سەقامگیرتر بوو. بەڵام ئیسلامییە توندڕەوەکان دەستیانکرد بە چالاکیی تیرۆریستی."

لە کۆی 9 منداڵی سەبریە، ئێستا چواریان لە ژیاندا ماون و 29 نەوەشی هەیە کە زۆربەیان لە ئەڵمانیا دەژین. دوا داواکاری سەبرییە ئەوەیە کە بەر لە مردن بتوانێ نەوەکانی لە باوەش بگرێت.

بەهزاد یاگماین، پرۆفیسۆری ئابووری سیاسی لە زانکۆی راماپۆی نیوجێرسی ئەمریکا کە لە مانگی کانوونی دووەمدا سەبریەی لە ئەسینا بینیبوو و لە نزیکەوە ئاگاداری بەسەرهاتی ئەو ژنە بوو، وتارێکی نووسی لەسەر ئەو پیرەژنە تەمەن سەدساڵە بەناوی "شەڕی ناوخۆی سووریا و بەتەمەنترین پەنابەری جیهان" وتارەکەی لە سایتی گلۆبالیستدا بڵاوکرایەوە. هەمان وتار بە زمانی فەرەنسیش لەسەر سایتی (Okea News) بڵاوکرایەوە.

بەهزاد یاگماین لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک رایگەیاند لە ماوەیەکی نزیکدا کەمپەینێک دەستپێدەکات بە ئامانجی رەوانەکردنی سەبریە بۆ ئەڵمانیا "وەرن با لەگەڵ چیرۆکی سەبریە بژین. وەرن هاوکاری سەبریە بکەین بۆ ئەوەی بتوانێت بە خێزانەکەی شادبێتەوە لە ئەڵمانیا".

# دادوەرێکی کورد لەنێو سیستەمی دادوەری ئەڵمانیا دایە

**یادۆ جوان**
**رووداو- بەرلین**

لەنێو کوردی تاراوگەدا کەم کەس هەن پلە و پایەی باڵایان بەدەستهێنابێ. لوقمان ئۆردەک یەکێکە لەو کەسە دەگمەنانە کە بەهۆی رەنج و شارەزایی خۆی لەنێو سیستەمی دادوەریی ئەڵمانیدا شوێنێکی دیاری داگیر کردووە. ئەگەر تەماشای سەرەتاکانی چیرۆکی ژیانی لوقمان بکەین، هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئەو و کوردێکی دیکەدا نابینین، بەڵام ئەو دواتر دەبێتە کەسێکی سەرکەوتوو.

لوقمان ساڵی 1978 لە (گرێ سرتێ)ی سەر بە ناوچەی وێرانشاری روها لە خانەوادەیەکی ئێزدی لەدایکبووە. تاوەکو تەمەنی 10 ساڵی لە گوند ژیاوە. ساڵی 1987 لەگەڵ خێزانەکەی کە 10 خوشک و بران لە ئەڵمانیا دەبنە پەنابەر و بۆ ماوەیەک لە دوو- سێ کەمپی پەنابەریدا ژیان بەسەردەبەن. لوقمان سەرەتا لە فرانکفۆرت جێگیر دەبێت، دواتر رەوانەی (Braunschweig) دەکرێت. لەوێشەوە دەچێتە شارێک بەناوی (Bramsch) لە نزیک ئۆسنبۆرگ. لەوێش جارێکی دیکە دەچێت بۆ قوتابخانە، چونکە تەواوی نەکردبوو و لە پۆلی سێیەمەوە دەستپێدەکاتەوە.

بەڵام چونکە تەمەنی لە قوتابیەکانی دیکە گەورەتر بووە دەینێرن بۆ پۆلی پێنجەم. هەرچەندە سەرەتای هاتنی بوو بۆ ئەڵمانیا و زمانیشی بەباشی نەدەزانی، بەڵام لەماوەیەکی زۆر کورتدا ئەم ئاستەنگە ناهێڵێت و لەسەر پێشنیازی مامۆستاکانی دەست بە خوێندنی ناوەندی دەکات.

لوقمان لە پۆلی هەشتەم دەبێتە زیرەکترین قوتابی پۆلەکەی و دەبێتە یەکەمی سەر ئاستی قوتابخانەکەی. دواتر لە (Osnabrück) لە کولێژی (Carolinum) دەخوێنێت و بە ئەنجامی زۆرباش ئەویش تەواو دەکات. لوقمان بەمشێوەیە ئەو رۆژانە بەبیر دێنێتەوە "لە کۆلێژدا دوو تا سێ کەس هەبوون راپۆرتەکانیان لە من باشتر بوون، بەڵام بۆ قوتابییەک کە لەنێو ئەو بارودۆخەدا گەورە ببێت و دواتر بێتە ئەڵمانیا، سەرکەوتنێکی باش بوو بۆ من. لەماوەی خوێندندا من ئەوەندە ئازارم نەکێشا. سەرکەوتنی من لە قوتابخانەدا، سەرباری حەسوودی هەندێک برادەر، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەچاوێکی باش سەیردەکرا".



دیارە لەنێو خێزانەکەیاندا کەسی خوێندەوار نەبووە کە یارمەتی بدات لە خوێندندا، بەڵام بەپێی توانای خۆیان ئەوانیش پشتگیری دەکەن کە بخوێنێت. لوقمان باسی سەرکەوتنی خۆی دەکات و دەڵێ بەهەر حاڵ ئەمە بەستراوە بە کەسایەتی و سروشتی مرۆڤەوە. ئەو خۆی ئەوەندە ژیر و زانا نابینێت و باسی حەز و ئیرادە دەکات "ئەو حەز و ئارەزووەم هەبوو کە من لە دەوروبەر و کۆمەڵگا تێبگەم."

پێش دەستپێکردنی خوێندنی زانکۆ، دەبووایە بڕیار بدات کە دەیەوێ لە چ بوارێکدا بخوێنێت. سەرەتا هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە ببێتە دادوەر. خێزانەکەی چاوەڕێ بوون ببێتە پزیشک. بەڵام بۆ خۆی دوودڵ دەبێت، لە کۆتاییدا دەیەوێ لە کۆلێژی پزیشکی بخوێنێت، لەبەر ئەوەی نمرەکانی بەرزبوون لەوێ قبووڵ دەکرێت. بەڵام لە دواچرکەدا بڕیاری دەگۆڕێت "لە کاتی خوێندنی ئامادەییدا، من بۆ ماوەی چەند هەفتە لە نەخۆشخانەیەک پراکتیکم هەبوو. راستی بڵێم، حەزم لەو ئیشە نەبوو. بینینی دیمەنی نەخۆشەکان لێرە و لەوێ، بەتایبەتی ئەوانەی نەخۆشیی درێژخایەن و قورسیان هەبوو بۆ من زۆر ناخۆش بوو.. گوتم پێموانییە بتوانم ئەو کارە بکەم و بیریشم لێکردەوە کە ئەوە بڕیارێکی راست نییە. ئەوەبوو لە کۆتاییدا بڕیارمدا لە بواری یاسادا بخوێنم."

لە ساڵی 1998 لوقمان لە زانکۆی گۆتێنگن دەستدەکات بە خوێندنی یاسا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا بڕیاری نەداوە ببێتە دادوەر، داواکاری گشتی، پارێزەر یانیش دەبێتە راوێژکاری یاسایی لەگەڵ دەزگایەک.

لوقمان بەمشێوەیە بەردەوامی بە قسەکانی دەدات "ئامانجی سەرەکیم ئەوەبوو خوێندنی خۆم سەرکەوتووانە تەواوبکەم. دوای خوێندنی زاکۆ بۆ ماوەی 2 ساڵ بە پراکتیکی دادوەریم کرد. دیارە لەو دوو ساڵەدا مرۆڤ ناچار دەبێت بەدوای زۆر وێستگەدا بگەڕێت، لەلای پارێزەران، دادوەرەکان و داواکارە گشتییەکانیش.."

ئەو دادوەرە بیر لەوەدەکاتەوە کە کاری پارێزەری و داواکاری گشتی لەگەڵ توانا و کەسایەتی ناگونجێت. ئەگەر کاری پارێزەری هەڵبژێرێت، ئەوە پێویستە زیاتر مەیلی بۆ تۆمەتباران هەبێت و لەوانەیە هەندێکجار بەرگری لە هەندێک کەیس بکات کە بۆ خۆی قەناعەتی پێی نەبێ. هەروەها بازاڕێکی فراوانی پارێزەران هەیە و چاودێری پێویستە. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر بیەوێ ببێتە داواکاری گشتی ئەوکاتەش رۆژانە رووبەڕووی کێشە و کەیسی ناخۆش دەبێتەوە و سەرقاڵیان دەبێت. بەڵام کاری دادوەری وا نییە. دادوەر دەبێ سەیری هەردوولا بکات و بەشێوەیەکی جیاواز سەیری مەسەلەکان بکات. ئەوەی لە کاری دادوەریدا بەلایەوە خۆشە، مەسەلەی ئازادیی دادوەرانە. لەبەر ئەوەی بێلایەنی و ئازادیی کاری دادوەران لەلایەن دەستووری بنچینەییەوە پارێزراوە. کەس ناتوانێ پێیان بڵێت بۆچی ئەم کەیسە بەمشێوەیە بەڕێوەدەبەیت. لوقمان دەڵێت "هەرچۆنێک بێت دوای ئەو قوناغ و ئەزموونانە، من لە ساڵی 2007 بوومە دادوەر." دوای وەرگرتنی بڕوانامەی دادوەر، لوقمان لە دەزگای کاری شاری هانۆڤەر وەکو راوێژکاری یاسایی دەستبەکار دەبێت. دواتر لە دادگای کۆمەڵایەتی شاری بەرلین کاردەکات. چاودێری کەیسی خانەنشینی، پەککەوتووان، بێکاری و ... هتد دەکات. ساڵانە لێکۆڵینەوە لە نزیکەی 400 تاوەکو 500 کەیس دەکات و بڕیاریان لەسەر دەدات. لوقمان ئۆردەک باسی دیموکراسیەتی ئەڵمانیا دەکات و دەڵێ "هەندێکجار بیردەکەمەوە و دەڵێم ئایا ئەگەر من لە وڵاتی خۆم یان لە تورکیا بوومایە، چیم دەکرد؟ لە وەڵامی خۆمدا دەڵێم، من وەکو کوردێکی ئێزدی هەرگیز نەمدەتوانی وەکو دادوەر کاربکەم! بەڕاستی چەندە گلەییمان هەبێت لە وڵاتانی ئەورووپا، بەڵام دەبێ دیموکراتی و یەکسانیی ئێرە لەبەرچاو بگرین".


پارێزگای سلێمانی خاوەنی
سامانێکی گەورەی مرۆیی و
سروشتییە. ئەوەش وایکردووە لە
بوارە ستراتیژی و گرنگەکاندا لەسەر
ئاستی عێراق یەکەم بێت.
24 خولەک
RÛDAW
www.rudaw.net
فازڵ نەجیب
سێشەممە 2014/2/25
کاژێر 18:32 خولەک بە کاتی هەولێر
دووبارەبوونەوە:
چوارشەممە کاژێر 10:30
16:32


RÛDAW
تەنیا لە
UB
UB HOLDING
هەواڵەکان بە سپۆنسەری
یوبی هۆڵدینگ بەردەوامە
SIDAR HOLDING
هەواڵەکانی وەرزشی بە سپۆنسەری
سیدار هۆڵدینگ بەردەوامە
qaiwan group
هەواڵەکانی ئابووری بە سپۆنسەری
گرووپی کۆمپانیاکانی قەیوان بەردەوامە
Signature HOLDING
کەشوهەوا بە سپۆنسەری
سیگنیچەر هۆڵدینگ بەردەوامە
MELLAT HOLDING
هەواڵەکانی تەندروستی بە سپۆنسەری
میللەت هۆڵدینگ بەردەوامە


تاوەرە بازرگانییەکانی ئیمپایر
نووسینگەی نایاب
ئێستا ئامادەیە
بۆ فرۆشتن
Empire
Building the Future World
Call: 0750 640 8811-8822-8833
www.empireiraq.com

## کچێک لە هوتێلێکی هەولێر هەوڵی خۆکوشتن دەدات



**رووداو–هەولێر**

رۆژی 2014/2/23 لەناو هۆتێلێک هەولێر، کچێک بەناوی (س.س. ح) 26 ساڵ، هەوڵی خۆکوشتن دەدات. ئەو کچە دانیشتووی بەغدایە و عەرەبە. رائید ژیلەمۆ عەبدولقادر بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر، بە (رووداو)ی گوت "ئەو کچە لە باوکی تورە بووە و هاتووەتە هەولێر لە هۆتێل ماوەتەوە، خۆی یاریدەدەری پزیشکە، لەناو ژوورەکەی خۆی هەوڵی خۆکوشتنی داوە، بۆ ئەوە جەستەی خۆی بڕیوە، خوێنی زۆر لەبەر رۆیشتووە، بەڵام کارمەندانی هۆتێلەکە زوو فریای کەوتوون و گەیاندوویانەتە نەخۆشخانە". گوتیشی "ئێستا تەندروستی کچە باشە و مەترسی لەسەر نەماوە".

رووداو
ژنان
ژمارە (299) دووشەممە 2014/2/24

# ژنی دووەمی هەندێک لە پیاوانی سلێمانی لە مووسڵ و کەرکووکە

**شادیە رەسوڵ**
**رووداو– سلێمانی**

"بەردەوام گومانم لە مێردەکەم هەبوو، چونکە زوو زوو سەردانی کەرکووکی دەکرد، دوای 7 مانگ زانیم کە ژنێکی عەرەبی لەوێ هێناوە".

نەزیرە عەبدولواحید، بەتەواوی بێ هیوا بووە لەوەی بتوانێ پیاوەکەی بکاتەوە ئەو هاوسەرەی چەند ساڵێک لەمەوبەر کە هەموو ئێوارەیەک دەگەڕایەوە ماڵی خۆی لە سلێمانی.

ئەو کاتانەی مێردەکەی نەزیرە لە سلێمانی نامێنێ و بەناوی کار و بازرگانییەوە دەچێتە کەرکووک، ئەویش ناچارە بڕواتە ماڵی باوکی تاوەکو دەگەڕێتەوە. وەک ئەوەی بیەوێ راستی قسەکانی بسەلمێنێ، چەند جارێک تەلەفۆنی بۆ هاوسەرەکەی کرد "لە شەوەوە ئەوە پەنجا جار تەلەفۆنی بۆ بکەم وەڵام ناداتەوە، دەزانم ئێستا لە کەرکووکە و لە ماڵی ژنە عەرەبەکەیەتی".

نەزیرە دەڵێ لە رێی هاوڕێیەکی هاوسەرەکەیەوە تێگەیشتووە کە کار لە ترازاوە "ئەو هاوڕێیەی مێردەکەم دەڵێ ئەو ژنەی کە هێناویەتی ژنێکی زۆر جوانە و مامۆستای زانکۆیە، من نازانم لە پێناوی چی ئەو ژنەی هێناوە". ئینجا گلەیی لە بێوەفایی هاوسەرەکەی کرد " 2 منداڵمان هەیە و بە خۆشەویستیش



هاوسەرگیریمان کردووە، ئێستا هەموو شت کۆتایی هاتووە، بەڵام دەمەوێت مێردەکەم خۆی بە ئاشکرا پێم بڵێت، من دڵم نایەت منداڵەکانم بەجێبهێڵم، بەڵام بەخوا شکایەت لە مێردەکەم دەکەم و دەبێت بۆم روون بکاتەوە کە کێشەی من چییە".

تەنیا نەزیرە نییە کە لەبەر کێشەیەکی لەوجۆرە سەردانی نووسینگەی رۆژئاوای بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان دەکات لە سلێمانی. هەندێک ژنی دیکە باسی ئەوەیان دەکرد کە ئێستا لەنێو پیاوانی سلێمانیدا خەریکە ئەوە دەبێتە دیاردە. بەتایبەتی ئەوانەی بۆ کاری بازرگانی هاتوچۆی کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی ناوەڕاست و باشووری عێراق دەکەن.

یەکێکی دیکە لە ژنەکان کە چەند ساڵێکە هەمان چیرۆکی هەیە و بەڵام ماوەیەکی کەمە تەقیوەتەوە، زۆر جەختی لەوە دەکردەوە کە نابێ ناوی بڵاوبکرێتەوە. ئەو ژنە کە هاتبووە ئەوێ بەو هیوایەی چارەنووسی یەکلایی بکرێتەوە، دەڵێت "ماوەی 12 ساڵە ژن و مێردین، بۆم دەرکەوتووە بەدزی منەوە لە مووسڵ ژنێکی دیکەی هێناوە، دوای ساڵێک بەتەواوی بۆم ئاشکرا بوو"، ئەو ژنە دەڵێ تازە چ سوودی هەیە ئەو جۆرە چیرۆکانە بگێڕێتەوە "لەبەر منداڵەکانم ئەوەم قبوڵکرد، بەڵام ئامادەنیم رێگەی بدەم بیهێنێتەوە بۆ سلێمانی".

هەرچەندە ئەو کارە هەڵبژاردەی هاوسەرەکی خۆیەتی، بەڵام ئەو بێ دوودڵی گوتی "ئەوەش خەتای حکومەتە، من لەگەڵ فرە ژنی نیم، بەڵام ئەوەش حاڵی پیاوەکانمانە دەچنە شارەکانی دیکە تاوەکو ژنی دووەم بهێنن".

بەپێی ئامارێکی نووسینگەی رۆژئاوای بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە سلێمانی، لەماوەی دوو مانگی سەرەتای 2014 دا 4 ژن سکاڵایان لەسەر هاوسەرەکانیان تۆمار کردووە بەهۆی ئەوەی کە لە دەرەوەی سلێمانی و بە دزیی ئەوانەوە ژنی دیکەیان هێناوە.

نەقیب هیوا کەریم، بەڕێوەبەری نووسینگەکە گوتی "ئەو دۆسییانەی ئێستا بەردەوام دێتە لامان کێشەی خێزانین، بەڵام ئەوەی کێشەی بۆ ئێمە دروستکردووە نەبوونی دادگایەکی تایبەتە بەم پرسانەی ژنان". ئەو دەڵێت هێشتا دادوەر بۆ کێشەی خێزانی دانەنراوە و کار بە یاسای خێزانی ناکرێت.

نەقیب هیوا کەریم دڵخۆشە بەوەی خەڵکی بە شێوەیەکی بەرفراوان پەیوەندییان پێوەدەکەن لە ناوەوە و دەرەوەی شار و دەڵێ ئێمە دەمانەوێت کێشەکان چارەسەر بکەین نەک ئاڵۆزیان بکەین "چونکە دەزگایەکی حکومییە و خەڵکی متمانەی هەیە کە کێشەکانیان چارەسەر دەکرێت، زۆربەی ئەو کێشانەشی روومان تێدەکەن، لێدان و جنێودان و حاڵەتی جیابوونەوەی ژن و مێردن".

# 139 ئافرەت بە مین و تەقەمەنی گیانیان لەدەستداوە



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو– سلێمانی**

فەریدە عەلی، نزیکەی 10 ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ ژمارەیەک ژنی دیکە چووە بۆ کۆکردنەوەی گیا بەهارییەکان. لەناکاو ترس و لەرزێکی زۆر دایگرتووە کاتێک هەستی کردووە لە نێو کێڵگەیەکی میندایە، بەڵام ئەو رۆژە چانس یاوەری بوو، چونکە وەک خۆی دەڵێ، هەر بە شوێن پێیەکانی خۆیدا گەڕاوەتەوە دەرەوەی کێڵگە مینرێژکراوەکە.

زۆر کچ و ژنی دیکە کاتێک چوونەتە ئەو دەشت قەدپاڵانەی سەتان مینیان تێدا شاردراوەتەوە، وەک فەریدە چانسیان نەبووە و ئەوەندەش هۆشیار نەبوون کە چۆن مامەڵە بکەن، بۆیە بە سەلامەتی نەگەڕاونەتەوە و ژیانی بەشێکیشیان هەر لەوێدا کۆتایی هاتووە.

لە پەلی دەستکردی سلێمانی، ئامینە دەیەوێ بچێتە ئەو ژوورەی چەندجار پێشتر سەردانی کردووە "دەبێ قاچەکەم پێشانی دکتۆر بدەم، چونکە ئازاری هەیە لەناو ئەم قاچە دەستکردەدا".

چیرۆکی لەدەستدانی قاچەکەی ئامینە محەممەد بۆ 14 ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، ئەوکاتەی چووە ئاژەڵەکانی بباتە قەدپاڵێکی سەوز و لەوێ لەوەڕێکی باشتریان دەستبکەوێ، بەڵام لەوێ مینێکی پێدا تەقیوەتەوە و کاتێک بە هۆش خۆی هاتووەتەوە، لەسەر یەکێک لە قەرەوێڵەکانی نەخۆشخانە بووە.

لەو ساڵانەی دواییدا، چەندین جار تیمەکانی هۆشیارکردنەوە لە مین کە سەردانی گوندەکانیان کردووە و لەبارەی خۆپاراستن لە مین و ناوچە مینرێژەکان خەڵکیان هۆشیارکردووەتەوە، ئامینە گوێی لێگرتوون، بەڵام وەک خۆی دەڵێ "تازە بە چی دەچێ، ئەگەر پێشتر ئەوانەم بزانیایە رەنگە وام لێنەهاتایە".

رۆژی 2014/2/18 بەڕێوەبەرایەتی کاروباری مین لە سلێمانی کۆنفرانسێکی لەبارەی مین و ناوچە مینرێژەکانەوە سازدا. سەباح حەسەن، بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مین لە سلێمانی رایگەیاند کە بەڕێوەبەرایەتییەکەیان لە ساڵی 2005 ەوە توانیویەتی 70 ملیۆن مەتر دووجا زەوی لە مین و تەقەمەنی پاک بکاتەوە "ئەگەر کارکردن بەو شێوازە بەردەوام بێت 17 ساڵمان پێویستە بۆ ئەوەی ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی لە مین و تەقەمەنی پاک بکەینەوە".

بەقسەی بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مین، لە دوای راپەرینەوە توانراوە 100 ملیۆن مەتر دووجا زەوی لە پارێزگای سلێمانی پاکبکرێتەوە، واتە بە رێژەی 23%ی ناوچە مینرێژەکان مەترسییان تێدا نەماوە. لەپێناوی ئەنجامدانی ئەو کارەش 74 کارمەندی تیمەکانی مینهەڵگرتنەوە بوونەتە قوربانی.

بەپێی ئەو ئامارەی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە سلێمانی دراوەتە (تۆڕی میدیایی رووداو)، ژنان بەراورد بە پیاوان و



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

منداڵان، کەمترین رێژەی قوربانیان پێکدێنن. لەساڵی 1991 ەوە تاوەکو 2013، لە سنووری پارێزگای سلێمانی، 83 ژن بە مین گیانیان لەدەستداوە و 56یش بە تەقەمەنییەکانی دیکە، هەروەها 123 ژن بە مین بریندار بوون و 51 یش بەتەقەمەنی.

لە بەرامبەردا 1620 پیاو بەهۆی مینەوە گیانیان لەدەستداوە و 2365 کەسیش بریندار بوون. هەروەها 1081 پیاو بە تەقەمەنی گیانیان لەدەستداوە و 1038 بریندار بوون.

ژنان و کچان بە درێژایی ساڵان بەشێک بوون لە قوربانیانی مین و تەقەمەنییەکان، بەڵام لەنێو تیمەکانی هەڵگرتنەوە و پاکسازیی میندا بەشداری ناکەن. میروان ئەحمەد، بەڕێوەبەری کارگێڕیی لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری مین لە سلێمانی دەڵێت لە زۆربەی وڵاتانی دەوروبەر ژنان بەشداریی لەو تیمانەدا دەکەن "بەڵام لە کوردستان نایەن بڵێن دەبینە ئەندامی تیمی مین هەڵگرتنەوە، ئێمەش بانگەوازمان بۆ ئەوان نەکردووە".

بەڵام ئەحمەد فەتاح، بەڕێوەبەری راگەیاندنی کاروباری مین، دەڵێ لەنێو تیمەکانی هوشیارکردنەوەدا ژمارەیەک ئافرەت هەن و پێشیوایە "ژنان باشتر لە پیاوان و منداڵان گوێڕایەڵی هۆشیارکردنەوە دەبن، لەم ساڵانەی دواییشدا ژمارەی قوربانیان لەناو ژنان بە تەواوی کەم بووەتەوە".

## خێزانەکەی گومان دەکەن بە غازی خەڵووز خنکابێ

# کەس سەر لە مردنی کچە پزیشکەکەی سلێمانی دەرناکات

**تەرزە عەبدوڵڵا**
**رووداو– سلێمانی**

هەر کەسە و بەجۆرێک رووداوی مردنی پزیشکە کچەکە دەگێڕنەوە، تەنانەت دایکیشی بە تەواوی نازانێ چۆن ئاوا بە ئاسانی کچەکەی لەدەستچووە.

لەسوچی کۆڵانێکی شەهیدانی زەرگەتە، لافیتەیەکی رەش هەڵواسراوە و ئەوانەی بەلایدا تێدەپەڕن هەڵوەستەیەک دەکەن، چونکە پێشتر ئەو ناوەیان لەسەر بۆردی نۆڕینگەی پزیشکی بینیوە "دڵگرانین بە کۆچی دوایی دکتۆرە شیرین عومەر قادر".

خەمێکی قووڵ بەڕووی ئامادەبووانی پرسەکەیەوە دیارە کە لەژێر خێوەتێکدا کۆبوونەتەوە.

فاتمەی دایکی شیرین بە چاوی پڕ لەگریانەوە باسی زیرەکیی کچەکەی بۆ دەکردن کە هەموو ساڵێک یەکەمی قوتابخانەکەی دەبوو.

فاتمە محەممەد، 65 ساڵ، باسی ئێوارەی پێش رۆژی مردنی کچەکەی دەکات "کچە گەورەکەم هاتبوو، منیش خواردنم دروست کردبوو، هەموومان بەیەکەوە نانمان خوارد، شیرین زۆر دڵی خۆشبوو.. هەر پێدەکەنی".

بە دەم گریانەوە، گێڕانەوەی دیمەنەکانی ئەو ئێوارەیە چەند جارێک دووبارە دەکاتەوە "پێشتر لەگەڵ خوشکەکەی و براژنەکەی لە بازاڕ بوون، دوای نانخواردن میوانەکان رۆیشتن، شیرین چونکە دوو سێ دەوامی دەکرد، زۆر ماندوو دەبوو، بۆیە وەک هەموو شەوەکانی دیکە چووە ژوورەکەی خۆی".

ئەوە دواهەمین دیداری نێوان شیرین و دایکی بوو، گریان نەیدەهێشت بەردەوام بێت، زوو زوو دەوەستا "دوای ئەوەی چووە ژوورەکەی خۆی ئاگام لێی نەما، بەیانی لە دەرگای ژوورەکەیم دا بۆ ئەوەی بچێت بۆ چوارتا، چونکە رۆژانی دووشەممە لەوێ دەوامی دەکرد، بەڵام دەرگای لێنەکردمەوە، کە چوومە ژوورەوە لەسەر جێگاکەی بوو، گوتم شیرین هەستە درەنگە، بەڵام هیچ وەڵامی نەبوو، قیژاندم ئاگام لە دنیا نەما، قاچم عەرزی نەدەگرت".

ئینجا بەهێواشی دەڵێ "نازانم ئەم کۆچە ناوەختە چی بوو شیرین".

شیرین عومەر قادر، دەرچووی کۆلێژی پزیشکی زانکۆی سلێمانی لە ساڵی2005، پزیشکی پسپۆڕی تیشک و سۆناربوو، یەکێک بووە لە 10 یەکەمەکانی کۆلیژەکەی.

هاوڕێکانی شیرین لە پرسەکەدا دانیشتبوون، دکتۆرە لەنجە هاوڕێی نزیک و منداڵیی شیرین، دەڵێ شیرین رۆژێک لە رۆژان کێشەی نەبووە، ئەگەر شتێک هەبووایە بۆ ئێمەی باسدەکرد "زیرەک بوو، هەموو ساڵێک یەکەم بوو، رۆژێک پێشتر پێکەوە بووین هیچ کێشەیەکی نەبوو، زۆر ئاسایی بوو".

رۆژی 17 ی شوبات، لە زەرگەتەی شاری سلێمانی تەرمی شیرین بە مردوویی لە ژووری نووستنەکەیدا دۆزرایەوە، دواتر لە میدیاکانەوە هەواڵی بە مردنەکەی بە "خنکان" بڵاوبووەوە، بەڵام نە خێزانەکەی و نە پۆلیس هۆکاری مردنەکەیان بە خنکان پشتڕاست نەکردەوە.

"ژنەکە پزیشکە، تەمەنی 34 ساڵە، هۆکاری رووداوەکە هێشتا نەزانراوە و تەرمەکەی رەوانەی پەیمانگای پزیشکی دادوەری سلێمانی کراوە بەمەبەستی لێکۆڵینەوە تا بزانرێت خۆی خنکاندووە یان خنکاوە". ئەوە گوتەی نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بوو بۆ (رووداو).

نەقیب سەرکەوت گوتیشی "کەسوکاری ژنە خنکاوەکە گوتوویانە پێشتر خەڵووزی بردووەتە ژوورەکەی خۆی، بەڵام نازانین بە غازی خەڵووزەکە خنکاوە، یان نا".

بنار محەممەد، براژنی شیرینە و لە ماڵێکدا پێکەوە ژیاون، گوتی ئەو رۆژە پێکەوە لە سۆپەرمارکێت بووین، شیرین 10 شامپۆی پێکەوە کڕی و گوتی "کاتم نابێت بێمەوە". گوتیشی "ئەو بە نیازبوو پێڵاو و جانتاش بکرێت، بەڵام لەبەر درەنگبوونی کات، دوامانخست بۆ رۆژێکی دیکە".

بنار ئەو کارانەی باسدەکرد کە دەبوو لەگەڵ شیرین پێکەوە بیکەن "سوراوی پەمەیی کڕی، چونکە بە نیازی سەیران بووین، شەو چوار قات جلی منی تاقیکردەوە، هەر پێدەکەنی و قسەی خۆشی دەکرد و زوو زوو دەیگوت شەوێکی زۆر خۆشە هەرگیز لەیادم ناچێتەوە".



ڕووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (299) دووشەممە 2014/2/24

## پیاوێک بە دەستی ژنەکەی دەکوژرێت



**ڕووداو–بەردەڕەش**

شەوی 2014/2/20 لە ناحیەی دارەتووی سەر بە شارۆچکەی بەردەڕەش، پیاوێکی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان بە ناوی (ە.ف.ح) 29 ساڵ کوژرا. عەقید زێدان زەکەریا، بەڕێوەبەری پۆلیسی بەردەڕەش ڕایگەیاند "توانیمان لە ماوەی 24 کاژێر بکوژان دەستگیر بکەین، یەکێک لە بکوژەکان هاوسەری خۆی بوو، ناوی (ش.ا.خ) دایکی سێ منداڵە، لەگەڵ گەنجێکی دیکە بەناوی (ب.م) کە خۆشەویستی ژنەکە بووە، پێکەوە ئەو کارەیان کردووە".

### لە ماوەی 45 ڕۆژدا 11 پیاو خۆیان کوشتووە

# زیندانییەکەی محەتەی هەولێر خۆی خنکاند یان خنکێنرا



(فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو– هەولێر**

ئەو زیندانییەی لەناو گرتووخانەی محەتەی هەولێر خنکا، هێشتا دیار نییە خۆی خنکاندووە یان خنکێنراوە، چونکە پۆلیسی هەولێر دەڵێت "لەکاتی خنکانی خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیشتووە".

لە نێو زیندانی محەتەی هەولێر، زیندانییەک بەناوی سەمیر بیلال شێخۆ، 32 ساڵ، لەناو قاوشی ڕاگیراواندا لە شەوی 2014/2/21 گیانی لەدەستدا. ئەو زیندانییە پێشتر پۆلیسی نەهێشتنی تاوان بووەو بەهۆی جێهێشتنی کارەکەیەوە دەستگیرکرابوو، لەگەڵ ئەوەشدا گومان لە مردنەکەی دەکرێت کە کەسانی دیکە دەستیان تێدا بووبێت، بەڵام لەسەر مردنی ئەو زیندانییە هێشتا کەس دەستگیر نەکراوە.

سەمیر پێشتر دەوامی لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان/ ڕۆژهەڵات بوو لە هەولێر. ڕائید کاروان عەبدولکەریم، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە یاسای پۆلیسدا هەر کەسێک دەوامەکەی جێبێڵێت یان وازبهێنێت، ئەوا "لیژنەی لەسەر پێکدەهێنرێت و لەو لیژنەیە ڕاپۆرتێک ئامادە دەکرێت و ڕەوانەی دادگای سەربازی دەکرێت، لەو دادگایە سزاکەی دیاری دەکرێت".

وەک ڕائید کاروان دەڵێت "سەمیر پۆلیس بوو، بەڵام ماوەیەک بوو دەوامی جێهێشتبوو، بۆیە لیژنەی لەسەر پێکهات و دەستگیرکرا، ماوەیەک سزا درا، ئەو لەناو یەکێک لە قاوشەکان لەفافی لە ملی ئاڵاندووە و خۆی خنکاندووە، بەڵام خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیشتووە، پۆلیس گەیشتە شوێنی ڕووداوەکە و تەرمەکەیان ڕەوانەی پزیشکی دادوەری هەولێر کرد".

ئەو زیندانییە لە ناو حەمامی زیندانەکە خۆی خنکاندووە. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) تەنیا دوو ڕۆژی مابوو حوکمەکەی تەواو بکات، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەڵێت پۆلیس لێکۆڵینەوەی دەستپێکردووە "لەسەر ئەوەی ئایا کوشتنەکەی بە ئەنقەست بووە یان خۆی خنکاندووە، چاوەڕوانی تەواوبوونی لێکۆڵینەوە و بەڵگەکان دەکەین، هێشتا کەسوکاری نەهاتوون ئیفادە بدەن بەهۆی پرسەکەیانەوە".

بورهان عەلی، سکرتێری یەکێتی پیاوان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە 45 ڕۆژی سەرەتای 2014دا لە هەرێمی کوردستان 11 پیاو خۆیان کوشتووە "ئەوە جگە لەو پیاوەی خۆی لە زیندان خنکاند، چونکە هێشتا ئامارەکانمان بۆ دوای 2014/2/15 ئامادە نەکردووە".

بەپێی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق، ڕێژەی خۆکوشتن لەناو گەنجان 60% زیادی کردووە بە بەراورد بەساڵانی پێشتر، بەپێی ئاماری ئەو ڕێکخراوە، لەساڵی 2013دا لە عێراق 439 کەس خۆیان خنکاندووە کە هەژاری و کێشەی کۆمەڵایەتی هۆکاری سەرەکین.

خۆکوشتن لەناو زیندانەکانی هەرێمی کوردستان لە حاڵەتەوە بەرەو دیاردە دەچێت، هەرچەندە پێشتر ئەو کەسانە لە زیندانەکان خۆیان دەکوشت کە حوکمی قورس درابوون و ئومێدیان بە ئازادبوونیان نەمابوو، بەڵام بەر لە خۆخنکاندنی سەمیریش، لە ناو زیندانی گرتن و گواستنەوە لە چەمچەماڵ ڕاگیراوێک خۆی خنکاند.

پێشتریش چەند کەسێک لە زیندان خۆیان خنکاندووە، لەوانەش ڕۆژی 2005/6/7 زیندانییەک بە ناوی مامۆستا نەبەز لە گرتووخانەی محەتەی هەولێر خۆی خنکاند. هیوا نادر لە 2009/7/6 لە زیندانی پۆلیسی گرتن و گواستنەوەی کۆیە خۆی سووتاند. عومەر جەمیل، 25 ساڵ، لە 2009/12/4 لە گرتووخانەی محەتە خۆی خنکاند. ڕەشید خورشید حەمەد لە 2010/8/15 لە زیندانی پۆلیسی گرتن و گواستنەوەی سۆران خۆی کوشت.

هەروەها مەروان سلێمان لە 2010/11/3 لە هەولێر خۆی خنکاند. ناسر پاشا لە 2013/6/16 لە سلێمانی خۆی خنکاند. (س.س) لە 2013/10/6 لە سلێمانی خۆی سووتاند.

خۆکوشتن لەنێو زینداندا لە کوردستان بەردەوام جێی مشتومڕ بووە، دیارترین حاڵەتی لەوجۆرە لەناو زیندانەکان، مردنی زانا حەمەساڵح، قایمقامی پێشووی پارێزگای سلێمانی بوو کە هێشتا قسە لەسەر ئەوە دەکرێت ئایا خۆی خنکاند یان خنکێنرا. وەکو چۆن ئێستا دیار نییە سەمیر خۆی خنکاند یان خنکێنرا.

شوان سابیر، جێگری سەرۆکی تۆڕی دادپەروەری بۆ بەندییەکان لە عێراق بە (ڕووداو)ی گوت "خۆکوشتنی زیندانی لە هەرێمی کوردستان و عێراق زۆر بووە، ئەوەش یەک واتای هەیە، ئەویش ئەوەیە کە زیندانەکان وەکو پێویست نین، چاکسازی ناکرێت، بەندیخانەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان تەنیا دەزگایەکی سزادانن".



تامان شاکر

tamanshakir@yahoo.de

## "لە خۆڕایی عێراقیت"

دەڵێن کابرایەکی میسری لە یەکێک لە قاوەخانەکانی قاهیرە کابرایەکی ئەمریکی دەبینێ.

میسرییەکە دەیەوێ شوێنی خواردنەوە و ڕابواردن بە کابرای ئەمریکی نیشانبدات و لەپای ئەوەش پارەیەکی دەستبکەوێ. بە کابرای ئەمریکی دەڵێ مەشروب دەخۆیتەوە؟ ئەمریکییەکە دەڵێ نەخێر. دەڵێ پەیوەندیت لەگەڵ ڕابواردن چۆنە؟ ژنی جوانمان هەیە. ئەمریکییەکە دەڵێ ئەوە لە بەرنامەی مندا نییە. کابرای میسری پێی سەیر دەبێت، دەڵێ باشە دەتەوێ بچیتە کڵێسا ئەمریکییەکە؟ دەڵێ نەخێر من دەمێکە لە کەنیسە دەرچووم. کابرای میسری تووشی سەرسوڕمان دەبێت، کابرایەکی ئەمریکی نە مەشروب دەخواتەوەو نە لەگەڵ ژنان ڕادەبوێرێ و نە سەردانی کڵێساش دەکات، کەچی ئەو وەک زۆربەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە کافری دەزانێ. میسرییەکە کەمێک دادەمێنێ و بە کابرای ئەمریکی دەڵێت: دەزانی چی (انت كافر على فاضي) واتە تۆ لە خۆڕایی کافری.

مەسەلەی عێراقیبوونی ئێمەش وەک مەسەلەی کابرای ئەمریکییە، لەوەتەی ئەو زەواجە کاسۆلیکییە لە بەینی کورد و عەرەب بە شاهێدیی ئینگلتەرا و فەرەنسا کراوە، خێری یەک سەلکە تووری قوڕاویمان لەم عێراقە نەبینیوە، کوشتن و لە سێدارەدان و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و ئەنفال و کیمیاباران و تێکدان و سووتاندنی خاکی کوردستان بەرهەمی ئەو زەواجە زۆرەملێیە بووە. زۆربەمان پێمانوابوو شیعە لەبەر ئەوەی چەوساوە بوون بە درێژایی مێژووی عێراق، ڕەنگە کەمێک باشتر بن بەرامبەر بە کورد لەچاو ئەو سوننیانەی کە لە ڕابردوودا حوکمی عێراقیان کردووە، بەڵام ئەوە تەنیا لەکاتی لاوازیی ئەوان و لە خەیاڵی هەژاری ئێمەدا وا بوو. مالیکی تا شوێنی خۆی قایم کرد و چەندین پۆستی هەستیاری داگیرکرد شتێکی تر بوو. ئێستا کار بۆ فراوانکردنی هیلالی شیعی دەکات کە لە ئێرانەوە دەستپێدەکات و عێراق و باشووری لوبنان و بەحرێن و سووریا دەگرێتەوە. ئەو مالیکییەی بە پشتیوانیی کورد بۆ جاری دووەم بووە سەرۆک وەزیرانی عێراق، ئێستا هەڕەشەی نانبڕین لە خەڵکی کوردستان دەکات. کەواتە کورد لەم عێراقەی دوای سەدامیش هەر هاووڵاتی پلە دووە، چارەنووسی لە ژێر ڕەحمەتی مالیکیدایە. ئەو کە جاران تەنیا خاوەنی دشداشە و تەزبیحێک بوو، ئێستا خاوەنی عێراقە. حکومەتی هەرێمی کوردستان دوایین هەوڵی خۆی دا بۆئەوەی لە چوارچێوەی عێراقی نافیدراڵی بمێنێتەوە، بەڵام عەرەب ئەوەی قبووڵ نییە، عەرەب شیمالی عێراقی دەوێ نەک حکومەتی هەرێمی کوردستان. یەکەم زەنگی مەترسی عێراق بۆ کورد دروستکردنی فەرماندەی ئۆپەراسیۆنی دیجلە بوو، هەوڵی ئێستاشی ڕووخاندنی حکومەتی هەرێمە بە دەستی خەڵکی کوردستان، تا برسی بن و دژ بە حکومەت ڕاپەڕن وەک ئەوەی هەندێک لایەن لە 17ی شوبات کردیان، ئەنجامەکەشی بە شەهیدبوونی چەند کوڕێکی کورد کۆتایی هات، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە حکومەتی کوردستان بیر لە جیابوونەوە بکاتەوە لە عێراقی سەدام و مالیکی بە پشتبەستن بە خەڵکی کوردستان، ئەو سوپا عەرەبەی کە زۆربەیان کۆنە بەعسین و لە ترسی شیعە ڕایانکردووەتە کوردستان و لە ئێستا و داهاتوودا هەڕەشەن بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان و ڕۆژانە تاوانی جۆراوجۆر ئەنجامدەدەن، جەبهەی دواوەن بۆ عەرەبی عێراق لەکاتی ڕوودانی هەر کێشەیەک، باشترە هەر ئێستا بیاننێرینەوە بۆ ماڵی خۆیان، ڕاستە ئەمە بڕیارێکی سەختە، بەڵام ئەگەر گەلی کوردستان خوازیاری جیابوونەوە بێت لە عێراقی عەرەبی، ئەوا بەرگەی سەختیەکانیش دەگرێ، پێموایە چیدی خەڵکی کوردستان نایەوێ لە خۆڕایی عێراقی بێت.

# ڕێکخراوەکانی منداڵان لەسەر خۆخنکاندنی منداڵێک بەدەنگ دێن



### باوکی قارەمان: کوڕەکەم لە داخی مامۆستاکانی خۆی خنکاند

### بەڕێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێر: قارەمان لەبەر کۆترەکانی خۆی خنکاندووە

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو– هەولێر**

ڕێکخراوەکانی پاراستنی منداڵان لەسەر خۆخنکاندنی منداڵێکی تەمەن 14 ساڵ بەدواداچوون دەکەن، بەرپرسی ڕێکخراوی ئەستێرەی منداڵان دەڵێت "قوتابخانە ماڵی دووەمی قوتابییەکانە، دەرکردنی قوتابی کاردانەوەی لەوجۆرەی دەبێت، ئەو خۆخنکاندنە زەنگێک بوو بۆ وەزارەتی پەروەردە".

کاژێر 2:30 خولەکی ڕۆژی 2014/2/18 قوتابییەکی قۆناغی بنەڕەتی بەناوی قارەمان ئیبراهیم کەریم، لە ناحیەی دارەتووی سەر بە شاری هەولێر خۆی خنکاند. وتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەڵێت، هێشتا کەس سکاڵای تۆمار نەکردووە و کەسیش لەسەر خۆخنکاندنەکەی دەستگیر نەکراوە.

### عەرەبستان لە جیاتی کوردستان

قارەمان لە پۆلی 8ی بنەڕەتی بوو لە قوتابخانەی ئامێزی بنەڕەتی لە دارەتوو، هیچ ساڵێک نەکەوتووە، عەلی عەودی حەمەدەمین، بەڕێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێر، بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "ئەو قوتابییە چەندینجار هەڵسوکەوتی ناشرینی کردووە، پێشتریش لە قوتابخانە دوورخراوەتەوە، باوکیشی ئاگاداری ڕەوشی کوڕەکەیەتی، بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامێز کێشەی ئەو قوتابییەی بۆ گێڕامەوە، کاتێک مامۆستای وەرزش چووەتە ناو پۆلەکەیان، لە کاتی هەستانی قوتابییەکان قارەمان گوتوویەتی بژی عەرەبستان".

بەڕێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێر بەردەوام دەبێت لە قسەکانی و دەڵێت "مامۆستاکەش گوتوویەتی ئێوە قوتابی هەرێمی کوردستانن نەک وڵاتێکی دیکە، پێویست ناکات باسی وڵاتێکی دیکە بکەن، باشترە گرنگی بە خوێندن بدەن و گرنگی بەو بابەتانە بدەن کە پەیوەندی بە ئێوەوە هەیە، پاشان بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بانگی باوکی کردووەو بە بڕیاری سەرجەم مامۆستاکان 3 ڕۆژ لە قوتابخانە دوورخراوەتەوە، تا لە ماڵەوە دایک و باوکی ئامۆژگاری بکەن".

### "لە داخی مامۆستاکانی خۆی خنکاندووە"

قارەمان لە نهۆمی دووەمی ماڵی خۆیاندا خۆی دەخنکێنێت، باوکی قوتابییەکە لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی پۆلیس لە ئیفادەکەیدا دەڵێت "کوڕەکەم لە داخی مامۆستاکانی خۆی خنکاندووە، کوڕەکەم چووەتە قوتابخانە دەوامی دوای نیوەڕۆ بووە، لە قوتابخانە مامۆستاکان تووڕەیان کردووە، ئەویش هاتووەتەوە ماڵەوە و خۆی خنکاندووە".

### "لەبەر کۆترەکانی خۆی خنکاند"

بەڕێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێر ڕەتیکردەوە قارەمان لەبەر دەرکردن لە قوتابخانە خۆی خنکاندبێت وگوتی "بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی گوتی ئەو قوتابییە لە ماڵەوە کۆتری هەبووە، کاتێک باوکی پێیگوتووە کۆترەکانت دەفرۆشم خۆی خنکاندووە، مەرج نییە خۆخنکاندنی ئەو قوتابییە پەیوەندی بە دوورخستنەوەکەی هەبێت، دەکرێت بەهۆی کێشەی خێزانییەوە بووبێت".

ڕائید کاروان عەبدولکەریم، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کەسوکاری ئەو قوتابییە سەرقاڵی پرسەکەن، سکاڵایان تۆمار نەکردووە، بۆیە کەسیش نەگیراوە، ڕوون نییە لەبەر دەرکردنی لە قوتابخانە خۆی خنکاندووە، یان لەسەر ئەوەی دەڵێن نەیخوێندووە و باوکی فشاری لەسەر کردووە و ویستوویەتی کۆترەکانی بفرۆشێت".

خۆخنکاندنی قارەمان لەو تەمەنەدا یەکەمین حاڵەت نییە، بەڵکو پێشتریش قوتابی دیکە لەو تەمەنە بچووکتریش خۆیان خنکاندووە. ئێستا ڕێکخراوەکانی تایبەت بە پاراستنی مافەکانی منداڵان دەیانەوێ بەدواداچوون بۆ کەیسی قارەمان بکەن.

### "بە دەرکردنی عەرەبستانی لەلا خۆشەویستتر دەبێت"

فەرهاد عوسمان، بەرپرسی لقی هەولێری ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان، بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت دوای تەواوبوونی پرسەکەی بەدواداچوون بۆ دۆسیەی قارەمان دەکەن. فەرهاد عوسمان گوتی "هەرچەندە ڕوون نییە لەسەر کۆتر یان دەرکردن لە قوتابخانە خۆی خنکاندووە، بەڵام بە دەرکردنی سێ ڕۆژ لە قوتابخانە عەرەبستانی لا خۆشەویستتر دەبێت، ئەو قسەیە بیانوو نییە بۆ سزادان، ئەوان کە دەینێرنەوە ماڵەوە، ئەو مامۆستایانە بەو زانستەی خۆیانەوە نەیانتوانیوە ئەو وشەیە لە مێشکی دەربکەن، باوک و دایکێکی نەخوێندەوار چۆن دەتوانن؟ ئەوە چ پەروەردە و فێرکردنێکە؟".

بە بڕوای فەرهاد عوسمان "دیارە قارەمان لە ماڵەوە و لە قوتابخانە خۆشەویست نەبووە، بۆیە ئەو کاردانەوەیەی هەبووە، دیارە فشارە زۆری لەسەر بووە". بەپێی قسەکانی فەرهاد عوسمان، خۆخنکاندن لەناو منداڵان لە هەرێمی کوردستان وەکو حاڵەتە و نەبووەتە دیاردە "هۆکاری خۆخنکاندنی ئەو منداڵانە، بیرکردنەوەی تەسکە، خەونی دووربینیان نییە، بۆیە بە کەمترین شت لای ئەوان ژیان هیچ واتای نامێنێت".

سەیران سەلاح، بەرپرسی ڕێکخراوی ئەستێرەی منداڵان، دەڵێت بەو هەواڵە تاساون و بەدواداچوونی بۆ دەکەن "قوتابخانە ماڵی دووەمی قوتابییە، ناکرێت سزای دەرکردن هەبێت، ئەوێ شوێنی پەروەردەکردنە، بەڵام بەشێک لە مامۆستایان تەنیا وانە دەڵێنەوەو خەمی پەروەردەی منداڵەکانیان نییە، منداڵ موڵکی کۆمەڵگەیە، دەبێت هەمووان منداڵ ئامۆژگاری بکەن، نەک ڕەوانەی ماڵەوەی بکەن".

سەیران سەلاح، خۆخنکاندنی قارەمان بە "زەنگێکی مەترسیدار بۆ پەروەردە و مامۆستا و قوتابیان"، دەزانێت و دەڵێت "دەبێت ئەو ڕووداوانە ببنە پەند بۆ هەموو مامۆستایان، دەرکردن سزایەکی ناڕەوایە و لە ڕووی دەروونییەوە منداڵەکە تێکدەشکێت".



ئاراس نوری ئەحمەد تەها

# وەزارەتی کۆچبەرانی کوردستان پێشنیازێک بۆ پێکهێنەرانی کابینەی نوێ

کوردی هەندەران سەرمایەیەکی گەورەی مرۆیین و دەبێ کەڵکیان لێوەربگیرێ. کۆچبەرانی کورد گرووپێکی جیاوازن و هەمەجۆر (هیتەرۆجین)ن، بەڵام یەک خاڵی هاوبەشیان هەیە: چ بە زۆرەملێ بێ یان بە ئارەزووی خۆیان، هەتا رادەیەک توانایان هەیە لە کەڵچەرێکی زۆر جیاواز و دوور لە کەڵچەری کورد بژین. ئەمە دەکرێ کەڵکی لێوەربگیرێ. فاکتەکان هەر گرووپ و تەنانەت هەر تاکێک، هۆی تایبەتی خۆی هەبووە بۆ بەجێهێشتنی نیشتمان. لە سالانی حەفتای سەدەی پێشوو هەتا ئەمڕۆ، کاتی جێهێشتنی وڵات جیاواز بوو. ئەوەی ئاشکرایە، زۆرینەی ئەم کۆچبەرانە ئامادەن بچنەوە نیشتمانی خۆیان. لە مێژووی کۆچبەری (ئیمیگرێشن)دا، هەموو ئەو نەتەوانەی بە زۆرەملێ وڵاتی خۆیان جێهێشتووە، هەمیشە چاویان لە نیشتمانی خۆیانە و گەڕانەوە خەونی شەو و رۆژیانە، ئەوەش روونە بۆ مێژووناسەکان، دوور یان نزیک ئەم کۆچبەرانە دێنەوە نیشتمانی خۆیان. بۆ ئەوەی ئەم گەڕانەوەیە بۆ خزمەتی نیشتمانمان بێ و بە یەکگەیشتنەوەی ماڵباتە لێکدابڕاوەکان بۆ لای یەکدی ئاسان بکات، پێویستی بە سیستیماتیک هەیە، بۆ ئەوەی پێش زۆربوونی لێشاوی گەڕاوەکان کار و ئامادەکاری بۆ بکرێ. پێش ئێمە، ئەڵمان و جووەکان و چەندین نەتەوەی دیکە ئەمەیان بەسەر هاتووە و ماوەی زۆریان ویست هەتا سیستیماتیکیان بۆ گەڕانەوە دۆزییەوە، بەڵام پێشوەخت زانییان، نەوەکانیان لە هەندەران یارمەتیدەریانن. ئەم سیستیماتیکە و کارکردن لەسەری، لەناو رێکخراوێکی حکومی بە شێوازی وەزارەتی (کۆچبەران و پەناهەندە و گونجاندن) کە یەکڕاست سەر بە دەزگای سەرۆکوەزیران بێ، وەک لە ئەڵمانیا وەزارەتی (کۆچبەران، پەناهەندەیی و گونجاندن) لە دەزگای سەرۆک وەزیران دانراوە Ministerium im Bundeskanzleramt، دەتوانرێ کاری خۆی بکا. ئەمە کاریگەری خۆی دەبێ لەسەر پەرەپێدانی کۆمەڵی مەدەنیی کوردی، دوور لە توندڕەوی ئاینی و رەگەزپەرستی! لەم سەردەمەدا، جیاواز لە سەردەمەکانی پێشوو، ژمارەیەکی زۆری کورد لە هەندەران، لە گشت کەرتەکانی ئابووری، کارگێڕی، پۆلەتیک، زانستی، وەبەرهێنان، ئای تی و هتد، لە وڵاتانی رۆژئاوا و ئەمریکا گیرساونەتەوە. هەرێمی کوردستانیش ئێستا بووەتە جێی بەدیهێنانی خەونی هەموو (کەسێک) کوردێکی بەپەرۆش بۆ پێشکەوتنی نیشتمان و ئامادەکاریی بۆ بوونی کیانێکی سەربەخۆ. بۆ ئەم مەبەستە، کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی کوردی دەرەوەی وڵات و ئاسانکاری بۆ گەڕانەوەیان، هەروەها بۆ لە ئامێزگرتنیان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، یان رێکخستنیان لە لۆبی دەرەوەدا بایەخی تەواوی هەیە، چونکە ئەمانە لە سیستمی ئەورووپی دیموکراسیدا ژیاون و پارچەیەکی لێنەکراوەن لە نەتەوەی کورد. لە کارامەیی و تواناکانیشیان بۆ خزمەتکردن کەڵک وەربگیرێ. نابێ لە یاد بکرێن. زۆر لەم کوردانە و هەتا ئەمڕۆ خزمەتێکی زۆریان بە کورد و کوردستان گەیاندووە، لە ناساندنی کورد بە جیهانی دەرەوە، بزووتنەوەی خودموختاری، هەتا دروستبوونی کۆمەڵی مەدەنی لە شارەکانی کوردستاندا. بۆیە ئەو تایبەتمەندییانە و سەرکەوتنی تاقیکراوەی وەزارەتی کۆچبەران لە وڵاتانی پێشکەوتوو، رێخۆشکەری ئەو پێشنیازە دەبن کە هەرێمی کوردستانیش وەزارەتی کۆچبەران بکاتە یەکێک لە وەزارەتەکانی کابینەی نوێ.

**مەبەست لە دامەزراندنی وەزارەتی کۆچبەرانی کوردستان:**

– لەخۆ گرتنەوەی رۆڵەکانی ئەم نیشتمانە کە ئاوارەی هەندەران بوون و زۆر لە منداڵەکانیان (ئەم منداڵانە هاندەری کوردبوونێکی پێشکەوتنخوازانە دەبن چونکە لە سیستمێکی دیموکراتدا پەروەدە کراون) بۆ ئەوەی لە نامۆیی و بێ ناسنامەیی "ئایدەنتیتی" رزگاریان بێ و بتوانن بە شانازییەوە وڵاتی خۆیان پێشبخەن.

– گەڕانەوەی کوردی هەندەران بۆ ئەوەی پرۆژەی ئابووری بکرێتەوە. پێویستە کەڵک لە ئەزموونی گەلان لەو بوارەدا وەربگرین، بۆ نموونە ئابووریی داڕماوی تورکیا بەوە گەشەی کرد. تورکەکانی هەندەران توانییان لە وڵاتی خۆیاندا پرۆژەی ئابووری هاوشێوەی ئەوانەی ئەورووپا بکەنەوە، هەروەها کەلتووری کارکردنی جددی لە ئەورووپییەکان و بەتایبەت لە ئەڵمانەکان وەرگرن و هاوردەی وڵاتی خۆیانی بکەن. بەوەش رێژەی بێکارییان کەمتر بووە.

– سوودوەرگرتن لە کەسێتی کوردی هەندەران بۆ ئەوەی بتوانین بەرەنگارییەکی زانستی و بەهێز بخولقێنین، کە رووبەڕووی فشاری کۆمەڵایەتی و سیاسی توندڕەوی ئاینی بێتەوە لە کوردستان.

– سوود وەرگرتن لە ئەزموونی کوردی هەندەران بۆ ئەوەی لێرەدا بە یارمەتیی ئەوان کومەڵگەیەکی مەدەنی و شارستانێتییەکی سەردەم و دوور لە شۆک و پێکدادان پێکبهێنرێ، بۆ بەهێزکردنی کەڵچەری تێکەڵاوی نێر و مێ [1].– راکێشانی نەوەی نوێ کە خاوەن دوو کەڵچەرن. ئەمە دەبێتە هۆی بەرفراوانبوونی مەودای تێگەیشتن و تۆلەرانس بەرامبەر کەڵچەرە جیاوازەکان، بە مەرجی رێزگرتنی کەڵچەری خۆماڵی کوردی. ئەمانە دەبنە کادری بەهێزی کۆمەڵی کوردی. دەبنە پردێکی مرۆڤانە بەرەو جیهانی دەرەوە لە هەموو بوارەکان.

– کەڵک وەرگرتن لە توانای زانستی، تەکنۆلۆژی، دارایی و بەڕێوەبەرایەتی ئەو کەسانە کە پێیان ناکرێ بگەڕێنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەیانەوێ خزمەتی وڵاتی خۆیان بکەن.

هەوڵدان بۆ دروستکردنی لۆبی کوردی بە هەماهەنگی حکومەتی کوردستان لە هەندەران، بێگومان لە بەرژەوەندیی کوردستان دەبێ.

– بوونی بنکەی تایبەت بۆ راوێژکاری ئەو کوردانەی لە هەندەران سەرگەردان بوون و بوونەتە بارێکی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و دەروونی بەسەر کۆمەڵگە و ماڵباتەکانیانەوە.

– نەهاتنەوەی هەندێ پسپۆڕی کورد بۆ هەرێمی کوردستان، هۆکاری هەمەجۆری هەیە. ئاشکرایە هاندانی گەڕانەوەیان پێویستی بە پلانڕێژی هەیە و دەکرێ چەندین جۆری خزمەتگوزارییان پێشکەش بکرێ، بۆ نموونە: دڵنیایی تەندروستی (بۆ هەمووکوردستانییەک) گەرەنتی خوێندنی منداڵەکانیان بەشێوازێکی گونجاو دەبێتە هۆی ئاسانکاریی زیاتر بۆ گەڕانەوەیان. راستە لە شارەکانی کوردستان مۆڵ و رێستورانتی چەند ئەستێرەیی لێیە بە رووکەش، گوایە ژیانێکی وەک ئەوەی ئەورووپای لێ ببرێتە سەر، بەڵام ئەو جۆرە شوێنانە بێجگە لەوەی وەک ئەورووپا نین، تەنیا بۆ ئەوانەیە کە پارەدارن. تەنانەت بۆ خاوەن بڕوانامەی بەرزی وەک دکتۆرا کە لە هەندەرانەوە دێنەوە، هەڵناسوورێ منداڵ و خێزانیان رۆژانە ببەنە ئەم شوێنانە.

– زۆر لە ژنانی کورد، بەهۆی ئەوە ناگەڕێنەوە کە ئەو ماف و رێزەی لە هەندەران هەیانە، لە کوردستان لە دەستی دەدەن. بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، دەکرێ چەندین کامپینی رۆشنبیریی لە ناوخۆ و دەرەوە بکرێ. کامپین نابێ تەنیا بکرێ کە ژن دەکوژرێ، بەڵکو پێش کوشتنی ژن بە جۆرەها میتۆد.

– هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کەڵچەرێکی سیاسی ئاشتیخوازی دیموکراسیانە لەڕێی جۆرەها کامپین و پرۆژەوە، بە بەشداریی کوردی هەندەران، بۆ داڕشتن و چەسپاندنی هەستی هاووڵاتیبوون. گۆڕینەوەی پسپۆڕان. دیموکراتیزەکردنی کوردستان سیاسەتێکی ستراتیژییە بۆ گەشەسەندنی زیاتری کوردستان، چونکە وەک دەزانین دەوڵەتە دیموکراسییەکان بۆ لەناوەچوونیان یارمەتی یەکدی دەدەن.

– دەستنیشانکردنی ژمارەی کوردی هەندەران خاڵێکی جەوهەرییە، چونکە ئەمانە لە ئامارەکانی وڵاتانی دەرەوەی کوردستان، وەک کورد ناویان تۆمار نەکراوە، بەڵکو وەک عێراقی، تورک، ئێرانی و سووری، ئەرمەنی و هتد تۆمار کراون. پێویستە کاری جددی بکرێ بۆ ئەوەی بە لایەنی کەم لەڕێی وەزارەتی کۆچبەرانی کوردستان و بە پروپاگەندەیەکی بەرفراوان و بە کەڵک وەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ماڵپەڕی تایبەتی وەزارەت، ژمارەی کوردی دەرەوە و ژمارەی پسپۆڕانی کورد و جۆری پسپۆڕێتیان دەستنیشان بکرێ.

پاشکۆی ئەم مەبەستە: وەزارەتی کۆچبەران لە هەرێمی کوردستان دیسانەوە وەک پێویستییەکی ژیاری خۆی دەسەلمێنێ، چونکە وەزارەتی کۆچبەرانی عێراق گوایە مەبەستی خزمەتکردنی هەموو عێراقییەکە، بەهیچ جۆرێک ئاماژە بۆ کورد ناکات و کوردیش وەک تاکێکی عێراقی رەچاو ناکات. کەواتە لێرەدا کۆچبەری کورد بێبەشە لەو خزمەتگوزارییانەی ئەم وەزارەتە پێشکەشی کۆچبەرانی عەرەبی عێراقی دەکات و کەلێنێکی گەورە بۆ کۆچبەری کورد بەجێدەهێڵێ. ئەرکێکی نەتەوەیی و سیاسی حکومەتی کوردستانە، ئەو کەلێنە پڕ بکاتەوە و چاوەڕێی بەغدا نەبێ لەم بوارەدا خزمەتی کورد بکات. ئەم هەنگاوە، یەکەم هەنگاوی نزیکبوونەوە لە یەکدی و گونجاندنیان "ئینتیگرێشن" لە خاکی خۆی و نیشتمانی خۆی و لە دەرەوەی کوردستان. بێگومان ئەم نزیکبوونەوەیە پرۆسەیەکی بەردەوامییە و ماوەیەک دەخایەنێ، هەتا بەرهەمی دەچنینەوە.

# کەمئەندامان داوای مۆڵەتی گشتی دەکەن



کەمئەندامان بە مۆڵەتی تایبەت تەکسی لێدەخورن (فۆتۆ: سیروان عەزیز)

**ئەڤین سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

ئۆتۆمبێلەکەی زۆر بەباشی لێدەخوڕێ، هەتا لەگەڵی سەرنەکەویت و سەیری قاچەکانی نەکەیت، نازانی شوفێرێکی کەمئەندامە. محەممەد عەلی، 55 ساڵ، کە شۆفێری تاکسییە، هەر لە زگماکییەوە هەردوو قاچی لەدەستداوە و ئێستا بەهۆی دارێکەوە کاری قاچەکانی دەکات.

محەممەد خاوەنی 8 کچ و 2 کوڕە، دەڵێت "من کە لە توانامدایە شۆفێری بکەم، بۆچی بچم دەست لە خەڵک پان بکەمەوەو سواڵ بکەم، ئامادەم لە بەیانییەوە تاوەکو ئێوارە شۆفێری بکەم، بەس سواڵ نەکەم". تەنیا ژیانی محەممەد بەو شێوەیە نییە، بەڵکو زۆر کەسی خاوەن پێداویستی تایبەت هەن کاردەکەن، بەڵام کێشەیان بۆ دروست دەبێت لەلایەن خەڵکەوە یان ئەو شوێنەی کاری تێدا دەکەن.

محەممەد گوتی "پۆلیسی هاتوچۆ رێگە نادەن کاسبییەک بکەین، مۆڵەتی گشتیمان نادەنێ تاوەکو کارێک بۆ خۆمان بکەین".

محەممەد لە رێگەی تۆڕی پاراستنی خێزانەوە مووچەیەکی مانگانەی هەیە کە 150 هەزار دینارە، بەڵام بەشی خێزانە 12 کەسییەکەی ناکات، بۆیە ناچارە لە دەرەوەی رێنماییەکانی هاتوچۆ بە مۆڵەتی تایبەتی تاکسی لێبخوڕێت، لە کاتێکدا تاکسی لێخوڕین پێویستی بە مۆڵەتی گشتییە.

بەپێی یاسای کەمئەندامان کە لەپەرلەمانی کوردستان دەرچووە، مووچەی کەمئەندامان لە 150 هەزار دینارەوە دەستپێدەکات تاوەکو 250 هەزار دینار بە گوێرەی رێژەی کەمئەندامییان.

عەباس ئەکرەم، گوتەبێژی راگەیاندنی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەولێر بە (رووداو)ی گوت "پشکنینمان بۆ هەموو ئەندامان کردووە ئینجا مووچەمان پێداون، پاشان زیادە مووچەی کەمئەندامانیش هەیە، بەڵام تا ئێستا وەزارەتی دارایی ئەو زیادە مووچەیەی خەرج نەکردووە، جگە لەوەش پرۆژەیەکی تازەمان پێشکەش کردووە کە ئێستا لە ئەنجوومەنی وەزیرانە و داوا دەکەین مووچەی کەمئەندامی زیاد بکرێت".

بایز ئەحمەد، کە کەمئەندامە، بژێوی ژیانی خۆی بە تاکسییەک پەیدا دەکات. لەگەڵ برا و براژنەکەی دەژیت و تا ئێستا ژنی نییە، ئەو گوتی "ئەگەر حکومەت هاوکاریمان بکات، ئێمە پێمان خۆشە خۆمان بژێوی ژیانی خۆمان پەیدا بکەین، با لەگەڵیشم سەربکەون دەچمە قەرەباڵغترین شوێن، ئەگەر رایان لە شۆفێرییەکەم نەبوو هەقی خۆیانە مۆڵەتی گشتیم نەدەنێ". بایز دەڵێت سەرەڕای کەمئەندامییەکەی، بەڵام تاوەکو ئێستا تووشی رووداوی هاتوچۆ نەبووە و دەتوانێت بە تاکسییەکەی بچێتە هەموو شوێنێک. دەشڵێت ئەو مووچەیەی حکومەت دەیانداتێ بەشیان ناکات "نازانم کە ئێمە بتوانین کارێک بکەین، بۆچی حکومەت ناهێڵێت".

فازڵ حاجی حوسێن گوتەبێژی راگەیاندنی هاتوچۆی هەولێر سەبارەت بە مۆڵەتی خاوەن پێداویستی تایبەت بە (رووداو)ی گوت "لە یاسای هاتوچۆدا نەگوتراوە مۆڵەتی گشتی بە خاوەن پێداویستی تایبەت بدرێت، چونکە ئەوان ناتوانن هەموو جۆرە ئۆتۆمبێلێک لێبخوڕن، ئەگەر مۆڵەتی گشتیشیان پێبدەین نازانین ئایا بە تەنیا تاکسی لێدەخوڕن یان ئۆتۆمبێلی گەورە و بارهەڵگریش، لەلایەکی دیکەشەوە ئەو شۆفێرە ئەگەر شتێکی لێبێت ناتوانێت بەرپرسیارێتی ئەو کەسانە هەڵبگرێت کە بەهۆی ئەوەوە تووشی زەرەر و زیان دەبن".

د.دلاوەر عەلائەددین، پرۆفیسۆر لە کۆلێژی پزیشکی زانکۆی نۆتینگهام:

# هیچ بیانوویەک نییە بۆ ئەوەی سیستمی تەندروستی لە کوردستان وەک ئەورووپا نەبێ




(فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)

**رووداو – هەولێر**

توێژینەوەیەکی نێودەوڵەتی دەریخستووە کە زۆر لە حکومەتەکانی جیهان شکست دێنن لە دابینکردنی سیستمێکی تەندروستی باش بۆ هاووڵاتیانیان. توێژینەوەکە دەڵێ، بەهۆی بە جیهانیبوونەوە کاریگەرییەکانی خراپیی سیستمی تەندروستی لە چەند بەشێکی جیهاندا بە ئاسانی هەستی پێدەکرێت.

لەپاش بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکە، جینێت ماگنەس، سەرۆکی پەیمانگای تەندروستی و کۆمەڵگە لە زانکۆی ئۆسلۆ گوتی "حکومەتەکان بەرپرسیارن لە رێزگرتن و پارێزگاریکردن و جێبەجێکردنی مافی تەندروستی بۆ هاووڵاتیانیان، دەبێت هەوڵە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان سەرتاسەری بێت لەسەر ئاستی سێکتەرەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر تەندروستی گشتی لەبەرچاو بگیرێ".

توێژینەوەکە کە لەلایەن زانکۆی ئۆسلۆ و لانسێت مێدیکەڵ جۆرنەڵەوە ئەنجامدراوە لەژێر ناونیشانی "بنەما سیاسییەکانی ناعەدالەتی تەندروستی.. ئەگەرەکانی گۆڕانکاری لە داهاتوودا" دەڵێ سەرکردەی دەوڵەتان زیاتر گرنگی بە کێشە کورتخایەنەکان دەدەن وەک لە کێشە درێژخایەنە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی وەک تەندروستی.

د.دلاوەر عەلائەددین، وەزیری پێشووی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان کە خۆی پزیشکی کلینیکی مایکرۆبایۆلۆژییە دەڵێ، هێشتا لە کوردستان سیستمی تەندروستی وەک ئامانجێکی کورتخایەن کاری بۆ دەکرێ، لەکاتی دەرکەوتنی نەخۆشییەک هەوڵی بنبڕکردنی ئەو نەخۆشییە نادرێ.

"سیستمی رێکخستنی تەندروستی دەبێت لەسەر بنەمای چۆنیەتی ئاگر کوژاندنەوەو سنووردارکردنی زەرەرەکان بێت لەبری برەودان و پارێزگاریکردنی سیستمەکە". د.دلاوەر کە تا ساڵی 2012 وەزیر بووەو ئێستا پرۆفیسۆری کۆلێژی پزیشکییە لە زانکۆی نۆتینگهامی بەریتانیا، بە باشی لە پلانەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان شارەزایە. د.دلاوەر بە (رووداو)ی گوت "لە دەیان ساڵی رابردوودا، رێگەدراوە سیستمی تەندروستی لە عێراق سروشتیانە گۆڕانکاری بەسەردا بێت. هەر بۆیە وەک داینەسوری لێهاتووە کە ریفۆرم و رێکخستن ئاسان نییە تێیدا". گوتیشی "ئێستا داو و دەرمان و چارەسەر لە نەخۆشخانە گشتییەکاندا بێ پارەیە، بەڵام کوالێتییەکەی خراپە. لە سێکتەرە تایبەتەکاندا بە پارەیە، بەڵام هێشتا کوالێتییەکەی خراپە."

عەلائەدین کە تەنها بیر لە کێشەکان ناکاتەوە بەڵکو چارەسەریش، گوتی کە تەندروستی کوردستان لە قۆناغێکی بەرەوپێشچوونی سەرەتاییدایە، ئەگەر ستراتیژێکی درێژخایەنی باش هەبێت دەکرێت بەباشی بنیات بنرێ "هیچ بیانوویەک نییە بۆ ئەوەی کوردستان وەک ئەورووپای لێنەیەت لەڕووی دانانی سیستمێکی تەندروستی باش و بێ پارە". گوتیشی "ئێستا کاتێکی زۆرباشە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بە بیرێکی تازەوە ستراتیژی درێژخایەن دیزاین بکات و بەگرنگییەوە جێبەجێیان بکات."

پرۆفیسۆر ئۆلێ ئۆتەرسن، سەرۆکی ئەو لیژنەیەی توێژینەوەکەی ئەنجامداوە لە راپۆرتەکەیدا دەڵێ سیستمی جیهانی زیاتر گرنگی بە کەڵەکەکردنی سەرمایە دەدات وەک لە تەندروستی مرۆڤ".

"تەندروستی مرۆڤ و دروستکردنی سەرمایە دەکرێت دوو شتی هاوتەریب بن. پێویست ناکات ئەو دوو شتە جیابکرێنەوە لەیەک"، ئەمە بڕوای دلاوەر عەلائەدینە "ئەم دوو شتە گرنگن لە بنیاتنانی نەتەوەیەکدا. لەو بڕوایەدام کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی پەرەپێدانی ئەم دوو شتەی داوە، بەڵام زیاتر سەرکەوتوو بووە لە گەشەکردنی ئابووری و زیادکردنی سەرمایە وەک لە تەندروستی."

ساڵانە وەزارەتی تەندروستی ئاماری جیا جیا لەبارەی رەوشی تەندروستی بڵاودەکاتەوە، بەڵام د.دلاوەر دەڵێت "هەندێک لەو ئامارانەی لە ئاستێکی بەرزدا ئەنجامدراون لە کوردستان داتاکانیان کەموکورتییان تێدایە لە قوڵبوونەوە و کوالێتی. زۆرجار تەنیا وەک ژمارە دەمێننەوە بۆ نیشاندانی گەورەیی کێشەکان، بەڵام بە دەگمەن بەکارهێنراون لە جێبەجێکردنی سیاسەت و پلاندانان و ناسینەوەی کێشە سەرەکییەکاندا. لە کوردستان لەسەر پێوانکردنی کار و ئەنجامەکانی رانەهاتوون."

بەپێی قسەی بەرپرسانی باڵای کورد، خراپیی سیستمی تەندروستی کوردستان بەهۆی کەمی بودجەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە لاوازی پلاندانانەوە هەیە.

دکتۆر رێکەوت حەمەرەشید، وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵی رابردوو گوتی کە لە بودجەی هەرێمی کوردستان 4.8% بۆ تەندروستی تەرخانکراوە. گوتیشی کاتێک پێویستیان بە پارەی زیاتر بێت وەزارەتی دارایی و سەرۆک وەزیران یارمەتییان دەدەن لە دابینکردنی بودجەی زیاتر.

د.رێککەوت هەروەها دەڵێت "بەر لە ساڵی 1991، ژێرخانی تەندروستی کوردستان بە تەواوی لەناوچوو بوو.

تاوەکو 2003 بودجەی پێویستمان نەبوو بۆ بنیاتنانی نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی: بودجەکە تەنیا بەشی مووچەی کارمەندانی تەندروستی دەکرد. لە پاش ساڵی 2003وە بودجەمان بۆ نێردراوە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی لە بەغدا، بەڵام ئەو بودجەیە تەنیا 40%ی پێداویستییەکانمانی دابین کردووە".

ڕووداو
هەمەجۆر
ژمارە (299) دووشەممە 2014/2/24

## شانەدەر 18 فۆتۆگرافەر کۆدەکاتەوە



**میوا سەلاح – هەولێر**

بە سەرپەرشتی سەنتەری ڕۆشنبیری ئەکادیمۆس پێشانگایەکی فۆتۆگرافی هاوبەش بۆ 18 فۆتۆگرافەری کورد لە گەلەری پارکی شانەدەری هەولێر کرایەوە.

ئەم پێشانگایە پرۆژەیەکی هاوبەشی چەند فۆتۆگرافەرێکە و لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان وێنەکانیان نمایش دەکەن. فۆتۆگرافەرەکان هەریەکەیان لە شارێکی کوردستان دەژین، بەڵام فۆتۆیەکانیان یەک خەمیان لە کۆڵناوە و ژیانی ڕۆژانەی خەڵک دەکەنە وێنە و هەرجارەی لە شارێک پێشانگا دەکەنەوە.

# مەکی عەبدوڵڵا بە دوو دراما دەردەکەوێتەوە



**ڕووداو- هەولێر**

ئەکتەری دێرینی کورد مەکی عەبدوڵڵا سەرقاڵی درامایەکە کە لە ڕەمەزانی ئەمساڵدا پەخش دەکرێت.

حاجی مەکی دەربارەی ئەو درامایە بە (ڕووداو)ی گوت "دراماکە ناوی سۆمایە و کۆمیدیە، لە 30 ئەڵقە پێکدێت و شەوانی ڕەمەزان پێشاندەدرێ". گوتیشی کە دراماکە لە نووسینی عەلی سەبرییە و ئامادەکردنی کاوە ئەحمەد میرزا و لە دەرهێنانی فوئاد جەلالە.

حاجی مەکی ئاشکراشی کرد کە جگە لەو درامایە، کارێکی دیکەشی لەبەردەستە لە 7 ئەڵقە پێکدێت و هەر بە ناوی (حاجی مەکی)یە. گوتیشی "لوقمان غەریب بە تایبەتی بۆ منی نووسیوە و بەنیازین بەمزووانە کاری لەسەر بکەین". حاجی مەکی ساڵی 1939 لە شاری سلێمانی لەدایکبووە. ساڵی 1954 یەکەم تیپی هونەری دامەزراندووە.

# نەورۆزی زۆیا ڕاستەوخۆیە



**ئەڤین سەلاح**

**ڕووداو- هەولێر**

کچە گۆرانیبێژی ڕۆژئاوای کوردستان زۆیا ئێستا سەرقاڵی ئامادەکردنی گۆرانییەکە کە بڕیارە لە نەورۆزی ئەمساڵدا بڵاوی بکاتەوە.

زۆیا لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت "دەمێکە خەریکی گۆرانییەکم، بەڵام گۆرانیەکە تۆمار ناکەم تاوەکو نەورۆز، بەنیازم بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو گرووپەی کاریان لەگەڵ دەکەم لەسەر ستەیج بەرامبەر خەڵکی بیڵێم".

زۆیا ئاماژەشی بەوە کرد کە گۆرانییەکە ناوی" نەورۆزە "و لە ئاوازی لەزگینی هاوسەرێتی.

# دەزگیرانەکەی کریستیانۆ عاشقی ئێرانییەکە



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ئێرینا شایک، نمایشکار و دەزگیرانی یاریزانی پورتوگالی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ بە ئاشکرا دەڵێت چێژ بە کارکردن لەگەڵ عەلی کافوسی بەڕێوەبەری کارەکانی وەردەگرێت، ئەوە لەکاتێکدایە کە میدیاکان باس لە پەیوەندییەکی ئەڤینداری دەکەن لەنێوان ئێرینا شێخولئیسلامۆڤای بە ڕەچەڵەک ڕووسی عەلی کافوسی بە ڕەچەڵەک ئێرانی.

ئێرینا شایک دوای ئەوەی چەندین وێنەی لەگەڵ بەڕێوەبەری کارە هونەرییەکانی بڵاوکردەوە، هەرایەکی زۆری نایەوە، بەتایبەتی پاش بڵاو بوونەوەی چەند وێنەکی کە لە باوەشی عەلیدایە زیاتر گومانی لای خەڵک دروستکرد.

# دەرهێنەرێکی عێراقی خەڵاتی بافتا وەردەگرێت



**هیوا سەلاح**

**ڕووداو- هەولێر**

دەرهێنەری عێراقی یوسف خەلیفە، خەڵاتی ئەکادیمیای بەریتانی بۆ سینەما و هونەری تەلەفزیۆنی (بافتا) وەرگرت.

فیلمی ئەنیمەیشنی "نووستن لەگەڵ ماسی" کە لە دەرهێنانی یوسف خەلیفەیە، توانی ئەم خەڵاتە بەدەستبێنی. یوسف لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتەکە خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و گوتی "ئەم خەڵاتە بۆ من جێگای شانازییە و هەست دەکەم ئەمڕۆ خۆشترین ڕۆژی ژیانمە".

یوسف خەلیفە دەمێکە لە بەریتانیا دەژیت و بەکاری سینەمایی و ئەنیمەیشنەوە سەرقاڵە، تاوەکو ئێستا بەشداری لە چەندین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی کردووە.

# فەیسبووک لاپەڕەکەی میریام دادەخات



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

دوای بڕیاری نمایشکاری لوبنانی میریام کلینیک بە خۆڕووتکردنەوەی "لەپێناوی دۆزێکی مرۆڤانەی مەزن"، پەیجەکەی میریام لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک داخرا.

میریام لەو پەیجەوە ڕایگەیاندبوو کە لە پێناوی ئاوارەکانی سووریا لە لوبنان بڕیاری داوە خۆی بۆ گۆڤاری نێوداری پلەی بۆی ڕووتبکاتەوە. لەوبارەیەشەوە داوای ئامۆژگاری تەنیا لە پیاوان کردبوو کە ئایا ئەو کارە بکات یان نا، بەڵام سەبارەت بە ژنان گوتبووی با بۆچوونەکانیان بۆخۆیان هەڵگرن.

میریام لەبارەی ئەو بڕیارەی بە میدیاکانی گوت "ئەم کارە لە پێناوی ئاوارەکانی سووریا دەکەم و بۆ مافی مرۆڤە".

میریام کلینیک بە کچێکی بوێر جێی مشتومڕ ناسراوە، چونکە بڕیاری زۆر گەورەو چاوەڕواننەکراو دەدات، وەک ئەوەی خۆی بۆ پەرلەمانی لوبنان کاندید کردووە و لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاری داوە گۆرانی بڵێت.

# خەونەکەی شەزا هاتەدی



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

کچە گۆرانیبێژی عێراقی شەزا حەسوون بە گۆرانییەکانی خەڵکی کوێتی خۆشحاڵ کرد، خەڵکیش پێشوازێکی گەرمیان لێکرد.

لە فێستیڤاڵی ئەمساڵی هەلا فێبرایر کە لە کوێت بەڕێوەدەچێت چەندین گۆرانیبێژی عێراقی بەشدار بوون. لەکاتێکدا تا ساڵانێک لەمەوبەر ڕێ بە هونەرمەندانی عێراقی نەدەدرا بەشداری ئەو فێستیڤاڵە بکەن، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا کوێتییەکان دەرگای فێستیڤاڵەکانیان بۆ عێراقییەکان ئاوەڵا کرد.

شەزا حەسوون لە فێستیڤاڵەکەدا ڕایگەیاند کە خەونی لەمێژینەی بووە لە کوێت گۆرانی بڵێت، بۆیە بەو بۆنەیەوە چەند گۆرانییەکی کوێتی گوت و ستایشی خەڵکی کوێتی کرد.

# بەختی ڕووداو

**ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی** ayarfalak@hotmail.com



**کاوڕ**
بەهۆی زۆر دواکەوتنی کارەکان هەست بە ڕەشبینی دەکەیت، بەڵام هەستێکی کاتی دەبێت، ماوەیەکی باشت لەبەردەستە بۆ ئەوەی کارەکانت ڕێکبخەیتەوە. ئەم هەفتەیە خێراتر هەنگاوەکانت دەگەیەنیتە ئەنجام و ماندوویێت دەحەوێتەوە.

**گا**
لەماوەی مانگی داهاتوودا هەوڵەکانت چڕبکەوە، بەرەو بەدیهێنانی ئاواتەکانت هەنگاو دەنێی. هێز و توانایەکی زیاتر بۆ ئەنجامدانی کارەکان بەکاربهێنن. گرنگی بە تەندروستیتان بدەن. گرفت لەگەڵ چواردەورەکەت دروست مەکە.

**جمک**
لەم مانگەدا دەتوانی سەرنجی خەڵکان ڕابکێشیت، قسەکانت کاریگەری خۆیان هەیە، لە کاتە تایبەتەکاندا بە وریاییەوە بدوێ. پشتت سارد نەبێتەوە کاتێک نائومێدییەک تێکەڵ بە هەستی گەشبینیت دەبێت.

**قرژاڵ**
بۆ ئەوەی قەرەبووی ماندووبوونی ڕابردووت بکەیتەوە، بیر لەگەشت و سەفەر دەکەیتەوە. ئەگەر دەتەوێت سەرکەوتوو بیت، بڕوات بەخۆت بێت و پشتت سارد نەبێتەوە. پەیوەندییە زۆرەکانت بەردەوام دەبن.

**شێر**
لەم کاتەدا زیاتر دڵت ناسک دەبێتەوە و هەست دەکەیت کە شتەکان ئاسوودەت ناکەن، بەڵام ئومێدت بەهێزە کە دەتوانی لەداهاتوودا زۆربەی هەنگاوەکان بەرەو ئاراستەیەکی باش ببەیت، خۆشییە گەورەکەش هەر دێتەدی.

**گوڵەگەنم**
بەهۆی بوونی تیشکی هەتاو لە بەرامبەر بورجەکەت کەمێک هەست بەڕەشبینی دەکەیت، بەڵام مەهێڵە ڕەشبینییەکانت بەرامبەرەکەت بێزار بکات. خۆت ئامادە بکە بۆ ئەنجامدانی پرۆژە نوێیەکەت، بەخت هاوکاریت دەکات.

**تەرازوو**
دەرگایەکی نوێ بۆ سەرکەوتنی کارەکانت دەکرێتەوە، دەتوانن کارێکی زیاتر لەکارەکەی خۆتان بکەن یان بیرۆکەیەک جێبەجێ بکەن. هەست بەئارامی زیاتر دەکەیت، پارە و دارایی بەرەو ئاستێکی بەرزتر دەڕوات.

**دووپشک**
لەم هەفتەیەوە کات دەگۆڕێت، خۆرێکی نوێ لە ئاسمانی بەختەوەریتدا هەڵدێت، هێدی هێدی لایەنە خراپەکانی ژیان دەڕەوێنەوە، خۆشی و ئاسوودەیی دێتە شوێنیان. بە ڕوویەکی خۆشتر مامەڵە لەگەڵ خەڵک بکە.

**کەوان**
مەترسە ئەگەر دەتەوێت کارێکی قورس بکەیت یان بڕیارێکی گەورە بدەیت. کارەکانی ئەم هەفتەیە زۆرن، بەڵام قورس نین، بە بەرنامەیەکی باش هەموویان بگەیەنەرە کۆتایی. کەسایەتیتان دەچێتە ئاستێکی بەرز.

**کارژۆڵە**
پەیوەندییەکانت باش دەبێتەوە، ئەگەر گرفتێکت هەیە ئێستا چارەسەری بکە. بەرنامەی نوێ بۆ کارێکی نهێنی یان تایبەت دیاری دەکەیت. ڕێگەی گەیشتن بەئامانجەکەت دەگۆڕیت و گەشبین دەبیت.

**سەتڵ**
دەسکەوت و دارایی دەست بەزیادبوون دەکەنەوە، کارەکانت دوا مەخە و گوێ لە پێشنیازە نوێیەکان بگرە. خەڵکان بەچاوێکی گەورەتر لەخۆتان تەماشاتان دەکەن، بەدڵێکی گەورە و بەخشندەوە مامەڵەی چواردەورەکەت بکە.

**نەهەنگ**
تیشکی هەتاو لەبورجەکەتە، تواناکانت بۆ دەگەڕێتەوە و دەتوانی کارە تەواو نەکراوەکانت بگەیەنیتە ئەنجامی کۆتایی. تۆ بەختەوەرترین کەسی ئەم ماوەیە دەبیت. پەیوەندییەکانت لەگەڵ شوێنە دوورەکان باشتر دەبێت.

**بەگشتی:**

لەئێستاوە هەموو دۆخە ئاڵۆزەکان دەگەڕێنەوە بۆ حاڵەتی ئاسایی خۆیان، ڕەنگە هەندێکیان باشتر ببن لەوەی چاوەڕێی دەکەین، گەشبینی و ئومێدمان بۆ دەگەڕێتەوە، خەیاڵە ناخۆشەکان بێزارمان ناکەن. تیشکی هەتاو لەبورجی نەهەنگە، پلەکانی سۆز و خۆشەویستیمان وەک تیشکی هەتاو بەتین دەبێت، بەبێ هۆکارێکی دیاریکراو کەسێکمان خۆش دەوێت. خەیاڵەکانمان قووڵ دەبن، ئەگەر پرۆژەیەکمان هەبێت ئەوەندە بیری لێدەکەینەوە تا کاتی بەسەردەچێت. هەستەکانمان بەهێز دەبێت و دەتوانین بە نیگایەک دەروونی بەرامبەرەکەمان بخوێنینەوە، هەندێکمان بڕیار لەسەر کاری گرنگ دەدەین بەبێ ئەوەی پێشتر بیرمان لێکردبێتەوە یان بەرنامەیەکمان بۆ دانابێت. لەهەموو شتێک گرنگتر ئەوەیە کە بە هەڵەشەییماندا دەچینەوە و دەستنیشانی کارە باش و خراپەکانی خۆمان دەکەین و ڕەخنە لە کەموکوڕییەکانمان دەگرین.

### هێڵی دووەمی نەوت دەکاتەوە

# DNO بەرهەمهێنانی رۆژانە بۆ 270 هەزار بەرمیل بەرزدەکاتەوە

**عومەر ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

کۆمپانیای DNOی نەرویجی کە لە هەرێمی کوردستان لە کێڵگەی تاوکێ سەرقاڵی پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی نەوتی خاوە، رایگەیاند کە هێڵی دووەمی نەوت لە کێڵگەی تاوکێ بۆ وێستگەی پێشخابوور رادەکێشێت. توانای گواستنەوەی ئەو هێڵەش دووبەرابەری هێڵی ئێستای ئەو کۆمپانیایەیە.

بەپێی راپۆرتی دارایی و چالاکییەکانی کۆمپانیای DNO لە ساڵی 2013، ساڵی رابردوو ساڵێکی گرنگ و پڕ لە سەرکەوتنی گەورە بووە بۆ کۆمپانیاکە لە هەرێمی کوردستان و ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەی تاوکێ بەهۆی سەرکەوتنەکانیان لە هەڵکەندنی چەند چاڵێکی نەوتی ئاسۆیی بەرزبووەتەوە بۆ رۆژانە 155 هەزار بەرمیل نەوت.



کۆمپانیای DNO هەروەها رایگەیاندووە کە پلانێکی چڕیان هەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو لە کێڵگەی تاوکێ لەساڵی 2014دا.

بیژەن موسەوەر رەحمانی، سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای DNO رایگەیاند، کۆمپانیاکەیان بەنیازی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی خاوە تا کۆتایی ساڵی 2014 بۆ 200 هەزار بەرمیل.

بەپێی رەحمانی، لە ماوەیەکی کورتدا کۆمپانیای DNO تەنانەت دەتوانێت ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەی تاوکێ لە رۆژانە 155 هەزار بەرمیلی ئێستاوە بەرزبکاتەوە بۆ رۆژانە 270 هەزار بەرمیل.

سەرەڕای پێشکەوتنەکانی لە هەرێمی کوردستان، کۆمپانیای DNO لە چارەگی چوارەمی 2013دا بەهۆی چالاکییەکانی ئەو کۆمپانیایە لە ئیمارات و عومان زەرەری کردووە. DNO لە چارەگی چوارەمی 2013 بڕی 83 ملیۆن دۆلار زیانی تۆمار کردووە، ئەوەش لە کاتێکدایە ئەو کۆمپانیایە لە ساڵی 2012 توانی 140 ملیۆن دۆلار قازانج تۆمار بکات. شارەزایانی وزە پێشبینییان کردبوو لە چارەگی چوارەمدا ئاستی قازانجەکانی کۆمپانیای DNO بەرزدەبێتەوە بۆ 33 ملیۆن دۆلار.

DNO رایگەیاندووە، پلانی دارِشتووە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی هێڵی دووەمی نەوتی کۆمپانیاکە لە کێڵگەی تاوکێ بۆ وێستگەی هەناردنی پێشخاپوور کە هێڵێکی 24 ئینجییە و لە توانایدایە رۆژانە 200 هەزار بەرمیل نەوت بگوازێتەوە. هێڵی یەکەمی کۆمپانیای DNO، بۆرییەکی 12 ئینجییە و توانای ناردنی 100 هەزار بەرمیل نەوتی هەیە لە رۆژێکدا.

بە تەواوبوونی هێڵی نەوتی نوێی DNO تا کۆتایی 2014، توانای گشتی هەناردەکردنی نەوتی خاو لەلایەن ئەو کۆمپانیایە بەرزدەبێتەوە بۆ رۆژانە 300 هەزار بەرمیل.

رەحمانی پێیوایە هەتا کۆمپانیاکانی نەوت زیاتر لە هەرێمی کوردستان نەوت دەربهێنن، زیاتر هاندەری حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق دەبن بۆ ئەوەی بگەنە رێککەوتنێکی گونجاو لەسەر پرسی نەوت.

ناکۆکییەکانی بەغدا و هەرێمی کوردستان کاریگەری کردووەتە سەر چالاکییەکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان. بە تەواوبوونی هێڵی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا زۆربەی کۆمپانیاکانی نەوت رایانگەیاندبوو کە دەتوانن بەرێژەیەکی بەرچاو بەرهەمهێنانی نەوتی خاو لە هەرێمی کوردستان زیاد بکەن.

بەڵام رێکنەکەوتنی بەغدا و هەولێر لەسەر پرسی نەوت کاریگەری نەرێنی لەسەر چالاکییەکانی کۆمپانیاکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان داناوەو نیگەرانی کردوون، هەرچۆن رەحمانی لە وتووێژێکی تەلەفزیۆنیدا لە ئۆسلۆ رایگەیاند کە هەموو لایەک دەبێت هەوڵ بدات بۆ دۆزینەوەی چارەسەرییەک لە نێوان بەغدا و هەولێر، چونکە ئاکامی وەها رێککەوتنێک لە قازانجی هەموومانە.

کێڵگەی تاوکێ، کێڵگەیەکی گرنگی هەرێمی کوردستانە و خاوەنی یەدەگی زیاتر لە 700 ملیۆن بەرمیلە. ئەگەری هەیە بە درێژەپێدانی تاقیکردنەوەکان و هەڵکەندنەکان، یەدەگی نەوتی ئەو کێڵگەیە بەرزبێتەوە بۆ یەک ملیار بەرمیل. لە کێڵگەی تاوکێ، کۆمپانیای DNO کۆمپانیای سەرکارە بە خاوەندارێتی 55%ی پشکەکان و کۆمپانیای گەنەل ئینێرجی بە 25% هاوبەشی ئەو کۆمپانیایەیە.

کۆمپانیای DNO، یەکەم کۆمپانیای نەوتی بیانی بووە کە پاش رووخانی رژێمی پێشوو لە 2003 ، نەوتی لە هەرێمی کوردستان دەرهێناوە.

# سیاسەتی وزە چییە؟

**د. قەیوان سیوەیلی** *

لە بنەڕەتدا حکومەت بنەما سەرەکییەکانی سیاسەتی وزە (Energy Policy) و هەنگاوەکانی گەیشتن بە ئامانجی ئەو سیاسەتە دادەڕێژێت، پاشان ئەم سیاسەتە لەلایەن وەزارەتی پەیوەندیداری وزەو ژینگە و کەرتی تایبەت لە رێی سەرمایەگوزاری کەرتی تایبەت و حکومەتییەوە جێبەجێ دەکرێت. حکومەت ئامانجی لە سیاسەتی وزەدا ئەوەیە کە گشت هاونیشتیمانیان بە شێوەیەکی بەردەوام بە وزەی پێویستی رۆژانەی خۆیان بگەن بەمەرجێک ژینگەش پارێزراو بێت. نرخی وزەش کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر ژیانی رۆژانەی هاووڵاتیان بەتایبەتی و پیشەسازی و ئابووری بەگشتی، هەربۆیەش دەبێت ئامانجی سیاسەتی وزەی وڵاتەکان ئەوە بێت کە وزە بە بەردەوامی و بەنرخێکی گونجاو بگاتە دەستی هاووڵاتیانیان. بەکورتی گرنگی ئامانجی سیاسەتی وزە لەوەدایە کە کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر کەرتی ئابووری و پاراستنی ژینگەی وڵات.

لەم نووسینەدا هەوڵ دەدرێت چوارچێوەی تێڕوانینی سیاسەتی وزە روونبکرێتەوە و شرۆڤەی ئەو پرسیارانە بکەین کە بۆچی سیاسەتی وزە بۆ هەر وڵاتێک گرنگ و پێویستە؟ هەروەها کێشە گرنگەکانی نێو سیاسەتی وزە چین؟

خاڵە گرنگەکان لە سیاسەتی وزەدا بریتین لە روئیا (Vision)، ئەویش بەرچاوڕوونیی حکومەتە کە دەیەوێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا بەهۆی ئەو سیاسەتەوە بگات بە چ خاڵێک و چ ئامانجێک! پاشان ستراتیجیەت (Strategy)، ئەویش حکومەت چۆن و بە کام رێگا دەیەوێت ئەو ئامانجە دیاریکراوە بپێکێت؟ پاشان تاکتیکەکانی گەیشتن بەئامانجەکە چین؟ ئایا حکومەت سوود لە بواری تەکنیکی یاخود ئابووری یاخود کۆمەڵایەتی وەردەگرێت بۆ پێکانی ئامانجی سیاسەتی داواکراو؟ هەروەها ئایا گەیشتن بەو ئامانجە چوارچێوەی کاری یاسادانانی پێویستە؟ یاخود گۆڕانکاری لە بودجە و سیاسەتی وڵاتدا؟ بەگشتی لە جیهانی مۆدێرنی ئەمڕۆکەدا سیاسەتی وزە خاوەنی سێ پرەنسیپی گرنگە کە هەرسێکیان کارتێکەرییان لەسەر یەکدی هەیە، ئەوانیش بریتین لە ئاسایشی دابینکردنی وزە، پاراستنی ژینگە و کارایی (بڕوانە هێڵکاری 1).

سەرەتا بۆ تێگەیشتن لە بواری وزە پێویستە کۆمەڵە چەمکێک روونبکەینەوە، وزە توانایی ئەنجامدانی گشت کارێکە، وزە هەڵسوڕێنەری چەرخی پیشەسازی و ئابوورییە لە گشت وڵاتێکدا، ئەمڕۆکە توانای ئابووری گشت وڵاتەکان و پلەی خۆشگوزەرانییان بە بڕی سوودلێوەرگیراوی ساڵانەی وزەی بەکاربەریان دەپێورێت و ئەو وڵاتانەی کە وزەیەکی زۆر وەردەگێڕن، خۆشگوزەرانترن لە وڵاتە ئەفریقاییەکان کە ساڵانە پێویستیان بە وزەیەکی کەمترە. جۆرەکانی وزە خۆی لە وزەی کیمیاوی (Chemical Energy)، وزەی ئەتۆمی (Nuclear Energy)، جوڵە وزەی میکانیکی (Mechanical energy)، وزەی پۆتینسیاڵ (Potential Energy) و وزەی گەرمایی (Heat Energy) دەبینێتەوە. لە هەمانکاتیشدا گرنگترین سەرچاوەکانی وزە بریتین لە وزەی مادە فۆسیلیەکان واتە نەوتی خاو، غازی سروشتی و خەڵووزی بەردین (Fossil fuels — coal، oil، natural gas)، وزەی ئەتۆمی لە مادەی یۆرانیۆم (uranium) و وزە نوێبووەکان (Renewable — solar، hydro، wind، biomass، geothermal).

لێرەدا سیاسەتی وزە خۆی بە پرسیارەکانی چۆنێتی گەیشتن و هاوردەکردن و هەناردەکردنی ئەم وزانە بۆ دەرەوەی وڵات و بڕی پێویستی ساڵانەی ئەم وزانە بۆ وەرگێڕان لە وڵاتدا سەرقاڵ دەکات. سیاسەتی وزە لە جۆری سەرچاوەکان دەکۆڵێتەوە کە ئایا کام لەم سەرچاوانەی وزە هەتاهەتایین و کامەیان هەردەم لە نوێبوونەوەدان؟ سیاسەتی وزە پێماندەڵێت ئەم واتایانە چۆن لێکدەدرێنەوە؟ سیاسەتی وزە بیر لە ئاسایشی دابینکردنی وزەی وڵات دەکاتەوە کە ئایا ئەو هۆکارانە چین ئاسایشی دابینکردن و هەناردەکردنی وزەی وڵات دەخەنە ژێر مەترسی خۆیانەوە؟ سەقامگیری رێگاکانی هەناردەکردن یاخود دابینکردنی وزەی وڵات لە فاکتە گرنگەکانی نێو ئەجێندای ئاسایشی دابینکردنی وزەن.

کاریگەری وەرگێڕانی ئەم جۆرە وزانە و کاردانەوەیان لەسەر ژینگەی وڵات کۆمەڵە پرسیارێکی رامیاری گەلێک گرنگن بۆ دارِشتنی چوارچێوەی سیاسەتی وزە، بەڵام بەداخەوە رێساکانی ئەم پاراستنی ژینگەیە لەلایەن وڵاتە دواکەوتوو یاخود تازە پێگەیشتووەکانەوە (لە نموونەی هەرێمی کوردستان) هەردەم گرنگی ئەوتۆی پێنادرێت و لە ئەجێندای کاری سیاسی رۆژانەی حکومەتەکاندا نییە، بۆیە لە داهاتوودا بەڵاکانی پۆخڵی و وێرانبوونی ژینگە زۆر زوو ئاوقەی ئابووری و یەکڕاستە ژیانی ئاسایی هاونیشتیمانیانمان دەگرێت کە چارەسەرکردنی و پاراستنی ژینگە هەزینەیەکی مەزنی دەوێت یاخود هەر لە توانای حکومەت و هاووڵاتیاندا نامێنێت.

هەڵبژاردنی یەکێک لەو سێ سەرچاوە سروشتییەی نێو مادە فۆسیلیەکان (نەوتی خاو، غازی سروشتی، خەڵووزی بەردین) بۆ وەرگێڕانی وزەی رۆژانە کە لە نێو وڵاتدا هەن و لە روانگەی کاریگەری بۆ سەر ژینگەی وڵات، کاریگەری ئابووریی وڵات، نرخی لە بازاڕەکانی جیهاندا، سوود لێوەرگرتنیان بۆ ژیانی رۆژانەی هاووڵاتیان و خستنە نێو بازاڕەکانی جیهان بۆ بەدراوکردنیان، لە پایە گرنگەکانی دارِشتنی سیاسەتی وزەی هەر وڵاتێکن.




هێڵکاری 1: سێ پرەنسیپی گرنگی نێو سیاسەتی وزە

رۆژانە نزیکەی 90%ی گشت وزەی وەرگێڕاوی جیهان لە سەرچاوە سروشتییەکانی مادە فۆسیلیەکانەوە وەچنگ دەخرێن و لەبەر گرنگیی ئەم سەرچاوانە لە سیاسەتی وزەدا، رۆژانە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیان لەسەر دەکرێت و لە بڕی سوودلێوەرگرتنی رۆژانە و ساڵانەیان لە وڵاتدا بە تایبەتی و لە سەرتاسەری جیهانیشدا بە گشتی، بە سەدان ئامار دەخرێنەڕوو کە مرۆڤە سیاسییەکان لە روانگەی تێگەیشتنی خۆیانەوە بۆ سیاسەتی وزە شرۆڤەی دەکەن. سەرچاوە و یەدەگی ئەم سەرچاوە سروشتییانە و رێگەی گواستنەوەی وشکانی یاخود دەریایی ئەم سەرچاوانە لە وڵاتەکانی سەرچاوەی ئەم سامانە سروشتیانەوە بۆ ئەو وڵاتانەی کە رۆژانە سوودیان لێوەردەگرن، ئەو فاکتە گرنگانەن کە کاریگەری گەورەیان لەسەر بڕیارەکانی سیاسەتی وزە و نرخی ئەم وزانە لە بازاڕەکانی جیهاندا هەیە، نەوتی خاو پێگەی لەنێو سیاسەتی وزەدا بەرچاوە، چونکە لەبەرامبەر هەرسێ بەرمیلی کە رۆژانە سوودی لێوەردەگیرێت، تەنها بەرمیلێک سەرچاوەی سروشتی نەوتی خاو دەدۆزرێتەوە کە ئەم فاکتە لەبنهاتنی ئەم سامانە سروشتییەمان پێدەڵێت و دەبێت هەرچی زووترە لە سیاسەتی وزەدا بیر لە جێگرەوەی بکرێتەوە.

بڕی سوودوەرگرتن لەم وزەیەش لەلایەن وڵاتە زلهێزەکانەوە لە سیاسەتی وزەدا گرنگیی سەرەکی پێدەدرێت. بەرەوسەر هەڵگەڕانی وزەی ساڵانەی پێویستی وڵاتەکانی چین، هیندستان و بەرازیل لەلایەن توێژەرانی بواری سیاسەتی وزە گرنگییەکی بێ هاوتای پێدەدرێت و بیری لێدەکرێتەوە کە ئایا لە ئایندەدا بڕی پێویستی وزەی ئەم وڵاتانە لە کوێوە و بە چ نرخێک دابین دەکرێت و کاریگەری ئەم گۆڕانکاری وزەیە لەسەر بڕی دەرهێنان و گواستنەوەی وزە چی دەبێت؟

ئەگەر لە چۆنێتی هەڵسان و دابەزینی نرخی نەوتی خاو لە بازاڕی وزەی جیهانی بکۆڵینەوە، یەکڕاستە گشت گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوچەکەمان دێتە پێش چاو، چونکە لە ئەنجامی هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی و ئاژاوە و کودەتایەکدا کاریگەری بەرزبوونەوە و دابەزینی نرخی نەوتی خاو بەزەقی بەرچاو دەکەوێت. ئەم هۆکارانەش کاریگەری مەزنیان دەبێت لەسەر دارِشتنی سیاسەتی وزە.

بۆ نموونە بەرزبوونەوەی نرخی نەوتی خاو لە ساڵی 1973- 1974 لە پاش شەڕی عەرەبەکان و ئیسرائیل بووە هۆی گۆڕانکارییەکی مەزن لە سەرلەنوێ دارِشتنەوەی سیاسەتی وزە لە ئەوروپا، ئەوان لەو ساتەوە هەوڵیاندا بۆ پاراستنی ئاسایشی وزەی وڵاتەکانیان هەنگاو هەنگاو خۆیان لە سوودوەرگرتن لە نەوتی خاو دووربخەنەوە و وزەی وڵاتەکەیان بە کۆمەڵە وزەیەکی جۆراوجۆر (Energy mix) دابین بکەن. بەهەمان شێوەش گۆڕانکاری لە نرخی نەوتی خاو لە ساڵی 1979-1980دا پاش شۆڕشی ئیسلامیی ئێران کاریگەری گەورەی لەسەر چۆنیەتی سەرلەنوێ دارِشتنی سیاسەتی وزە هەبووە و لێرەدا خاڵی هاوبەشی نێو سیاسەتی وزەی گشت وڵاتە پیشەسازییەکان ئەوە بوو کە "هەرچی زووە خۆتان لە نەوتی خاو دووربخەنەوە".

کاریگەری سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکانی وزە لەلایەن کۆمپانیا خۆماڵی و دەرەکیەکانەوە بۆ بووژاندنەوەی ئابووریی وڵات و چۆنیەتی گێڕانەوە و دابەشکردنی داهاتی ئەم سەرچاوە سروشتییانە کاریگەی راستەوخۆیان لەسەر ئایندەی ئابووریی وڵات، شەفافیەت و گەندەڵی لە وڵاتدا هەیە.

لەبەر هەستیاریی وزەی ئەتۆمی، ئەم وزەیەش زۆربەی شرۆڤەکارانی سیاسی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، بارودۆخی تەکنۆلۆجیای ئەتۆمی لە ئایندەدا و رێگاکانی شاردنەوەی پاشماوەی ئەتۆمی کە هێزێکی ئەهریمەنی لە نێویدایە بۆ لێتێگەیشتن لە وزەی ئەتۆمی و تەکنۆلۆجیاکەی زۆر پێویستە. ئەو وڵاتانەی کە سوود لەم وزەیە وەردەگرن کێن؟ مەرامیان لە وەرگێڕانی وزەی ئەتۆمی چییە؟ ئایا پەرەپێدانی ئەم تەکنۆلۆجیایە لە وڵاتاندا مەرامی سیڤیلی یاخود مەرامێکی سەربازی لە پشتە؟ ئایا بە روونی ئاراستەی ئەم دوو مەرامە بەرچاوە و دەتوانرێت لێک جودابکرێنەوە؟ چ کۆمەڵە وڵاتێک مافی پەرەپێدانی تەکنۆلۆجیای ئەتۆمییان هەیە و چ وڵاتێک ئەو مافەی نییە؟ ئایا ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی ئەم تەکنۆلۆجیایەن ئیدی تاهەتایە لە ئاسایش و ئارامیدا دەژین؟

لە کۆتاییدا سیاسەتی وزە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە، ئەگەر چاو بە سیاسەتی وزەی رووسیا و ولایەتە یەکگرتووەکاندا بخشێنین بۆمان روونده‌بێتەوە کە ئەم دوو لایەنە لە بواری دەرهێنان و بەبازارکردنی وزە تەواکەری یەکترین، بەڵام ئامانج و ئەجێندای تەواو جیاوازیان هەیە.

ئەجێندای سیاسەتی وزەی هەرێمی کوردستان چییە؟ ئایا بەڕاستی هەرێمی کوردستان خاوەنی سیاسەتی وزەیە؟ ئایا سیاسەتی وزەی هەرێمی کوردستان روونە؟ بڵێی لە سیاسەتی وزەی هەرێمی کوردستاندا ئەو ئامانجانە پێکراپێت کە بۆ دابینکردنی وزەی وڵات سوود لە کۆمەڵە وزەیەک وەربگیردرێت تا ئاسایشی وزەی هەرێمی کوردستان هەردەم پارێزراو بێت و هاووڵاتیانیش بە نرخێکی هەرزان و بە بەردەوامی بە وزەی رۆژانەی خۆیان بگەن کە لە ئەنجامی وزەگۆڕکێشدا ژینگەی هەرێمەکەمان پارێزراو بێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە بۆ خوێنەرانی رۆژنامەی رووداو بەجێ دەهێڵم.

*شارەزا لە بواری وزە



دکتۆر ئاراس برادۆستی

## ورگ هەڕەشە دەکات

بە دەستخۆم نییە، لە هەر بۆنەیەکی کۆمەڵایەتیدا خۆم دەبینمەوە چاوەکانم دەچنە سەر ورگی ئەو پیاوانەی کە قەڵەوی بە بەشێک لە شەهامەت و پیاوەتی خۆیان دەزانن، مەخابن کە هێشتا بەلای هەندێک کەسەوە، کەمتر قەڵەوەکان کەمتر پیاون، لاوازەکانیش هەر لە دەرەوەی بازنەی پیاوەتین. بێ ئاگا لەو پاشهاتە تەندروستییە ترسناکانەی کە ژیانی قەڵەوەکان بە تەواوی دەگۆڕێت و ژیانیان لێ دەکاتە دۆزەخێکی راستەقینە.

کاتێک لە کۆمەڵگایەکدا قەڵەوی بە جوانی دادەنرێت، دەبێت بزانین کە وشیاری تەندروستی لە قەیرانێکی گەورەدایە، ئێستاش کۆستی کۆچی ئەو دوو خانمەم لە دڵدایە کە لە کۆتایی نەوەتەکان حەبی دیکسۆن کە بۆ خۆقەڵەوکردن دەیانخوارد گورچیلەکانی پەکخستن و ژیانی جوانی لێسەندنەوە. ئەم حەبە زۆر بە خێرایی ئەو خانمانەی راماڵی، جیاوازیی قەڵەوی لەوەدایە کە هێواشتر و بێدەنگتر خەریکی راماڵینی تاکەکانی کۆمەڵگا و لە کارخستنی توانا مرۆییەکانە.

بە خانمێکی رۆشنفیکرم گوت بۆچی رێ دەدەی پیاوەکەت هێندە قەڵەو بێت؟ گوتی خۆ پیاو هەر دەبێت تۆزێک ورگی هەبێت، ئێستا تەکنەلۆجیاش لەگەڵ ئەو جۆرە خانمانە یەکیگرتووە و هێندەی دیکە هەموومانی لە جوڵە خستووە و قەڵەوی بە دیاری بۆ هێناوین.

هەمیشە خەون بەوەوە دەبینم ئەو پارکانە پڕ بن لە خەڵک و لەو کەشوهەوا دڵڕفێنەی بەیانیاندا وەرزش بکەن، بەڵام مەخابن خەوی خۆش و قووڵی بەیانیان رێگرێکی گەورەیە و بە بەراورد بە ژمارەی دانیشتووان هێشتا وەرزشکاران رێژەیان زۆر کەمە.

فاستفوودی نازدار هاوشان لەگەڵ دۆڵمە حەیاتەکە یەکێک لە هۆکارە هەرە دیارەکانی قەڵەوی و ئەو هەموو نەخۆشییەیە کە بەرۆکی مرۆڤی سەردەمی گرتووە، بەڵام بازاڕی فاستفوود هەر لە هەڵکشانە و دۆڵمەش هێشتا هەر یەکەمی بێ رکابەرە.

دەبێت ئەو راستییە بڵێین کە ئەو پرخە و بۆڵە زۆرەی "حاجی مەکی" گوتەنی گەرەک پڕدەکات، دز دوور دەخاتەوە، ئەمەش تاکە سوودی قەڵەوییە.

ئاخر ئێستا لە جیهاندا قەڵەوی بە نەخۆشییەکی سەردەمی دادەندرێت و بودجەی خەیاڵی بۆ هۆشیارکرنەوەی خەڵکی لە مەترسییەکانی تەرخان دەکرێت، هاوکات رێوشوێنی تەندروستی توندی لە هەمبەردا گیراونەتەبەر، دەبێت لە کوردستانیشدا بیرێکی لێ بکرێتەوە.

من قەڵەویم هێندە لەکن قێزەونە، ئەگەر کاندیدی سەرۆکایەتی حکومەت بم وەزیری ورگن قەبوڵ ناکەم، با کابینەکەشم درەنگتر بکەوێ، وەزیری ئەوقاف بم تاکە مەلایەکی قەڵەو لەسەر مینبەر ناهێڵم، وەزیری تەندروستیش بم پزیشکی قەڵەو دانامەزرێنم.

جا ئەگەر قەڵەوی جوانی بێت و وەرزش کفر بێت و خواردنیش چەور بێت و پارەش بباریت و تەکنەلۆجیاش سەرباربێت و دۆڵمەش یەکەمی بێ رکابەربێت، دەبێت بڵێین قەڵەوی گیان تۆ سەروەر و رابەرمانی.

# بۆچی هەندێک کەس سەختتر لە کەسانی دیکە کێشیان دادەبەزێت؟



سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

سازان عوسمان، 43 ساڵ، بێزار بووە لەوەی هەمان پلانەکانی هاوڕێ و هاوتەمەنەکانی جێبەجێ دەکات بۆ دابەزاندنی کێشی، کەچی وەکو ئەوان کێشی دانابەزێ.

ئەو بە بێزارییەوە دەڵێ "نازانم بۆچی بە ئاو خواردنەوەش قەڵەو دەبم؟".

ئەمە بە تەنیا کێشەی سازان نییە و بەپێی ئاماری رێکخراوی تەندروستیی جیهانی WHO، لە ساڵی 2008 دا لەسەر ئاستی جیهان ملیار و نیوێک کەس کێشیان زیادی کردووە و 500 ملیۆن کەسیش وەک قەڵەو پێناسە کراون.

لە سادەترین پێناسەیدا، قەڵەوی بریتییە لە تێکچوونی باڵانس لەنێوان ئەو وزەیەی لە خۆراک وەریدەگریت، لەگەڵ ئەوەی لە رێگەی جووڵە و وەرزشکردنەوە لەدەستی دەدەیت. واتە یان وزە زۆر وەردەگریت، یان کەم خەرجی دەکەیت، یاخود هەردووکیان پێکەوە.

پزیشکێکی پسپۆڕ ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە ئەگەر دوو کەس هەمان بڕی خۆراک بخۆن و هەمان بڕی وەرزش بکەن، رەنگە یەکێکیان لەوی دیکەیان ئاسانتر قەڵەو ببێت، یان گرانتر کێشی دابەزێت "پێکهاتەی جینی و بۆماوەیی کەسەکان رۆڵ دەبینێت لە خێرایی قەڵەوبوون و گرانیی دابەزاندنی کێشیاندا. هەندێک کەس لایەنی جینییان وەهایە، دەبێت لە کەسانی دیکە زیاتر وەرزش بکەن و کەمتریش بخۆن بۆ ئەوەی وەکو ئەوان کێشیان دابەزێت". دکتۆر هێمن محەممەد مستەفا، پزیشکی پسپۆڕی هەناو وایگوت.

ئەو پزیشکە گوتیشی کە ئاستی قەڵەویش رۆڵی هەیە لە خێرایی دابەزاندنی کێشی کەسێکدا "ئەو کەسانەی زۆر قەڵەون، سەختتر دەتوانن کێشیان دابەزێنن لەوانەی کەمتر قەڵەون".

قەڵەوی لەسەر ئاستی جیهاندا هێندە گرفتێکی گەورەیە کە WHO دەڵێت ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی قەڵەوییەوە دەمرن زیاترە لەوانەی بە بەدخۆراکی گیان لەدەستدەدەن.

دکتۆر هێمن دەڵێت، نابێت خۆبەخۆ دەست بدەنە بەکارهێنانی ئەو دەرمانانەی دەگوترێت دژە قەڵەوین "دەرمان تەنیا بۆ ئەو کەسانەیە کە پزیشک دەگاتە ئەو بڕوایەی تەنیا بە رێجیم و وەرزش دانابەزن. جگە لەمە دەبێت پێکهاتەی دەرمانەکە و بڕەکەی بە روونی دیاری کرابن و زانستی پزیشکیش سەلماندبێتی کە کاریگەرن". چونکە وەک ئەو دەڵێت "ئەو دەرمانەی بۆ کەسێک گونجاوە، رەنگە بۆ کەسێکی دیکە گونجاو نەبێت، ئەویش بە گوێرەی تەمەن و تەندروستی گشتیی جەستە و کێشی کەسەکە".

قەڵەوی هۆکارێکی گرنگی رێگاخۆشکەرە بۆ تووشبوون بە شەکرە و نەخۆشییەکانی دڵ و بۆرییەکانی خوێن و شێرپەنجە. ساڵی پار لە نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی پارێزگای سلێمانیدا 9856 کەس بەهۆی نەخۆشییەکانی دڵەوە لە نەخۆشخانە داخڵکراون، 2234 کەسی دیکەش بەهۆی جەڵتەی مێشکەوە داخڵی نەخۆشخانە کراون و 1944 کەس وەک تووشبووی نوێی شێرپەنجە و 3100 کەسیش وەک تووشبووی نوێی شەکرە دەستنیشانکراون.

دکتۆر هێمن محەممەد مستەفا تێبینی کردووە هاووڵاتیان ئەوەندەی لەلایان سەختە وەرزش بکەن، بۆ رێجیمکردن بەو جۆرە نین "جارێ لەلامان روون نییە هۆکاری ئەم تەمبەڵییە جەستەییەی خەڵکی خۆمان هۆکاری بۆماوەیی هەیە، یان کۆمەڵایەتی یان نەبوونی شوێنی گونجاوە. لەوانەیە کۆکراوەی هەمووشیان بێت".

ئێستا ژمارەیەکی زیاتری خەڵکی بیر لەوە دەکەنەوە، لەپێناو دابەزاندنی کێشیاندا پەنا بۆ نەشتەرگەری ببەن، نەوەک رێجیم و وەرزشکردن. بەڵام پزیشکێکی پسپۆڕ ئەمە بە بیرۆکەیەکی نازانستی دەزانێت.

د.دلێر شەمسەدین، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناو بە (ڕووداو)ی گوت "ئەنجامدانی نەشتەرگەری بەبڕیاری پزیشک دەبێت، نەک تەنیا خواستی کەسەکە. ئەمەش زیاتر بۆ ئەوانەیە کە بە رێجیم و وەرزشی پێویست و دەرمانی پزیشکی کێشیان دانەبەزیوە، یان نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیە". پزیشکە پسپۆڕەکە گوتیشی ئەو کەسانەی بە نەشتەرگەری لابردنی چەوری ورگ خۆیان لاواز دەکەن، ئەگەر ستایلی ژیانیان نەگۆڕن، ئەوا پاش ماوەیەک وەک خۆیان لێدێتەوە و دیسان قەڵەو دەبنەوە، ئەگەر بە دانانی ئەڵقەی دەوری گەدەش خۆیان لاواز بکەن، ئەوا کۆمەڵێک نیشانەی نەخوازراوی درێژخایەنیان تووش دەبێت.

ئەوەی لەم ساڵانەی دواییدا دیاردەیەکی نوێیە، قەڵەوی منداڵانە. رێکخراوی تەندروستیی جیهانی دەڵێت لە ساڵی 2008 دا 40 ملیۆن منداڵ کێشیان زۆر بووە. توێژینەوە نوێیەکانیش دەڵێن ئەو کەسانەی لە منداڵیدا قەڵەون، ئەگەرێکی زیاتری هەیە لە داهاتوودا تووشی نەخۆشییە درێژخایەنەکانی وەک شەکرە، شێرپەنجە، بەرزیی فشاری خوێن و جەڵتەی دڵ و مێشک ببن.

# کێشی زۆر و قەڵەوی



دکتۆر زانیار نوری*

بۆ ئەوەی بزانیت کێشت زیادە یان نا، سەرەتا بزانە تۆ کێشت زۆرە یان قەڵەویت، چونکە ئەم دووانە جیاوازن. ئەوەش تەنیا بە کێش نییە بەڵکو دەبێت بەرزی باڵاشت بزانیت. پاشان کێش و باڵات بەم هاوکێشەیە دابەش بکە و شتێکت بۆ دەردەچێت پێیدەگوترێ بارستایی لەش: بارستایی= کێش÷ (باڵا÷100) توان 2.

بۆ نموونە ئەگەر کەسێک باڵای 170 سم بێت، کێشیشی 60 کیلۆگرام بێت: یەکەمجار درێژیی باڵاکەی دابەشی 100 دەکەین (170÷100= 1.7) دواتر ئەنجامەکەی جارانی هەمان ئەنجام دەکەین (1.7×1.7 = 2.89). ئینجا بارستایی لەش بەو جۆرە دەپێوین: 60÷2.89= 20.68

ئەگەر کێشت لە نێوان 18.5 بۆ 24.9 بوو سروشتییە، 25 بۆ 29.9 بوو کێشت زۆرە، 30 و زیاتر ئەوا قەڵەوی.

لەبەرئەوەی هەر لە کێش زۆرییەوە مەترسی نەخۆشییەکان دەستپێدەکات و ئینجا قەڵەوی کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ زۆر کەس دروستکردووە، بۆیە تا لە کێشێکی سروشتیدا بمێنینەوە دوورین لەو کێشانە!

### چۆن کێشمان بە سروشتی بمێنێتەوە (18.5 – 24.9):

–1 زۆربەی رۆژەکان لە هەمانکاتدا ژەمەکان بخۆ.

–2 هەوڵ بدە لە هەفتەیەکدا خواردنە سووکەکان زیاتر بن وەکو شۆربا و شلە کوردییەکان تا برنج و گۆشت.

–3 نان مەخۆ تاوەکو برسیت دەبێت و کە نانت خوارد تەنیا برسێتیت بشکێنە.

–4 زۆر بجووڵێ، قادرمە بەکاربێنە نەک ئەسانسۆر، ئۆتومبێلەکەت پارک بکە لە دوور تا بۆی بڕۆیت، کەم دانیشە بە دیار تەلەفزیۆنەوە.

–5 لەسەرخۆ نان بخۆ، نانێک زانیت بە پەلە دەخورێت مەرج نییە بیخۆیت، هەڵی بگرە بۆ کاتی پشوودانت!

–6 ئاگات لە فشاری دەروونی بێت پاڵت پێوە نەنێت بۆ خواردن.

7 – رۆژانە 7-8 کاژێر بخەوە، لەگەڵ سەرخەوێکی نیوەڕۆیان گەر ماندوو بوویت.

–8 رۆنی رووەکی بەکاربێنە نەک ئاژەڵی.

### چۆن کێشی زۆر دادەبەزێنین (25 – 29.9):

–1 خاڵەکانی سەرەوە هەمووی جێبەجێ بکە.

–2 کەمتر لە جاران بخۆ

–3 هەفتانە تەنیا دووجار گۆشتی سوور بخۆ.

–4 نانی ئاردی سپی بە کەمی بخۆ.

–5 برنجی دەنک درێژ بخۆ، ئەویش هەموو رۆژێک نا.

–6 دووربکەوە لە شیرینیەکان، ئەوانەی لە شەکری قوتوو دروست دەکرێن.

–7 دووربکەوە لە چیپس و ساردەمەنی

–8 وەرزشێکی بەردەوامی وەکو راکردن بکە

### ئەگەر بارستایی لەشت لە 30 زیاتر بوو دەبێت پزیشک ببینیت، بەڵام بۆ زانیاریت ئەمە جیاوازییەکانە:

–1 هەموو خاڵەکانی کێشی سروشتی و کێشی زۆر جێبەجێ بکە.

–2 پلانی خواردنت دەبێت لە ژێر چاودێری پزیشک بێت.

–3 لێرەدا دەرمانی کێش دابەزاندن بەکاردێت و ئەوەش تەنیا یەک دوو دەرمان بەڵگەی لەسەرە و بێ مەترسییە، زۆربەی ئەوانەی بازاڕی ئێمە مەترسیدارن، با ئاگادار بین.

–4 نەشتەرگەری کەم خواردن دەکرێت بۆ ئەوانەی بارستایی لەشیان لە سەرووی 40 بێت.

تێبینییەکی گرنگ: ئەم پلانانە تەنیا بۆ کەسێک دەبن کە نەخۆشی وەکو شەکرە و پەستانی خوێن و دڵیان نییە.

*** هەڵگری بڕوانامەی بۆرد (دکتۆرا) لە نەخۆشییەکانی هەناو**

## قەڵەوێک داوای قەرەبوو لە فاستفوودەکان دەکات



ڕووداو- ABC news

پیاوێکی قەڵەوی ئەمریکی دەڵێت خواردنی فاستفوود قەڵەوی کردووم و ئەو قەڵەوییەش بووەتە هۆی ئەوەی تووشی جەڵتەی دڵ ببم. ئەو بەم هۆیەوە سکاڵای یاسایی لەسەر هەریەکە لە کۆمپانیا بەناوبانگەکانی ماکدۆناڵد و بێرگەر کینگ و ویندی و کەی ئێف سی تۆمار کردووە کە تایبەتمەندی خواردنی خێران.

ئەو پیاوە کێشەکەی 122 کیلۆیە و دەڵێت من هەفتانە پێنج ژەم خواردنە چەور و سوێرەکانی ئەوانم دەخوارد، بێ ئەوەی بۆمی روونبکەنەوە کە ئەمە زیانێکی زۆر لە تەندروستیم دەدات. سیزار باربەر، 56 ساڵان، دەیەوێت ئەو کۆمپانیایانە لەپای ئەو هەموو زیانە تەندروستییەی لێیانداوە، قەرەبووی ماددی بکەنەوە. لە وەڵامی ئەم سکاڵایەی بەڕێز باربەردا گوتەبێژی کۆمپانیاکانی فاستفوود دەڵێت "دوو لەسەر سێی خەڵکی ئەمریکا لە ماڵی خۆیان نان دەخۆن، دەکرێت لەسەر ئەو نەخۆشییانەی لە خواردنەوە پەیدا دەبن، خەڵکی سکاڵا لەسەر دایکیان تۆمار بکەن؟"

## سیستمی گەرمکردنی مەرکەزیی ماڵ قەڵەوتان دەکات

ڕووداو- NHS

زانایانی ئەڵمانی دەڵێن سیستمی گەرمکردنی ناوەندی کە لە ئۆفیس و ماڵەکاندا دادەنرێت، هۆکارێکی دیکەی قەڵەویی مرۆڤی ئەم سەردەمەیە. ئەوان دەڵێن لە کەشی سەرمادا جەستە بڕێک وزە بەکاردەهێنێت بۆ گەرمبوونەوە و ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ دابەزینی کێش. بەڵام کاتێک لەم وەرزی سەرمایەدا لە ئۆفیس یان ماڵەوە پلەیەکی گەرمیی جێگیر دابین دەکرێت، جەستەمان ئەو وزەیە خەرج ناکات و لەبری ئەوە لەشێوەی چەوریدا کۆی دەکاتەوە، ئەمەش خودی پرۆسەی ئاسایی قەڵەوبوونە.

زانایان دەڵێن لەکاتی سەرمادا و ئەوکاتەی هەڵدەلەرزین و کار دەکەین، خەرجکردنی وزەی جەستەمان پێنج هێندە زیاد دەکات.

## ئەو منداڵەی دایکی قەڵەوە، تەمەنی کورتترە



ڕووداو- BBC

توێژینەوەیەکی درێژخایەنی زانایانی بەریتانی دەریدەخات ئەو منداڵەی دایکی لەکاتی سکپڕیدا قەڵەو بووە، ئەگەرێکی زیاتری هەیە بەر لە تەمەنی 55 ساڵی بمرێ. توێژینەوەکە لەسەر 28540 دایک ئەنجامدراوە کە لەنێوان ساڵانی1950- 1976 منداڵیان بووە و تێیدا زانیاری تەواو تۆمارکراوە لەسەر کێشی دایکەکان لەکاتی سکپڕی و رێژەی مردنی منداڵەکانیان.

دواتر دەرکەوت ئەوانەی دایکیان قەڵەوتر بووە لەکاتی سکپڕیدا ئەگەری مردنیان بە هەر هۆکارێک زیاتر بووە بەر لە تەمەنی 55 ساڵی، هەروەها ئەگەرێکی زیاتریش هەبووە تووشی جەڵتەی دڵ و دەماخیش ببن.

تەوەری داهاتووی لاپەڕەی تەندروستی:
هۆشیاری بەکارهێنانی دەرمان
ڤیدیۆوۆڵی رۆژی دووشەممەی
هەواڵە تەندروستییەکان:
قەڵەوی.. هۆکار و چارەسەر
دەتوانی رۆژانە لە لاپەڕەی تەندروستی پۆرتاڵی ڕووداو بینەری گەشتی هەواڵە تەندروستییەکان بیت

نۆڕین
نۆڕینی ئەمجارە باس لە هۆشیاریی بەکارهێنانی دەرمان دەکات
کاتەکانی پەخش کردن :18:00ی رۆژی هەینی
دووبارە: کاژێر 00:00 رۆژی شەممە، کاژێر 14:00 رۆژی یەکشەممە
- زۆرترین هەواڵی خوێنراوی بەشی تەندروستی لە پۆرتاڵی ڕووداو:
- حەمکۆ 20 ساڵە حەب دەخوات
- 3 پەرلەمانتار جەستەی خۆیان دەبەخشن
بۆ زیاتر زانیاری سەردانی لاپەڕەی تەندروستی پۆرتاڵی ڕووداو بکە:
Rudaw.net



# سۆزان جەمیل.. دەنگێکی ڕاستەقینەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ئاڤا هۆما
تۆرنتۆ – کەنەدا

سۆزان سامی جەمیل، چیرۆکنووسی دانیشتووی کەنەدا، هەینی ڕابردوو خەڵاتێکی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لە بەغدا وەرگرت. ژیانی ئەم چیرۆکنووسە کوردە، کە عەرەبییەکەی هێندە باشە لە زۆر نووسەری عەرەب باشتر دەنووسێت، بۆ خۆی چیرۆکێکە.

به منداڵی، لەبەر قژی زەرد و چاوی شینی هەرزوو لە نێو هاوڕێ منداڵە عەرەبەکانی بە "کچە کوردەکە" ناوبانگی دەرکردبوو. سەرەڕای مامەڵەی نامرۆڤانەی دژ بە کورد لەوکاتەدا، خەڵک هەر ڕێزیان لە سۆزان دەگرت. لە چەند حاڵەتێکی دەگمەندا نەبێت، سۆزان هێندە ڕووبەڕووی جیاکاری نەبووەتەوە.

کاتێک کە لە ئامادەیی بوو، یەکێک لە مامۆستاکانی بەبێ ئەوەی ئاگاداری بکاتەوە، یەکێک لە چیرۆکەکانی بۆ پێشبڕکێیەکی نووسین ناردبوو.

ڕۆژێک گوێی لە ناوی خۆی بوو بانگ کرا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی دووەمی پێشبڕکێی نووسین، ئەو پێشبڕکێیەی کە خۆی ئاگاداری نەبوو.

سۆزان ئەو ڕووداوە بە یەکێک لە سەرکەوتووترین ڕووداوەکانی ژیانی دەزانێت. هەر لەو ساڵە بە دواوە، بە بەردەوامی بۆ پێشبڕکێی نووسین چیرۆک و هۆنراوەی دەنووسی و بەمشێوەیەش چەندین خەڵاتی بۆ کارەکانی کۆکردەوە.

بەهۆی دەوڵەمەندیی خەیاڵەکانی و خۆشەویستییەکەی بۆ ئەدەب و توانای بەهێزی لە زمانی عەرەبی، چەندین کاری خوڵقاندووە کە لە جیهانی عەرەبیدا ستایشی زۆر دەکرێت.

سۆزان دەڵێت "ئەوان حەزیان لەو ڕاستییەیە کە عەرەبی زمانی دووەمی منە و هێشتا لە زۆر عەرەب باشتر بە عەرەبی دەنووسم".

ڕۆژی 2014/2/21 سۆزان خەڵاتی سێیەمی لە پێشبڕکێی "کورتە چیرۆکی نازک ئەلمەلائیکە" لە بەغدا وەرگرت، کە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری عێراقەوە پێی بەخشرا.

کوردیش کارەکانی سۆزان بەرز هەڵدەسەنگێنن، بەڵام لە هەمانکاتیشدا پێیان باشە کە بە کوردی بنووسێت. هەرچەندە سۆزان لە ساڵی 1968 لە زاخۆ لە دایکبووە، بەڵام لە تەمەنی دوو ساڵیدا کوردستانی بەجێهێشتووە. باوکی کە پشتیوانێکی بەهێزی سۆزان بوو، ناچاربوو کە وڵاتەکەی خۆی بە جێبهێڵێت و ڕوو لە بەغدا و موسڵ بکات بۆ کارکردن. "من خۆم فێری کوردی دەکەم، بەڵام ئەو توانایەی کە لە زمانی عەرەبیدا هەمە دوای چەندین دەیە هاتووە لەبەرئەوە نازانم کەی دەتوانم لە کوردیدا وەکو عەرەبی بنووسم." سۆزان وا دەڵێت.



"بغداد عربية الوجه، إسلامية القلب، إنسانية الروح"

بغداد ٢٠١٣ عاصمة الثقافة العربية

الأديبة المبدعة سوزان سامي جميل المحترمة

نهنئكِ بمناسبة فوزكِ بجائزة نازك الملائكة للإبداع الأدبي النسوي الدورة السادسة /٢٠١٣ وحصولكِ على المركز الثالث في مجال القصة القصيرة.

وتتشرف وزارة الثقافة بدعوتكِ لحضور حفل توزيع الجوائز على قاعة المسرح الوطني بتاريخ ٢٠١٤/٢/٢١ تزامناً مع حفل ختام بغداد عاصمة الثقافة العربية /٢٠١٣ للفترة من ٢٠-٢٠١٤/٢/٢٢.

وتتحمل وزارتنا نفقات السفر والإقامة للفترة من ١٩- ٢٣ / ٢ / ٢٠١٤

راجين تأكيد حضوركِ البهي إسهاماً في إنجاح الحفل المذكور.

عقيل ابراهيم المندلاوي

ع/ وزير الثقافة

٢٠١٤/١/ CU

BAGHDAD, CAPITAL OF ARABIC CULTURE 2013

وزارة الثقافة جمهورية العراق

العراق | بغداد | شارع حيفا | مبنى وزارة الثقافة | هاتف | ٠٠٩٦٤٧٧١٨٦٥٣٤٣٧، ٠٠٩٦٤٧٨٠٩٩٥٩٧٨٥

Iraq | Baghdad | Haifa Str. | MoC Bldg. | Tel | 009647718653437, 009647809959785 | www.BaghdadC2013.gov.iq

bc@baghdadc2013.gov.iq | baghdad2013@crd.gov.iq




کاتێک کە باوکی سۆزان یەکەمجار لە تەمەنی نۆ ساڵیدا چیرۆکێکی سۆزانی بینی، بڕوای بە چاوی خۆی نەدەهات. هەر دوای ئەوە ئیدی باوکی سۆزان بەردەوام هانی سۆزانی دەدا کە "زیاتر بنووسێت و زیاتر بخوێنێتەوە."

لە ساڵی 1991 بۆ 1998 سۆزان وانەی فیزیا، کیمیا و بیرکاری دەگوتەوە لە زاخۆ، ئەمەش دوای ئەوەی کە بەکالۆریۆسی لە زانکۆی موسڵ لە ئەندازیاری کشتوکاڵ بەدەستهێنا.

پاش ماوەیەکی کورت، سۆزان وەکو پەنابەر ڕووی لە کەنەدا کردووە و خۆی و سێ منداڵەکەی بە کاری وەرگێڕان ژیاندووە.

بەمدواییانە کتێبێکی بە زمانی ئینگلیزی بەناوی (In the Shade) کە بە مانای (لە سێبەر) دا دێت، لەلایەن کۆمپانیای چاپی Xlibris ەوە بڵاوکردەوە. کتێبەکە کۆکراوەی شیعرەکانی سۆزانە و لە هاملتن لە کەنەدا بڵاوکرایەوە.

کتێبخانەی گشتی هاملتن کتێبەکەی لە ئامێز گرت و خوانێکی ڕێکخست کە تێیدا زۆر کورد و کەنەدی ئامادەی بوون.

سۆزان دوو کۆکراوەی دیکەی شیعرەکانی بە عەرەبی بڵاوکردووەتەوە. یەکەمیان لە ساڵی 2011دا بەناوی (بازنەکانی بارانێکی هەنگوینی) و کتێبی دووەمیش کە ساڵی دواتر بڵاویکردەوە، بە ناوی (دوو سروودی یەک مەنفا) بوو. هەروەها ڕۆمانێکی کوردی بەناوی (خەمەکان)ەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی بۆ سەنتەری نەتەوەیی قاهیرە و هەر لەوێش بڵاوی کردووەتەوە.

نا یەکسانی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ژنان و منداڵان بابەتی سەرەکی کارەکانی سۆزانە و لەزۆربەی نووسینەکانیدا ڕەنگ دەدەنەوە. ئەو ڕەخنە لە مامەڵەی کورد لەگەڵ ژن و منداڵەکانیاندا دەگرێت، تەنانەت ئەوانەش کە چەندین ساڵ لە ڕۆژئاوا دەژین.

ئەو پێیوایە کە کۆمەڵگەی کوردی دەبێت لە کێشەکە ئاگادار بکرێنەوە و چارەسەری بکەن، نەک بیشارنەوە. کارەکانی زۆرجار تووشی کاردانەوە و توورەیی خەڵک دەبێتەوە لە سەرەتاوە، بەڵام دواتر قبوڵ دەکرێت و ڕەنگدانەوە دروست دەکات. ئەو وێنایەی کە سۆزان بۆ جەنگ و کاولکاری و نایەکسانی دەیکێشێت وەکو ئاوێنەیەک بۆ کۆمەڵگەکەی وایە، ئەو کۆمەڵگەیەی کە زۆر جار ڕاستی تێدا قبوڵ ناکرێت.

یەکێکی دیکە لە چیرۆکە کورتەکانی بەناوی (زەماوەندی شەیتان) کە دەربارەی منداڵانی نێو جەنگە خەڵاتی سێیەمی لە فیستڤاڵی وێژەی بەغدا بردەوە لە ساڵی 2010. هەروەها لە ساڵی 2011دا سۆزان وەکو باشترین چیرۆکنووس و هۆزانڤانی عێراقی هەڵبژێردرا.

نیشتەجێبوونی لە کەنەدا کارەکانی سۆزانی سنووردار نەکردووە. لە ساڵی 2010دا سۆزان کۆمەڵەی نووسەرانی دیجلەی دامەزراند و لە مانگی ئۆکتۆبەری هەمانساڵدا فیستیڤاڵی وێژەی عەرەبی ڕێکخست. ئەو هەروەها ئەندامی "پرۆگرامی ڕێگەگرتن لە تاوانی ڕق وکینە"یە لە هاملتن.

دوا هەوڵی بۆ ئەوەیە کە بتوانێت بە ئینگلیزی وەکو عەرەبی بنووسێت و ببێتە دەنگێک بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

"وا هەست دەکەم کە ڕۆژئاواییەکان جگە لەو وێنە خراپەی کە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێشراوە، شتێکی دیکە دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نازانن." سۆزان دەڵێت "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە دەنگی ڕاستەقینە هەیە تا بە جیهان بڵێت کە ئێمە چۆن دەژین و هەستمان چۆنە".

# ئەمریکا، عێراق و کورد: شۆک و پاشماوە

محەممەد ساڵح
ڕووداو – واشنتن

نووسەر محەممەد شەریف لە کتێبەکەیدا "ئەمریکا، عێراق و کورد.. شۆک و پاشماوە" توێژینەوەیەکی پڕ مانا و دوور و درێژ لەسەر سیاسەتی ئەمریکا لە بەرامبەر عێراق دەکات و هەوڵدەدات پەیوەندییەکانی دەوڵەتێکی زلهێز لەگەڵ حکومەتی عێراق و قەوارەیەکی ناسەربەخۆی وەک هەرێمی کوردستان تاوتوێ بکات. ئەو لەو هەوڵەیدا سەرکەوتوو بووە.

ئەگەر بەشێوەیەکی خێرا تەماشا بکەین، دەبینین کە پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ کورد هاتەڕیب نییە، ئەمەش بەهۆی نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، بەڵام شەریف لە کتێبەکەیدا پێچەوانەی ئەمە تەرح دەکات.

ئەم کتێبە نایابە باس لە گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بەرامبەر عێراق لە ئاستی جیهانی و نەتەوەیی عەرەبی عێراقی و نەتەوەی دووەم، کورد لەکوردستان دەکات. کتێبەکە دەڵێ کە سیاسەتی ئەمریکا لەبەرامبەر عێراق لە دوو تەوەری سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە. یەکەمیان سیاسەتی ئەمریکا لەبەرامبەر عێراقی عەرەبی و دووەمیشیان لە بەرامبەر هەرێمی کوردستان کە هەردووکیان لەڕوانگەی ستراتیژی ئەمریکاوە لەسەر ئاستی نەتەوەییە.

شیکردنەوەی یەکەم لەسەر ئاستی نەتەوەییە کە باس لە ستراتیژی جیهانیی ئەمریکا و کاریگەرییەکانی لەسەر سیاسەتی ئەو وڵاتە لەبەرامبەر عێراق دەکات. ستراتیژی جیهانیی ئەمریکا بەستراتیژە مەزنەکەی ئاراستە دەکرێ کە ئەویش ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکایە. لەسەر ئەم ئاستە بەرزە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، کتێبەکە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە ئایا هیچ گۆڕانکارییەک لە ستراتیژە مەزنەکەی ئەمریکادا ڕوویداوە لە دەرئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانەی لە ئاسایشی جیهانیدا ڕوویانداوە. لە کۆتاییدا کتێبەکە ئەوە دەردەخات کە لەڕاستیدا گۆڕانکاری ڕوویداوە لە ستراتیژە مەزنەکەی ئەمریکا لە "جەنگی ساردەوە" بۆ "ستراتیژی مەزنی ئازادیی نەتەوەکان" و ستراتیژی مەزنی "شەڕی دژە تیرۆر".

شەریف کە لە کۆمەڵەی شاهانەی ئاسیایە لە لەندەن، لە کتێبەکەیدا تیشک دەخاتە سەر سیاسەتی عێراق و ئەمریکا لەسەر ئاستی نەتەوەیی ئەوەش بە بەکارهێنانی گێڕانەوەی مێژوویی و زیاتر تەرکیز خستنەسەر سیاسەتی واشنتن لە بەرامبەر عێراقی عەرەبی.

سێیەم شیکاری کتێبەکە بریتییە لە سیاسەتی ئەمریکا و عێراق لەسەر ئاستی نەتەوەی دووەم، بۆ نموونە سیاسەتی دەوڵەتێکی زلهێز لە بەرامبەر کورد لە عێراق. شەریف دەڵێ لەکاتێکدا ئەمریکا سیاسەتی خۆی هەیە بۆ عێراق، لەگەڵ ئەوەشدا بە ناچاری سیاسەتی هەیە لەبەرامبەر کورد.

بۆ ئەمەش، نووسەر تیشک دەخاتە سەر سێ فەیسی جیاواز: بۆ عێراقی عەرەبی، فەیسی یەکەم لە ڕووخانی ڕژێمی شای ئێرانەوە لە ساڵی 1979 و جێگرتنەوەی بە ڕژێمێکی ئیسلامی دوژمن بە ئەمریکا. سەبارەت بە سیاسەتی ئەمریکا لەبەرامبەر بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردی کتێبەکە لە فەیسی یەکەمدا باس لە هەوڵێکی سەرنەکەوتووی کورد بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا لەساڵی 1961 دەکات کاتێک شۆڕشی کورد لە دژی ڕژێمی عێراق دەستی پێکرد. فەیسی دووەم لە پەیوەندییەکانی عێراق و ئەمریکا لە دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە لەساڵی 1990 دەست پێدەکات. لەدوای ئەم داگیرکارییەوە، عێراق وەک وڵاتێکی دوژمن و ئەکتەرێک لە ناوچەکەدا تەماشاکرا کە ناخوازێ و ناتوانێ بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان هەڵسوکەوت بکات. ئەمەش یارییەکەی بۆ کورد گۆڕی. داگیرکردنی کوێت وای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد لە دژی سەددام بوەستنەوە و ڕێی بۆ کورد خۆش کرد لە دژی ئەو ڕژێمە ڕاپەڕن و لەئەنجامدا حکومەتێکی ئۆتۆنۆمی کوردیی دابمەزرێنن. فەیسی سێیەم لە سیاسەتی ئەمریکا ڕاستەوخۆ لەدوای هێرشەکەی 11ی سێپتەمبەری 2001 بۆ سەر نیویۆرک و واشنتن دەستپێدەکات. توندکردنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەلایەن ئەمریکاوە لەئەنجامی ئەو هێرشانە بووە هۆی گۆڕانکاری گەورە لە ستراتیژی ئەمریکا لەبەرامبەر عێراق.

شیکاری کتێبەکە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەبەرامبەر کورد جێی سەرنجە لەبەر دوو هۆکار: ئەوە نیشان دەدات کە دەوڵەتێکی زلهێز پێویستی بە لایەنی دیکە هەیە لە پێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی.




هەروەها ئەو تێڕوانینەی گۆڕی کە هەندێک پێیانوایە سیستمی نێودەوڵەتی تەنیا لەناو دەوڵەتەکاندا چەقی گرتووە، بۆیە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەبێت تەنیا لە نێوان دەوڵەتە سەربەخۆکاندا بێت.

شەریف هەروەها ڕەخنە لە هاوئەکادیمییەکانی دەگرێت بۆ ئەو کەموکورتییانەی لە ئەکادیمیای ئەمڕۆدا هەیە لەبەرامبەر سیاسەتی قەوارە ناسەربەخۆکان، ئەو لەو باوەڕەدایە کە دەبێت ئەم بابەتە گفتوگۆی لەبارەوە بکرێ. لە ڕابردوودا کورد بە تەواوی پشتگوێخرابوون لە ئەکادیمیای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. بەڵام زیادبوونی کاریگەرییان و چالاکییەکانیان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وای کردووە چیدی ئەمە ئاسان نەبێت.

شەریف زۆر بە تێروتەسەلی وێنای سروشتی ئاڵۆزی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بەرامبەر هەرێمی کوردستان دەکات کە بە "سیاسەتی ئەمریکا- عێراق لەسەر ئاستی نەتەوەی دووەم" وەسفی دەکات.

ئەم کتێبە زۆر گرنگە، چونکە باس لە هەردوو تەوەرەی سیاسەتی ئەمریکا-عێراق دەکات. بۆ نمونە لەبەرامبەر عێراقی عەرەبی لە ساڵی 1979 و لەبەرامبەر بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردی لە عێراق لە ساڵی 1961وە هەتا ئەم دواییانە بە ئیدارەکەی ئۆباماشاوە. کتێبەکە تێڕوانینێکی باش لەسەر بەردەوامی و گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی ئەمریکا لەبەرامبەر عێراق و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە کوردستان و عێراق و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەکات.

هەرچەندە ڕەنگە ئەمە جێگەی سەرسوڕمان بێت بۆ زۆران لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق، بەڵام نووسەر دەڵێ کە سیاسەتی ئەمریکا لەبەرامبەر عێراق زۆرتر نەگۆڕ بووە.

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و کورد، کتێبەکە تەرکیز دەخاتە سەر ساڵەکانی نێوان 1961 بۆ 2014. شەریف وێنای سیاسەتی ئەمریکا لەبەرامبەر کورد بە تاڕادەیەک نەگۆڕ دەکات، بەڵام باس لەوەش دەکات لە ماوەی ئەو ساڵانەدا سیاسەتی ئەمریکا بە چوار فەیسی جیاواز گۆڕانی بەسەردا هاتووە. قۆناغی کۆتایی بریتییە لە سیاسەتێکی ئاشکراو ڕەسمی لە بەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان. یەکێک لەو نیشانە سەرەتاییانەی کە دۆکیومێنت کراوە سەبارەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەناو کورد لە ئەنجامی پڕوپاگەندەی یەکێتی سۆڤیەت بووە لەناو کورد. بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری بیروڕای کۆمۆنیستی لە نێو کورد باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا گۆڤارێکی هەواڵی هەفتانەی بە زمانی کوردی لە ساڵانی پەنجاکاندا بڵاودەکردەوە. ئەو بەرژەوەندییە سەرەتاییە گۆڕا بۆ پەیوەندیکردن لە ساڵی 1961-1971 پاشان گۆڕا بۆ پەیوەندی نهێنی لە ساڵەکانی 1972-1975 پاشان بۆ پەیوەندییەکی ئاشکرا لە ساڵی 1991-2004 دواجار بووە پەیوەندییەکی دامەزراوەیی ئاشکرا لە ساڵی 2005 بەدواوە، بەڵام وەک سیاسەتی ئەمریکا- کورد ڕانەگەیەنراوە. گۆڕانکاری لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ کورد لە هاوکاری مرۆییەوە بۆ هاوبەشێکی ستراتیژی وەک هاوپەیمانێکی بێدەوڵەتی سەربەخۆ ئاماژەیە بۆ زیادبوونی ڕۆڵی کورد و زیادبوونی گرنگییان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

سەرەڕای ئەوەی کە زۆر کەس پێیانوایە، ئامانجی سەرەکی ئەمریکا لە سەپاندنی هێڵی دژە فڕین لە هەرێمی کوردستان بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی نەبوو بەڵکو پەیامێک بوو کە ئەمریکییەکان ویستیان بینێرن لەبارەی ئەوەی هێشتا ئەوان سەددام وەک هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانیان لە هەرێمەکە تەماشا دەکەن. دروستبوونی قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمی کوردی وەک شەریف باسی دەکات زیاتر دەرەنجامی نەویستراوی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بوو.

کتێبەکە بەشێکی بەرچاوی تەرخان کراوە بۆ دەرکەوتنی بواری ئەکادیمی بەتایبەت لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک ئەکتەرێکی بێ دەوڵەت. کتێبەکە تیشک دەخاتە سەر هەستیاریی پەیوەندییە سیاسی و جوگرافییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە لە گۆڕانکاری خێرادایە. لەم توێژینەوە بەرفراوان و کتێبە دەگمەنەدا، نووسەر ژمارەیەکی زۆر لە دۆکیومێنتی ئەرشیفی حکومی و ژمارەیەکی بەرچاو چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای ئەمریکا و کورد بەکارهێناوە.

ئەدیب ئەلمەکلومی

# سعودیە بۆچی رقی لە ئیخوانە؟

## فیکری کەهەنوتی سەلەفیە "میرنشینەکان" تاعونی عەقڵ و ئافەتی سەردەم

(بەشی سێیەم و کۆتایی)

گومانی تێدا نییە پێغەمبەرمان لەسەردەمی جاهیلیەتیش رەوشتێکی بەرزی هەبوو هەتا بە (صادق الامين) لەناو قورەیشیەکاندا ناسرابوو. ئایەتی ((ورفعنا لك ذكرك)) لەگەڵ ((وانك لعلى خلق عظيم)) ریفعەتی مەقامی (رسول الله)ی بەیان کردووە. بەڵێ خودا ناوبانگی ئەوی بەرز راگرتووە لەسەر نەهج و دین و پەیڕەوێکی عەزیمیش دایناوە. چەمکی (خولوق) لەم ئایەتەدا بەمانای رەوشت نایەت، بەڵکو بەمانای (دینی ئیسلام) دێت. حەزرەتیش بە مەزنی دینی خوداوە شکۆدار کراوە و رێزی گیراوە. ئەگینا ئایەتی (ووجدك ضالا فهدى)شمان هەیە. (خلق) مەبەستی لە رێگە و (دین) و موعتەقەدە. سەرنجی ئایەتی 137ی شوعەرا بدە لەوێدا مەفهومی (خلق) بەڕوونی دیارە کە بە مانای (دین) دێت.

وەک گوتم محەممەد، سەلامی خودای لەسەر بێت بە راستگۆ و دەستپاک و ئەمین ناوبانگی دەرکردبوو لە مەککەدا بەرلەوەی ببێتە پێغەمبەر. کەواتە ئەو پێویستی بەوە نەبووە سەناو مەدحی خۆی یان سەردەمەکەی بکات. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت ریوایەتی پراگماتی (خير القرون قرني) دژبەر و پێچەوانەی فەحوای ئایەتەکانی قورئانە گەر ورد بینەوە.

رەنگە بڵێن ریوایەتی: (أنا سيد ولد ادم يوم القيامة، وأوّل من ينشق عنة القبر، وأوّل شافع وأوّل مشفع) بەڵگە بێت بۆ مەدح و سەنای، بەڵام یەکێک لە سیفات و سروشتی پێغەمبەر (كان يكره المداحين)! کەیفی بەمرۆڤی ماستاوچی و ستایشکار نەدەهات. کەواتە (انا سيد ولد ادم) ئیفتیرایە با هەزارجاریش لە "سەحیحی موسلیم"دا هاتبێت. ریوایاتی دیکە هەن پێچەوانەن لەچەشنی (أنا ابن امرأة من قريش كانت تأكل القديد) کە تەعبیر لە تەوازوع و ملکەچ بوونی (رسول الله) دەکات کاتێ یەکێک دێتە خزمەتی و دەلەرزێ و ترس و بیمی لێدەنیشێ، ئەویش بەم چەشنە ترسی دەرەوێنێتەوە کە کوڕی ئافرەتێک بووە لە قورەیش گۆشتی وشکەوەبووی خواردووە! لەولاش چەندین "ریوایات" وەک بەڵگەو دەلیل لەسەر ئیسپاتی عەزەمەت و گەورەیی دەهێنرێتەوە! ئەمە ئیزدیواجیەت و تەناقوزاتە.

من کە باوەڕم بەهیچ کامێک لەو ریوایاتانە نییە، چونکە بۆ چەندان مەرامی تایبەت و مەغزای جۆراوجۆر دروستکراون و بەرهەمهاتوون. هۆکارو فاکتەری سەرەکی لەپشت ئەم ریوایات و فەرموودانە تەعەسوبی قەومی و مەزهەبی و سیاسی و فیکری، تائیفی و رەگەزی بووە.

(ابن القيم) لە کتێبی (المنار المنيف في الصحيح والضعيف) بە لێکۆڵینەوەی (عبدالرحمن بن يحي المعلمي- ضاتي يەکەم 1996/ دار العاصمة للنشر والتوزيع) ئەم مەسەلە و بابەتانەی چاک شرۆڤە و تاوتوێ کردووە. بەپێویستی دەزانم بۆ ئەوانەی گرینگی بە ریوایات و بابەتی فەرموودەناسی دەدەن هەڵوەستە لەسەر ئەم (توحفە)یە بکەن و عەقڵ و تەفکیریان بەگەڕخەن و چیتر لە (مەعبەدی عەنعەنات) کڕنۆشی تەقدیس نەبەن.

بێمەوە سەر ریوایەتی (انا سيد ولد ادم) کە پێچەوانەی چەندان دەقی قورئان و تەهەجوم و رەجمە لەسەر غەیب. بەچەندین ئایاتی قورئانی سەلمێنراوە کە پێغەمبەر هیچی لە غەیب (شتی پەنهان و نادیار) نەزانیوە. بەراوردێک بکە لەنێوان ریوایەتی (انا سيد ولد ادم) لەگەڵ ئایەتی (ولو كنت أعلم الغيب لاستكثرت من الخير وما مسني السوء) بزانە سەنگی مەحەکی رەسەنی ئەم باسە لەکوێدایە! باشە پێغەمبەر چۆن زانیویەتی یەکەم کەسە کە قەبری بۆ شەق دەبێت؟ ئایا ئەمە وەحیەکی تەوجیهییە لەدەرەوەی قورئان لەکاتێکدا (عالم الغيب فلا يظهر على غيبه أحدا إلا من ارتضى من رسول) حەسمی بابەتەکەی کردووە کە پێغەمبەر غەیب نازانێت چجای غەیبی دوارۆژ؟ چەمکی "رسول" لە ئایەتەکەدا پەیوەندی بەپێغەمبەرەوە نییە بەڵکو لە سیاقی پێش و پاشی ئایەتەکە روون دیارە لەگەڵ مەلائیکەتەکانیەتی. وردبەوە لە هەردوو چەمکی (يسلك/ رصدا) لە ئایەتی "فإنة يسلك من بين يدية ومن خلفة رصدا" چۆن و بۆچی و بە چ مەبەستێک بەکارهاتووە.

یان خورافەی "شەفاعەت" لە قیامەت ــ وەک لە ریوایەتەکەدا هاتووە ــ کە پاساوە بۆ لاساری و هاندانە بۆ خواری و شەرعیەت دانە بە ئەنجامدانی تاوان و سەرپێچیکردن. ئەمە بەزەقی لە هاجیسی حەدیسەکە دەخوێندرێتەوە سەرەڕای زامنکردنی قیامەت و مسۆگەرکردنی بەهەشت بۆ (عاسیەکان) ئەوانەی هێندەی میسقالە زەڕرەیەک ئیمان لەناخیانایە. کەچی قورئان نەفی شەفاعەت دەکات و تەئکید دەکاتەوە کە کەس بۆی نییە شەفاعەت بکات "يا أيها الذين آمنوا أنفقوا مما رزقناكم من قبل أن يأتي يوم لا بيع فيه ولا خلة ولا شفاعة".

سەلەفییە میرنشینەکان، باشتر بڵێین ئافەتی سەردەم، چەندین ناو و بیر و دید و رێچکە و رێبازی جیا جیایان هەیە لەوانە: (الالبانية, الحلبية, الهلالية, الحوينية, البازية, الفوزانية, اللحيدانية, الجبرينية, البرّاكية, الخميسية, العريفية, الفالحية, الجامية: "المدخلية, الوادعية, المأربية", الرسلانية, القوصية, المغراوية, الفركوسية) هەندێک لەمانە ناکۆکی و دووبەرەکی و ململانێی توندیان لەگەڵ یەکدا هەیە، سەرەڕای تەکفیر و تەبدیع و تەفسیق و تەشهیرکردن بە یەکتر خراپتر لە تاقم و هۆز و فیرقە و زاناکانی شیعە کە دژبەیەکی دەکەن، نموونەی (الله ياری) و (ياسر الحبيب) و (كمال الحيدری) و (الكورانی) و (القزوينی).

ئەو تێکپژان و تێکڕژان و جەدەلە عەقیمەی نێوان سەلەفییەکان لەگەڵ ئەو مشتومڕە بێ ناوەڕۆکانە جگە لە ئیستینزاف و بەهەدەردانی وزەکان و بەخشینەوەی رق و قین و نانەوەی دووبەرەکی لەنێوان موسڵمانان و شوێنکەووتوانی بیری سەلەفیەت (بێباک لە نەهجی قورئان) پێم ناڵێن چی دیکەیان پێشکەشکردووە و هەڵسوکەوتەکانیان کوێی ئیسلامەتییە؟ سەرنجی ئەم سێ لینکە بدەن بزانن خیلافات و شیقاقی شیعی وەهابیەت و سەلەفییەکان بەرامبەر بەیەکتر بە چ ئاقارێکدا رۆیشتووە. بزانن رووی تەعەسوب و سیمای تەشەنوجات و گرژییەکان بە چ ئاراستەیەکدا وەرچەرخاوە:

http://ahlaalsalawat.montadarabi.com/t8506-topic

/http://www.alathary.org/rabee

http://www.elsalafia.com/index.php/answers-shobohat/12-questions-answers

هەرچەندە محەممەد سەعید رەمەزان بوتی، لە کتێبی "السلفية مرحلة زمنية مباركة لا مذهب إسلامي" ئاماژە بەوە دەکات کە سەلەفیەت قۆناغێکی زەمەنی مێژوویی پیرۆز بووە نەک مەزهەبێکی ئیسلامی دیاریکراو. بەڵام دەسەڵاتدارانی سعودیە هەمیشە ئەوە دووپات دەکەنەوە کە دەستبەرداری فیکر و نەهجی سەلەفیەت نابن، بەڵکو ئەوان دەڵێن (السلفية منهج شرعي ومطلب شعبي).

بۆیە بێجگە لە فیکری سەلەفی و سەپاندنی بۆچوونیان لە ئوموری دین، بیدعە و گومڕابوونە. عوسەیمین و ئەلبانی، ئیخوانیان بە ئەهلی بیدعە و کۆمەڵێکی سەرلێشێواو و گومڕا پێناسە کردووە. ئەوان، باوەڕیان بە کاری سیاسی نییە بەڵکو دژی راپەڕینەکانیشن! هەڵوێستی شەرعییان بەرامبەر (حوککامەکان) روون و ئاشکرایە. لەسەر کەناڵی (رووداو) یەکێ لە گەنجە کوردە سەلەفییە میرنشینەکان کە لە کوردستان خزمەت بە ئەجێندایەکانی بیری زانا و ئایدیای خەلیج دەکات، باسی لە مەسەلەی یاساغبوونی خۆپیشاندان وەک لاساییکردنەوەی غەربی کرد بەوەی کە حەرامە و تەقلید و تەشبیهە!! ئەمەیە فیکری کەهەنووت، ئافەت و تاعوونی سەردەم.

ئەو سەلەفییانە دژە شۆڕشن و دژی راپەڕینەکان فەتوایان داوە. پێیانوایە دەرچوون لەدژی "وەلی ئەمری موسڵمانان" حەرامە و شەرعی نییە و بەهیچ شێوەیەک بە رەوای نابینن. شۆڕش دژی (وەلی ئەمری موسڵمانان) تەنانەت گەر ستەمیش بکات جائیز نییە و نابێت رەخنە بگیرێت و لەدژی راپەڕێ، بەڵکو مەراتیب و وەعز و تەمێ و ئیرشادات هەیە.

تەحالوفاتی نێوان زاناکانی وەهابیەت/ سەلەفیە میرنشینەکان لەگەڵ ئال سعود بۆ مودەتێکی زەمەنی بە هەناردەکردنی فیکری توندڕەوی وەهابیەت و تەکفیریەت بۆ دەرەوەی وڵات و سیاسەتی خۆگونجاندن و سەناو مەدحی (ئال سعود)، هەروەها تەسلیمبوونی شەقام بە رای زانا و تەقدیسکردنیان و پەیڕەوبوون لەسەر پەندی (کڵاوی خۆت بگرە با نەیبات) و بەیعەت و سەمع و تاعەتی وەلی ئەمر لە خۆشی و ناخۆشیدا هێدی هێدی بوو بە عورفێکی باو.

بەم شێوەیە لەدوای بزاڤی ناسر سەعید و (صرخە)ی جوهەیمان، دەنگی ئۆپۆزسیۆن بە یەکجاری خەفەبوو لەم وڵاتەدا تا شەڕی دووەمی کەنداو و تێکچوونی پەیوەندی ئیخوان و سعودیە (هۆکاری کەراهیەتەکە).

ئەمە بەرهەمی تەعبیئەی فیکری زانکۆکانی سعودیە و وروژاندنی بابەتە هەستیارەکان و تەنزیرکردنی بەردەوامی ئیخوان بوو لەدوای ئاوارەبوون و دەربەدەرییان.

بۆ زیاتر ئاشنا بوون لەسەر رەوشی ئەوسای ئیخوان و سعودیە و تێکچوونی پەیوەندی نێوانیان بۆ چەند جارێک، هەروەها هۆی ئیستقتابی سعودیە باوەش گرتنەوەیان بۆ ئیخوانەکان پێم باشە ئەم (2) لینکە تەماشا بکەن:

http://www.almesbar.net/index.php/studies/item/217-

http://alnoor.se/article.asp?id=191784

هەروەها بینین و خوێندنەوەی ئەم لینکەش بە پێویست دەزانم:

http://www.almassae.press.ma/node/67838

عاید مەنناعی کوەیتی شرۆڤەکاری سیاسی دەڵێت: (وڵاتانی کەنداو گرفتیان هەیە لەگەڵ تەنزیماتی ئیسلامی بەتایبەت ئیخوان موسلمین، بۆیە لێدان و لاوازکردن و فەشەل پێهێنانی لەمیسر لە بەرژەوەندی وڵاتانی کەنداودایە وەک پێشگرتن لە گواستنەوەی نموونەکەیان بۆ ناوچەکە).

ئەمە بەئاگاهاتنەوەی میرنشینەکان بوو لەهەستکردن بە خەتورەتی ئیخوان لەسەر دەسەڵاتیان پاش وتوێژ و وروژاندنی مەسەلەی حوکم و راپەڕین و چارەسەرکردنی کێشەکان بە ئاشتی کە هەندێ جار تاڵە بەرهەمی.

دەمەوێت ئەو هەقیقەتە بەیان بکەم کە زۆربەی مەزهەب و راویەکان بە قۆناغێکی عەسیب و مودەتێکی زەمەنی پڕ لە شەڕ و شۆڕو فیتنە و ئاشووب تا حەددی کوشتنی یەکتر و ململانێی توندی نێوان ئەمەوی و عەبباسی و خەلیفەکان تێپەڕیون و گوزەریان کردووە.

هەر لە سۆنگەی ئەم ناکۆکیانەوە (عیلمی عەنعەنات) نووسراوەتەوە و تەدوین کراوە. هەرگیز لە سەردەمی پێغەمبەردا نەنووسراوەتەوە لەسەر رای سەحیحی زانایان. ئەو (زانستەی) کە بووەتە خەفەت و باوڕ ئەرکێکی قورس بەسەرشانی موسڵمانان لەم سەردەمەدا.

واعیزەکان، سیاسییە ئینتیهازییەکان بابەتی قەدەریان بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خەلیفەکان وروژاند. ملی چەندین دەقی ئاینییان کەچکرد، پەنایان بۆ تەئویل و نەسخ و سناعەتی بەرادانی (فەمووەدەی درۆیین) برد بۆ قودسیەتدان بە بابای وەلی ئەمر و شەرعیەتدان بە ستەمکردن و درێژەدان بە سیستەمی سەرکوتکاری و کپکردنی راپەڕینەکان.

ئامانج لە برەودان و بازارگەرمی ئەو مەفهومانە تەبریئەکردن و دەربازکردنی زاڵمەکان بوو لە زوڵمکردن و تاوان و رەوشی خواری ناڵەبار و کرێتی کردەوەکان، دەبێ کێ لەو ستەم و تاوان و فەسادە بەرپرسیار بێت؟

ئایا لە ئەستۆی (قەدەرە) کە نووسراوەو بڕیاری لەسەر دراوە یان ئەوە کاربەدەست و خەلیفە و واعیزەکانیان "سەلەفیە میرنشینەکان" کە ملی خەڵکیان پەراندووە و دەیپەڕێنن بەناوی شەرع و قەدەرەوە؟ ئەو فکرە سەقەتە پێچەوانەی قورئانە و واقیعیش زۆر بە توندی رەتیدەکاتەوە.

کەلتووری سەلەفیەتی میرنشینی سەردەم، کەلتوورێکی دەشتەکیە. تەماشای ئاڵای (مەملەکەی سعود) بکەن چۆن نەخشێنراوە، وێنەی شمشێر تەعبیر لەچی دەکات کە لەژێر دروشمی دیندا راکشاوە؟!

گوێم لێبووە چۆن بە شانوباڵی شای سعودیەدا هەڵدەدەن، بە (فخر الاسلام والمسلمين) سەناخوانی دەکەن. ئاخر ئەمە کوێی شانازییە بۆ ئیسلام و موسڵمانان؟

بەبۆچوونی من شۆڕشێکی فیکریی گەورە نەبێت داد نادات دژی سیستەم و فیکر و بیرو ئایدیای سەلەفیەتی میرنشینی. یان راپەڕینێکی سەرتاسەری دژ بە دەسەڵاتی سعودیە کە تیماری دەرد و سارێژی برینە قووڵە سەختەکان دەکات.

سەری فیتنە و ئاژاوەگێڕی و ئیرهاب کە رەگی قووڵ داکوتابێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەسەڵاتی دووجار ستەمکاری ئالی سعودە!

هەر کاتێک ئەم دەسەڵاتە نەما، بەبۆچوونی من چارەسەری زۆربەی کێشە بنەڕەتییەکان و گرفت و برینە قووڵەکانی وەک ئیرهابی فیکری و مەسەلەی (شەڕی دژە ئیرهاب) و تەقینەوەی خۆکوژی و کوشتن و بڕین و توندوتیژی کە هەمووی لەژێر ناوی دینەوە جێبەجێ دەکرێن چارەسەر دەبن.

ئیمرۆکە سعودیە "ئاڵاکەی" بووەتە بەڵا لەگەردنی موسڵمانان ئاڵاوە. دەبێ موسڵمانان هەوڵدەن خۆیان و نەوەی داهاتووش رزگار بکەن لەم ڤایرۆسە خەتەرناکە.

ئەم ئاڵایە گەر دووبارە نەقش بکرێتەوە بەدڵنیاییەوە وێنەی دۆشکە و دەبابەیەکی لەسەر دەکێشرێت لەجیاتی شمشێر، ئەو شمشێرەی کە تەعبیر لە سەقافەی توندڕەوە ئەعرابیەکان و چەتەگەرایی و بەتاڵان بردنی سامان و بەهەدەردان و حەلاڵکردنی خوێنی یەکتر دەکات.

تراژیدیا و مەرگەسات ئەوەیە کە ئەم شمشێرە لەژێر دروشمی بەرزی ئیسلامەتی دانراوە! واتە ئیسلام بە زەبری شمشێر گەشەی سەندووەو بەجیهاندا بڵاوبووەتەوە کە ئەمە راست نییە و ناشیرینکردنی نێوبانگی خودی دروشمەکەیە و لەکەدارکردنی مەنهەجی ئینسانیەتە کە ئیسلامە. راستتر ئەوەبوو شیعاری سەر ئاڵاکە لابیردرایە و تەنیا شمشێرەکە بمابایە ئەوسا تەعبیری لەناواخنی گەنیوی دەسەڵاتی ئەعرابی سعودیە دەکرد و پڕ بەپێستی بوو.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم باس لەوەش بکەم کە هەقە ئیخوان ئەو دوو شمشێرەی سەر ئارمەکەیان نەهێڵن و بیگۆڕن بە شتێکی دیکە کە تەعبیر لە قووڵکردنەوەی پێکەوە ژیان و کەرامەتی ئینسان بکات، چونکە توندوتیژی و توندڕەوی لە مەبدەئی ئیخوان ــ وەک باسم کردووە ــ نییە. باشتر بڵێم فیکری شۆڕشگێڕی وەک مەنهەج و ئوسوڵ لە ئەجێندای ئیخواندا نییە، کەواتە بوونی دوو شمشێرەکە لەسەر (ئارمی) ئیخوان چ مانایەک دەبەخشێت و چ واتایەکی هەیە؟! ئەی ئەمە ئیزدیواجیەت و درێژەدان نییە بە فیکری (بەنی ئومەییە) و هەروەها بەشێک نییە لە نیفاقی مورەککەب؟ باشە ئارمی ئیخوان و ئاڵاکەی سعودیە هاو شمشێر و هاوپۆل و پەروەردەی یەک قوتابخانە نین کە بەهەمان کەلتووری دەشتەکیەکانی وەهابیەتی (نەجد) تەلقین کراون، یاخود بە پێچەوانەوە لەیەک دوور و جیاوازن.

ئەمە رێکەوتە یان سیاسەتە یان متوربەبوونە بەفیکری یەکتر یان بەرژەوەندییەکان و تەقەللوباتی مەناخ و تەلاقوحی حەزاری و کرانەوەی ئیخوانە بەسەر دونیای هاوچەرخ کە ئەو قوتابخانەیەی کرد بە دوو لەت و شوعبەی جیاوازی دژ بەیەک.

ئیخوان حیزبی دایکە و ئەو خەیمە گەورەیە کە (خرجت من جعبتها جميع التيارات والجماعات الاسلامية) لەوەتای دروستبووە.

نوێبوونەوەو سەرلەنوێ لەدایکبوونەوەی ئیخوان بە فۆرم و نەهج و پەیامێکی تازەوە کە متوربەکراو بێت بەبیری بیرباران و دەنگە بوێر و ئازادیخوازەکانی ئاواتی زۆربەی شوێنکەوتووانی ئەم مەدرەسەیە کە جارێکی دیکە بەڕوانینێکی مەدەنیانە بڕوانن و بێنەوە سەر ساحە و کۆڕی فیکر و سیاسەت دوور لە جمودی مەکتەب ئیرشاد و سەقفی وەسایا کۆنکرێتەکان.

لە کۆتاییدا دەڵێم: کۆڵبیرە کەهەنوتیەکان (سەلەفیە میرنشینەکانی سعودیە و کوردستان) وەک پەتا وان بۆ سەر فیکری ئینسانیەت و بیرکردنەوەی موسڵمانان. بەهەقەت کۆیلەبوونی مرۆڤ لە فیکرەوە دەستپێدەکات، دەبێ بە فکریش رزگاری بێت لە ئافەتی کۆیلەیی و تاعوونی زەمان.



ناسر باباخانی

# لە رۆژهەڵات، کوردی هەر بڤەیە!

1

بە لای فەیلەسووفی ئاڵمانی ماکس ڤێبەرەوە، مۆدێرنیتە بەگشتی وەک دیاردەیەکی ئەوروپایی پێناسە دەکرێ کە پەیوەندییەکی ئەوتۆی لەگەڵ هزری کەرەستەییدا هەیە و تەنانەت یورگێن هابرماس پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە مۆدێرنیتە تەنیا ئەوروپای گرتەوە و ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەکی کەم وێنە لەو ناوچەیەدا گەشەی کرد و بەرەوپێش چوو. پەرەسەندنی زانستی، هونەری، سیاسی و ئابووری لە ئەوروپادا بە ئاراستەی ئەقڵانیەت رێگەی گرتەبەر و ئەم حاڵەتە لە هیچ جێگەیەکی دنیادا رووی نەدا. هەر بۆیە لە مێژوونڤیساری (نووسینی مێژوو)ی کلاسیکی ئەوروپاییدا، ئەوروپا وەک ناوەند سەیر دەکرا و مێژووی نەتەوەکانی دیکە وەک پێشەکی دەهاتنە ئەژمار بۆ مێژووی گۆڕین!

بەڵام ئەمڕۆ هەندێ کۆمەڵناس لەسەر ئەو باوەڕەن لەبری مۆدێرنیتەیەک کە ڤێبەر پێیوابوو تەنیا و تەنیا تایبەتە بە ئەوروپا (تەنانەت هابرماسیش وا دەڵێ) دەبێ باس لە چەند مۆدێرنیتەیەک کە من بە "مۆدێرنیتەی چەندبنەکی" ناوی دەبەم، بکرێ. چون لەڕاستیدا مۆدێرنیتە بەپێی مێژوو، فەرهەنگ، زمان و تەنانەت دین و.. لە هەر ناوچەیەکدا فۆڕم و هێماگەلێکی تایبەت بەخۆیەوە دەبینێ.

ئەم پاوانخوازییە لە چەند دەیەی رابردوودا کەوتووەتە بەر رەخنەیەکی جیددی کە مێژوویەک بە سڕینەوەی "ئەوی دی"، دەیەوێ "خۆی" وێنا بکات. هەر لێرەدایە کە بیردۆزی ئێدوارد سەعید بە هانامانەوە دێ کاتێک دەڵێ: رۆژئاوا بریتییە لەو "خۆ"یە کە رۆژهەڵاتی وەک "ئەوی دی" ساز کردووە بۆ سەپاندنی گوتاری خۆی وەک گوتاری زاڵ. دیارە کە ئەم رەخنەیەش وامداری مەعریفەناسی پۆست مۆدێرنیسمە کە باس لە نەبوونی حەقیقەتێکی یەکە دەکا و لای وایە ئەوە حەقیقەتەکانن کە بوونیان هەیە نەک تەنیا یەک حەقیقەت!

دکتۆر حەیدەر شادی پێیوایە مۆدێرنیتەی ئێرانیش بە شێوەیەکی سەقەت چاوی بڕیوەتە ئەم مۆدێرنیتەیەی ماکس ڤێبەر باسی لێوە دەکرد و لەسەر ئەم بنەمایە، رووناکبیری فارس وەک مۆدێلێک مۆدێرنیتەی ئەوروپایی بۆ مامەڵە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە بەکاردەبات. لەڕاستیدا پرۆسەی مۆدێرنیتەی ئێرانی کە خۆی وەک چەق و ناوەند سەیر دەکات، هەر لە سەرەتای دامەزرانی حکومەتی پەهلەوییەوە دەستپێکردووە و هەنووکەش درێژەی هەیە و بە توندی بەگژی پلۆرالیزمی مۆدێرنیتەییدا دێتەوە.

2

دەکرێ چەند مەبەستێکی تایبەت ئاوێتەی مافی خوێندن بە زمانی زگماگی بکەین و چەند پرسیارێک ئاراستەی ئەو کەسانە بکرێ کە پێیانوایە فارسی زمانێکی بەهێزترە لە زمانی کوردی:

– لە ڕوانگەی زمانناسییەوە: ئایا ناکرێ قایل بەو بنەما سەرەکییە بین کە زمانی کوردی وەک هەموو زمانێکی سەر ئەم گۆی زەوییە دەکرێ زیاتر پەرەی پێبدرێ ئەگەر دەرفەتی خزمەت بەم زمانە بدرێ؟

– لە روانگەی مێژووی ئەدەبییەوە: بەڕاستی لە بەراوردێکی سەرپێیی ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆری کوردی لەگەڵ هی زمانی فارسی، بۆمان دەرناکەوێ کە زمانی کوردی ئەگەر نەڵێم دەوڵەمەندترە لانیکەم بە سانایی خۆی لە قەرەی زمانی فارسی دەدا.

– لە روانگەی ئەخلاقییەوە: گریمان زمانی کوردی بە هۆی گوشاری دەسەڵاتی خوونکارەوە نەیتوانیوە گەشە بکات و لەباری ئەدەبی نڤیسارییەوە لاوازە، ئایا لەباری ئەخلاقییەوە ئەمە پاساوێکی گونجاوە بۆ ئەوەی مافی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی لە ملیۆنان ئینسان زەوت بکرێ؟

– لە ڕوانگەی سیاسییەوە: گەلۆ خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی چ گرفتێک بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران ساز دەکات؟ بە سەدان وڵات کە دواتر ئاماژەیان پێدەکەین خاوەنی چەندین زمانی فەرمی جیاوازن کەچی نە وڵاتەکەیان رووخاوە و نە بووەتە هۆی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییان!

– لە روانگەی رەوانناسی و کۆمەڵناسییەوە: بۆچی رووناکبیری فارس ئەم شێوە روانینەی هەیە بۆ زمان و فەرهەنگی نەتەوەکانی دیکەی ئێران؟ رووناکبیرێک کە لەهەمبەر فەرهەنگ و زمانی نەتەوەکانی رۆژئاوایی باوەڕی بە پلۆرالیزمی فەرهەنگی هەیە، بەڵام کە دەگاتە نەتەوەکانی دیکەی ئێران حاشا لەم پلۆرالیزمە دەکا.

– لە روانگەی یاساییەوە: لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، لە یاسای بنەڕەتی ئەو وڵاتەدا بە راشکاوی بە تێکڕای دەنگ (بەبێ یەک دەنگی دژبەر) ئەسڵی 15ی ئەم یاسایە پەسەند دەکرێ کە لەودا ئاماژە کراوە بەوەی دەبێ خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی بۆ نەتەوەکانی دیکەش ئازاد بێ، کەچی پاشی 35 ساڵ ئەم ئەسڵە هەر بڤەیە!

3

بێگومان بۆ هەر نەتەوەیەک زمان سەرەکیترین پێناسەیە و سەرەتاییترین مافێکە کە بۆ مرۆڤ دیاری کراوە و لە زۆر جاڕنامە و مەنشووری نێونەتەوەییدا سەلمێنراوە و تەواوی پسپۆڕانی بواری زمانناسی کۆکن لەسەر ئەمە کە فێرنەبوونی زمان تا چ رادەیەک شوێنکەوتی نێگەتیڤ لەسەر مرۆڤ دادەنێ بەتایبەتی لە سەر منداڵان. بێگومان دەستەواژەی "جینۆسایدی سپی" رێک ئاماژەیەکە بۆ ئەم شوێنکەوتە نەرێنییانە. ئەگەر پاراستن و پەرەپێدانی زمانی و فەرهەنگی بەهۆی فێرکردنی دووزمانی یان چەندزمانی دروشمی سەرەکی یۆنسکۆیە بۆ رۆژی جیهانیی زمانی زگماکی وەک مافێکی سەرەتایی، لە زەمانی دەسەڵاتی پەهلەوییەوە تا ئێستا دژایەتی لەگەڵ ئەم دروشمە بەردەوامە. روانینی نەتەوەی فارس لە تەواوی سەردەمی دەسەڵاتداری خۆیدا وەک نەتەوەی باڵادەست، بۆ سەر سەرجەم نەتەوەکانی دیکەی نیشتەجێی ئێران بەتایبەتی نەتەوەی کورد بە تەعبیری ئێدوارد سەعید روانینێکی رۆژهەڵاتناسانە بووە و بەردەوام حەولی ئەوەی داوە شوناس و ناسنامەی نەتەوایەتی لێ بستێنێتەوە و هەر ئەمەش بووەتە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ سازبوونی ئەم کێشە مێژووییە لەبڕاننەهاتووانەی بەرۆکی ئەم وڵاتەی گرتووە. زیاتر لە 55%ی نەتەوەکانی ئێران فارس نین، بەڵام بە تێکڕا لە خوێندن و نووسین بە زمانی خۆیان بێبەشن.

4

ساڵی 1952، حکومەتی پاکستان زمانی ئۆردوو کە کەمتر لە 5%ی خەڵکی قسەیان پێدەکرد وەک زمانی فەرمیی ئەو وڵاتە رادەگەیەنێ. لە رۆژئاوای پاکستان کە خەڵک بە زمانی بەنگالی قسەیان دەکرد لەدژی ئەم بڕیارە هەستان و رژانە شەقامەکان و لەو رۆژەدا، واتە 21ی فێبریوەری، پۆلیس بە شێوەیەکی بێبەزەییانە تەقە لە خۆپێشاندەران دەکات و هەندێ کەس دەکوژرێن. ئەم سەرکوتە فەرهەنگییە لەسەر بنەمای ئینکار و ئاسیمیلاسیۆن تا ساڵی 1971 درێژەی هەبوو تا وای لێهات بەنگلادیش لە پاکستان جودا بووەوە. بەم بۆنەیەوە 21ی فێبریوەری واتە 2ی ڕەشەمە لەلایەن یۆنسکۆوە وەک رۆژی جیهانی زمانی زگماکی دیاری دەکرێ بۆ پاراستن و پەرەپێدانی تەواوی زمانەکانی جیهان بەبێ جیاوازی. ئێستا نزیکەی 200 دەوڵەت لە دنیادا هەن، بەڵام 6000 زمانمان هەن، ئەوە سەلمێنەری ئەم راستیەیە کە هیچ وڵاتێک لە دنیادا نییە تەنیا بە یەک زمان قسان بکات. چاوخشاندنێکی بەپەلە بۆ سەر وڵاتانی دنیا داکۆکی لەم وتەیەمان دەکات: کەنەدا 2، بەلژیک 3، سویسرا 4، ئەفغانستان 2، ئیتالیا 6، هیندستان 3 زمانی فەرمییان هەیە، لەگەڵ ئەمانەشدا هەر کام لەم وڵاتانە چەندین زمانی ناوچەیی فەرمییان هەیە. بۆ وێنە هیندستان 22، سوێد 4، ئۆتریش 3، نەرویج 2 زمانی ناوچەیی فەرمییان هەیە. کەچی ئاسایشی نەتەوەییش نەشێواوە و ئەم رێزگرتنە لە فەرهەنگ و زمانی نەتەوەکانی دیکە بووەتە هۆی پێکەوەلکانێکی زیاتر نەک هۆکارێک بۆ لێکدابڕان!

5

بڕیاری ئەم دواییەی فەرهەنگستانی زمانی ئێران واتە دژایەتی لەگەڵ خوێندن و نووسینی زمانی نەتەوەکانی دیکە بەڕای من شتێکی چاوەڕواننەکراو نەبوو. ئەم بڕیارە هەروەک لە سەرەتادا ئاماژەم پێکرد ریشەکەی لە زڕە مۆدێرنیتەی ئێرانیدایە، بۆ ئەوەی باسەکە زیاتر بکەینەوە با زۆر بە کورتی ئاماژە بە هەندێ گرفت بکەین کە لە دنیای ئەمڕۆدا وەک مافێکی سەرەتایی بۆ هەموو مرۆڤێک سەلمێندراوە کەچی بۆ هاووڵاتیانی کوردستان لە ئێران یاساغە، بۆ وێنە: کورد لە ئێران ناتوانێ زۆر ناوی کوردی لەسەر منداڵەکانی دابنێ، بە حەشیمەتێکی زیاتر لە 10 ملیۆن کەس تاقولۆق بڵاڤۆکی کوردی هەیە، مرۆڤ هەیە چەندین ساڵە چاوەڕوانی ئیزنی وەرگرتنی بڵاڤۆکێک دەکا، زۆر کتێبی کوردی بۆ چاپ لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە ئاودیوی باشووری کوردستان دەبێ، لێکدابڕانی رەشبەڵەک لەسەر بنەمای لەناوبردنی نەریتەکان و... بیری زاڵ بەسەر پێکهاتەی فەرهەنگستانی زمانی ئێران بیرێکی شۆڤێنیستییە کە جگە لە زمانی فارسی قایل بە بوونی هیچ زمانێکی دیکە نییە و پێیوایە ئەم داواکارییە یاساییە لە بیرێکی جوداخوازیی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێ. با ئەمەش لەبیرنەکەین کە ئەم ویستە راستە سیاسییە، بەڵام بە درێژایی مێژووی نەتەوەی کورد ئەمە دژکردەوەیەک بووە لەهەمبەر ئاسیمیلەکردنی گەلی کورد. سەرەڕای تەواوی ئەو گوشارانەی بۆ تواندنەوەی ئەم نەتەوەیە، بۆ لەناوبردنی زمان و فەرهەنگی کراوە، بەڵام قەڵایەک بەناوی ئەدەبی زارەکی لە قاڵبی لایەلایەی دایکان و رۆڕۆی خوشکان و چرپاندنی وتەی ئەویندارانەی کچە حەیران و کوڕە حەیران و بێژەری بەیتوباوەکان و گۆرانیبێژە رەسەنەکان شوورەیەکی قایمی بە دەوری زمانی کوردیدا کێشاوە کە هەتاهەتایە پارێزگاری لێدەکات. ئایزا بێرلین گوتەنی هۆکاری سەرەکی گەشەسەندنی نەتەوەخوازی ئاکامی ئەم بە کەمگرتن و جیاوازییەیە کە نەتەوەی باڵادەست بەسەر نەتەوە بندەستەکاندا دەیسەپێنێ!



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# پارتی ئەو هەموو شەڕەی پێدەکرێ؟

لە دوای 2005ەوە و نزیکەی نۆ ساڵە پارتی دیموکراتی کوردستان، خۆی لێ بووە بە حاکمی کوردستان. ئەو هەستەش دوای ئەوە هات کە لە ئابی 1996دا توانی دوای 20 ساڵ ململانێ ڕکابەرە ئەزەلییەکەی واتا یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بە چۆکدا بێنێت. ڕەوشی نالەباری یەکێتی و بەرەو فەناچوونی ڕابەرە ئەفسانەییەکەی، بەڕێز (جەلال تاڵەبانی)، وای لە پارتی و سەرکردایەتیی ئەو حیزبە کرد کە بکەونەوە خەیاڵی ئەو سەردەمەی شادڕەوان جەوهەر نامیق (سکرتێری پێشووی پارتی دیموکراتی کوردستان) دەیگوت "پارتی ئیمپراتۆرییەتێک بوو خۆری لێ ئاوا نەدەبوو".

هەر لەو ڕوانگەشەوە و کاتێک ڕۆڵەکان لە عێراقی نوێدا دابەشکران، بارزانی، تاڵەبانیی بەڕێ کردە بەغدا و خۆی و حیزبەکەی جڵەوی کاروباری کوردستانیان بە تەواوەتی گرتە دەست. بەڕێز مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، برازاکەی (نێچیرڤان بارزانی) وەک سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کوڕەکەی (مەسروور بارزانی) وەک کەسی یەکەم لە ئاسایش و باری ئەمنیی کوردستان پێگەی خۆیان لە دەسەڵاتی کوردستاندا جێگیر کرد. پارتی و بارزانی کە دوو شتی دانەبڕاوی یەکترین و بێ یەکتری تەعریف ناکرێن، جیا لەوەی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستانیان کۆنترۆڵ کرد، هەوڵی ئەوەشیان دا پەل بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بهاون.

بەڵام دوای نزیکەی یەک دەیە و لە دوا هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی کوردستاندا، دەرکەوت هێزی پارتی سەرباری هەموو ئەو هەژموونەشی کە هەیەتی، نزیکەی 40%ی دەنگەکانی هەرێمی کوردستانە و ئەگەر کوردی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەشی بێتەوە سەر ئەوپەڕی دەگاتە 42% یەک. ئەوەش لە کاتێکدایە کە ڕکابەرەکانیشی ڕێژەی دەنگیان بەرزتر دەبێتەوە. کەواتا پارتی نە قەبارەی دەنگەکانی و نە پشتیوانییە جەماوەرییەکەی هی ئەو بەردە گەورانە نین کە ئەمڕۆ هەڵیگرتوون.

پارتی لە یەک کاتدا لە چەند بەرەیەکی جیاواز و بەڵام پێکەوە لکاو شەڕ دەکات و ریسک دەکات.

ئەگەر بە وردی سەرنج لە دوا بەیاننامەی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بدرێت، ئەوە بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت کە پارتی ئیتر ئەوە ناشارێتەوە لەگەڵ PKK (ئەگەر بە باڵێکی ناو پەکەکەش وەسفی بکات) کێشەی هەیە. کێشەی پارتی لەگەڵ PKK سەرباری ئەوەی کە مێژووییە، ئیتر ڕەهەندی ناوچەییشی وەرگرتووە. چونکە PKK جێگەی چۆڵی پارتی و یەکێتیی جارانی بۆ هێزە ئیقلیمییەکان پڕ کردووەتەوە و ئەوەش وایکردووە لە گۆڕەپانەکەدا قسەی باش بڕوات.

بارزانی بەو ئاراستەیەدا لە سێ گۆڕەپاندا لەگەڵ PKK ململانێ دەکات. لە باکوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کە PKK لە هەرسێکیاندا ئامادە نییە جێگە بۆ پارتی چۆڵ بکات. وەک چۆن PKK هێز و دەستەی جیاوازی بۆ ئەو سێ گۆڕەپانە هەیە، پارتیش لە ڕێگەی دەستە و گرووپەکانی (کە لەچاو هی PKK زۆر لاوازن) خەریکی سیاسەت و ململانێیە.

لەسەر ئاستی عێراق، دیسان شکاندنەوەی پارتی بەلای تورکیا و عەرەبی سوننەدا وای کردووە کە هەم ئێران و هەم شیعە لێی پەست بن و تەنانەت هەوڵی شکاندنی هەیبەتەکەی بدەن لەناو ماڵی خۆیدا. ئەوەش بەرەیەکی زۆر بەرفراوانە کە بەرئەنجامەکەی ئەوەیە کوردستان بووەتە مۆڵگەی دەیان هەزار ئاوارەی کورد، عەرەب و مەسیحی. ئینجا حکومەتی عێراقیش جگە لە چەکی گەرم هەرچییەکی لە دەستی بێت لەو شەڕەدا بەکاری دێنێت و پارتی و سیاسەتەکانی بارزانیی پێ قەبوڵ نییە.

پارتی ئیتر باوەڕی بە ئەمریکاش نەماوە، چونکە پێیوایە ئەمریکا هەژموونی ئێران و شیعەکانیان لە عێراق لە زیانی ئەوانی دیکە جێگیر کردووە.

کە سەیری مەیدانەکانی سەرەوە (ئەوە جگە لە گۆڕەپانی سیاسیی ناوخۆی هەرێمی کوردستان) دەکەی، دەبینی ئەو هەموو بەرەیە بۆ حیزبێک کە لە پەرلەمانەکەی خۆیدا 38 کورسی هەیە، گەلێک زۆرە. ئەو ئەنجامەی ئەمڕۆ پارتی لە کوردستان بەدەستیهێناوە، ئەگەر لە وڵاتێکی جێگیری وەکو تەنانەت تورکیاشدا بووایە، ڕکابەرەکانی نەک ڕێگەیان پێ نەدەدا حکومەتی لەدەست بێت، بگرە دەیانکردە ئۆپۆزیسیۆنیش. بۆیە بنکەی جەماوەریی پارتی لەئاستی سیاسەتەکانی و مەیدانخوازییەکانیدا نییە.



قەرەنی قادری

# مەرجی چاکسازی بۆ یەکگرتنەوە

باس و لێدوان سەبارەت بە "یەکگرتنەوە"ی لابالی دیموکرات و کۆمەڵەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خۆی خزاندووەتە ناو ڕاگەیاندنەکانەوە. گەرچی تەمەنێکی زۆر بەسەر جیابوونەوەکاندا دەرباز نەبووە و تا ئێستاش بەشێکی زۆر لە هۆکارەکانی ئەو ڕووداوانە هەروا جێی مشتومڕن، بەڵام پرسی "یەکگرتنەوە" لەناو دیموکراتەکان و کۆمەڵەکاندا سەریان هەڵداوە و لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکانیشدا بەرچاوە.

کۆی باسەکان کە لە دەوروبەری "یەکگرتنەوە"دا دەخولێنەوە، تەنیا باس لەسەر "نزیکیی سیاسی و هەڵوێست"ی ئەو لابالانەیە، کە گوایە "هۆکار"ێکی باشن بۆ "یەکگرتنەوە"، بەڵام ئەوەی کە لە باسی ئەو چوار لاباڵەدا ونە، یان باسی لێوەناکرێت، پێکەوەهەڵکردن و بوونی بیروڕای جیاوازە لەناو ئەو هێزانەدا، کە ئاخۆ چ شوێنێکی دەبێت لە ئەگەری "یەکگرتنەوە"یاندا؟

پێکهاتەی هەرە سەرەکی لەناو زۆربەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بە تایبەتی، لەسەر بنەمای حیزبی لینینی (ستوونی یان سانترالیست) ڕۆنراون. لەبەر ئەوە، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی جیابوونەوە، کێشەی ئەم چەشنە حیزبایەتییە. بۆیە بۆ یەکگرتنەوە، دەبێ چاکسازی لە شێواز و کاری حیزبیدا بکرێت. بەتەنیا باس لە "نزیکیی سیاسی"، لە ڕەوتی یەکگرتنەوەدا، تەنیا کەڵەکەکردنی کێشەکانە.

"نزیکیی سیاسی" سەبارەت بە ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستان، ئێران و ناوچەکە تەنیا مەرجی بنەڕەتی نین بۆ یەکگرتنەوە. خۆ لەو بوارەدا، ژمارەیەکی زۆر لە حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاڵی هاوبەشیان هەیە. پێچەوانەکەیشی دروستە کە لە ناو حیزبێکی سیاسیشدا بۆ ماوەیەک "فکری هاوبەشی سیاسی" سەبارەت بە ڕووداوێک نەبێت، بەڵام ئەوەش مەرج نییە ببێتە بنەمای جیابوونەوە. ئەگەر حیزبێکی سیاسی پەیوەندیی زیندووی بە کۆمەڵگەکەیەوە هەبێت، دەبێ ئەوە باش بزانێت کە ئاڵوگۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی کار لەسەر فکر و هزری بەشێک لە ئەندامانی دەکات. لەبەر ئەوە، ئاڵوگۆڕی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ناو حیزبەکاندا شوێندانەر دەبن. ئەگەر ئەوە نەبێت، بێشک حیزبێکی سیاسی بەرەو داخراوی و چەقبەستوویی هەنگاو دەنێت و پێکەوەهەڵکردن و بیروڕای جیاواز مانای نامێنێت.

خاڵێکی هەرە سەرەکی کە تا ئێستا بە ئاشکرا یان بە وردی لە دانوستاندنەکانی "یەکگرتنەوە"دا گرینگیی پێ نادەن، کێشەی بەڕێوەبەری و سەرکردایەتیکردنی حیزبێکی سیاسییە. بەڕێوەبەری، پێکەوەهەڵکردن، ڕەچاوکردنی "دیموکراسیی حیزبی"، قبووڵکردنی فکر و هزری جیاواز لە ناو حیزبدا، دەوری سەرەکی دەگێڕن.

ڕێک لێرەدایە کە جیابوونەوە دەستپێدەکات. سەردەمانێک گرووپێک لە (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) جیابوونەوە و (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ)یان دامەزراند. دوای چەند ساڵ چالاکی و، سەرەڕای ئاڵوگۆڕ لە هەندێک لە دروشمەکانیان، تێکەڵ بە (حدکا) بوونەوە. جارێکی دیکە هەر ئەوان، لە ساڵی 2006دا هێزی سەرەکی بوون بۆ جیابوونەوەیەکی دیکە و (حیزبی دیموکراتی کوردستان) یان ڕاگەیاند!. ئەزموونی "یەکگرتنەوە"ی ئەو دوو لاباڵە کە شکستی خوارد، ئەوەشی سەلماند، بەتەنیا "نزیکیی سیاسییان لە هەڵوێست"دا، بنەمایەکی لەرزۆکە. پێویستە ئاماژە بەو خاڵە گرینگەش بدرێت، بەشێک لە هۆکارەکانی جیابوونەوە لە دەڤەری ئێمەدا، کێشەی شەخسی و "کەسایەتی"یەکانن کە پرۆسەی جیابوونەوەکان خێراتر دەکەن.

تەنیا ئاماژە و جەختکردنەوە بە "نزیکیی سیاسی" لە پرۆسەی "یەکگرتنەوە"دا، چێکردنی قەرەچێوەیەکە بۆ نەخشاندنی ڕواڵەتی بینای کۆن کە کاتی خۆی هۆکاری سەرەکی بووە بۆ جیابوونەوە. هەر یەکگرتنەوەیەک دەبێ ڕووی لە داهاتوویەکی تا ڕادەیەک بێ کێشە بێت، دەنا جارێکی دیکە کێشەکان سەرهەڵدەدەنەوە. دۆزینەوەی کێشەکان و چارەسەرکردنیان لە بنەما سەرەکییەکانی یەکگرتنەوەن، واتە ئەو هۆکارانەی بوونە پاڵنەری جیابوونەوە.

بۆ ئەوەی یەکگرتنەوە لە هەر حیزبێکی سیاسیدا سەربگرێت، دەبێ پێکهاتەی سەرەکی ئەو حیزبە بگۆڕدرێت و شێوازی بەڕێوەبەرایەتی لە ڕیشەوە چاکسازی تێدا بکرێت. چاکسازی لە بینای حیزبدا، مەرجی هەرە سەرەکییە بۆ یەکگرتنەوەیەکی عەقڵانی. بۆ ئەمەش دەبێ هەر لە سەرەتادا، عەقڵی حیزبایەتی و کاری سیاسی، بکەونە بەر شەپۆلی چاکسازییەوە.



کاوە ئەمین

# کورد لە نێوان گویلەن و ئەردۆغاندا

دوای 11 ساڵ فەتحوڵڵا گویلەن و داروودەستەکەی کە بە جەماعەت ناودەبرێن لەگەڵ ئەردۆغان و پارتی داد و گەشەپێدان شاخیان لە شاخی یەک گیرکرد و کەوتنە دژایەتی یەکتر. ئەگەرچی هەردووک لایان لەیەک کانیاو ئاودەخۆنەوە کە ئیسلامی سیاسییە، هەرچەندە گویلەنییەکان بەئاشکرا باسی هاتنەسەر دەسەڵات ناکەن، بەڵام لەژێرەوە بۆ بەرژەوەندی سیاسی خۆیان هەوڵدەدەن، نەک تەنیا لە تورکیا بەڵکو لەزۆر وڵاتی ئیسلامی و بەتایبەتی لە ئاسیای ناوین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گەرای خۆیان خستووە و بەشێوەیەکی سیستەماتیک لەژێر ناوی پەروەردەدا تورکچێتی بڵاودەکەنەوە، مەدرەسەکانیان بۆ ئەو مەرامە بەکاردەهێنن. هەوڵدان بۆ داخستنی قوتابخانەکانی سەر بە ڕەوتی گویلەن لە تورکیا ئارامیی لەبەرهەڵگرتن و بە ئۆپەراسیۆنی 17ی کانوونی یەکەم وەڵامی حکومەتەکەی ئەردۆغانیان دایەوە، ئەوەیش سەرەتایەک بوو کە بە ئاشکرا دەمامکی سیاسی خۆیان دەربخەن و نیشانیاندا کە دەتوانن لەبەرامبەر هەڕەشەکانی ئەردۆغاندا بوەستنەوە. دوور نییە ئەگەر کێشەی نێوان ئەو دوو بەرەیە بەردەوام بێت، گویلەنییەکان پارتی سیاسی دامەزرێنن، چونکە هەوادارانیان سەرگەردان بوون و ئێستا نازانن دەنگ بەکێ بدەن، چونکە هەرچۆنێک بێت لەم ساتەدا هیچ ئەڵتەرناتیڤێکیان لەبەرامبەر پارتی داو و گەشەپێداندا نییە تا دەنگی خۆیانی پێبدەن.

کوردەکانی باکوور بەتایبەتیش عەبدوڵڵا ئۆجەلان و پارتی ئاشتی و دیموکراتی هەڵوێستێکی زۆر ژیرانەیان نواند کە نەچوونە هیچ کام لەو دوو بەرەیەوە، بەڵکو بێلایەنییان هەڵبژارد و تەنانەت گوتیان "ئەوان نایانەوێت بەنزین بکەن بەو ئاگرەدا". فەتوحوڵڵا گویلەن لە دیدارەکانی ئەم دواییەدا شەرمنانەش بێت دەڵێت دژی دانوستاندن نین، بەڵام کاتێک دەڵێت گفتوگۆ لەگەڵ ئۆجەلان "زیان بە شەرەفی دەوڵەت دەگەیەنێت". ئیدی نیەتی خۆی نیشان دەدات. دەبێت شەرەفی دەوڵەت لای گویلەن چی بێت؟ ئایا دداننان بە مافەکانی کورد "شەرەفی دەوڵەت لەکەدار دەکات"؟ ئەگەر وابێت کورد دەمێکە داوای مافەکانی خۆی دەکات. ئەگەر ئەوە خستنە ژێرپێی شەرەفی هەرکەسێک بێت، بێگومان 20 ملیۆن کەس نکۆڵی لێناکەن، هەرچەندە تا ئێستا کورد سەرەڕای چەوساندنەوەشیان دەستەواژەیەکی وایان بەکارنەهێناوە. گویلەن هەمان بۆچوونی کەمالیستەکان دووبارە دەکاتەوە و پێیوایە لە ڕێگای پەروەردە و باشکردنی باری ئابووری لە باکووری کوردستان کۆتایی بە کێشەکە دێنێت و خەمی ئەو نەچوونی لاوانی کوردە بۆ ناو ڕیزەکانی گەریلا، کورت و کورمانجی ئەوەی ئەو باسی دەکات، درێژەدانە بە سیاسەتی تواندنەوەی کورد، چونکە هەتا پەروەردە بە زمانی تورکی بێت و خوێندن بە زمانی کوردی قەدەغە بێت کە سەرەتاییترین مافی مرۆڤە، ئەدی کێشەکە چۆن چارەسەر دەکرێت؟ هەزار ساڵ زیاترە بەشێکی گەورەی کورد ئاینی ئیسلامی پەژراندووە و هیچ کێشەیەکی ئاینی نەبووە، بەڵکو کێشەیەکی نەتەوەیی هەیە، بۆیە خواجە فەتحوڵڵا تازە ناتوانێت بە برایەتی درۆزنانەی ئاینی کورد بخاپێنێ.

لە هەموو ئەمانە گرنگتر بۆ کورد، هەڵبژاردنەکانی دوو مانگی داهاتووە کە دەتوانێت پرۆسەی ئاشتی یەکلایی بکاتەوە. ئێستا بارودۆخێکی ئارام باڵی بەسەر باکووری کوردستاندا کێشاوە و دەتوانرێت بە چاکترین شێوە کەڵکی لێوەربگیرێت. دەبێت کەڵک لە ناکۆکییەکانی نێوان گویلەن و دەوڵەت وەربگیرێت بەبێ ئەوەی خۆیان بخەنە بەر شمشێری لە کالان دەرهاتووی شەڕکەران. هاوکات لە هەموو کاتێک زیاتر کوردی باکوور پێویستیان بە یەکدەنگی هەیە و نابێت ئایدۆلۆژیا و بەرژەوەندی پارتایەتی ڕێگربن لە یەکێتی نێوان کوردان. ئەگەر کارێک بکرێت دەنگەکان بۆ کورد بن، جا ئەو دەنگانە ئیسلامی دەبن یان چەپ، عەشیرەت دەبن یان مۆدێرن، ئەوا سەنگی کورد لە دانوستاندنەکاندا گەورەتر دەبێت، تەنانەت دەکرێت هەڵبژاردنی شارەوانییەکان وەکو ریفراندۆمێک چاویان لێبکرێت و دەتوانێت تێڕوانینی نێونەتەوەییش لەمەڕ پرسی کورد بگۆڕێت، ئەوکات نە دەوڵەت و نە گویلەنییەکان ناتوانن خۆیان لە ڕێگای بە ئاشتی چارەسەرکردنی پرسی کورد بدزنەوە.



هیوا حاجی*

# ئەگەرەکانی قەیران و پرسی متمانەی سیاسی

لە نیوەی یەکەمی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا مامۆستایانی کوردستان هاوشان لەگەڵ زۆرینەی (ئەگەر هەمووشی نەبێ) کارمەندانی کەرتی حکومی لە هەرێمی کوردستان بۆ ماوەیەکی زۆر بەبێ ئەوەی مووچە وەربگرن بەردەوام بوون لە کارەکانیان. دوای نزیکەی 20 ساڵ، ڕەنگە هەمان ئەو مامۆستایانە و لەگەڵیشیاندا نەوەی نوێی مامۆستایان لەبەر دواکەوتنی مووچەکانیان مان دەگرن. ئایا پرسیارێکی ڕەوا نابێ ئەگەر بپرسین بۆچی ئەو گۆڕانکارییە گەورەیە ڕوویدا؟ بۆچی نەوەیەک سەرەڕای ئەوەی بەدەست دوو ئابڵۆقەی ئابووری نێودەوڵەتی و نیشتمانییەوە دەیناڵاند، ئامادەبوو بێ بەرامبەر کاربکات، بەڵام هەمان ئەو کەسانە و هاوتا نوێیەکانیان، سەرەڕای هەندێ باشبوونی ڕێژەیی هەلومەرجی ژیانیان، ئامادەیی ئارامگرتنیان نییە لە ئاست دواکەوتنی مووچەکانیان؟

با هەندێ لە گریمانەکان بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە تاوتوێ بکەین. ڕەنگە هەندێک زۆر بەسادەیی پێیانوابێ کە نەوەی پێشووی مامۆستایانی کوردستان دڵسۆزتربووبن بۆ نیشتمان و پرۆسەی فێرکردن. لەوەوە ئارامگرتووتر بوونە لە ئاست زەحمەتییەکانی ژیان و نەبوونی مووچە. بەم لۆجیکە، نەوەی نوێی مامۆستایان هەمان دڵسۆزی و پابەندی نیشتمانییان نییە، بۆیە ئەگەر چەند ڕۆژ و هەفتەیەک مووچەکانیان دوابکەوێت، دەستبەجێ بۆیکۆتی هۆڵەکانی خوێندن دەکەن و ڕەنگە لە هەندێ باردا ڕێگەی سەرەکی نێوان شارەکانیش دابخەن. لەڕاستیدا، بەڵگەیەکی زانستی ئەوتۆ شک نابەم بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم گریمانەیە. ئێمە بە وردی نازانین پێش 20 یان 30 ساڵ لەئێستا مامۆستایان چۆن سەیری نیشتمان، و پابەندیی نیشتمانی و فێرکردن، قوتابی و بابەتەکانی دیکەیان کردووە. ڕەنگە، جاروبار، بە گێڕانەوەی شەخسی لە ڕێگەی ئەم و ئەو ببیستین کە ئەوکات چۆن بیر لە شتەکان کراوەتەوە. بەڵام ئەو گێڕانەوانە ناگەنە ئاستی ئەوەی بتوانین هەندێ گشتاندن بکەین سەبارەت بە تێڕوانین و شێوازی بیرکردنەوەی مامۆستایانی ئەوسا و بێین بەراوردیان بکەین بە شێوازی بیرکردنەوە و دنیادیتنی مامۆستایانی ئێستا. خۆ ئەگەر ئەم گریمانەیە ڕاست بێت، ئەوا بەرەوڕووی پرسیارێکی تا بڵێی کێشەدار دەبینەوە، ئەویش ئەوەیە بۆچی نەوەیەک کە لەبن دەسەڵاتی خۆماڵیدا گەورە بووە و پێگەیشتووە دڵسۆزی و پابەندی نیشتمانی لاوازترە لە نەوەیەک کە لە هەلومەرجێکی زۆر جیاوازدا پەروەردە بووە؟ چ هەلومەرجێک ئەو گۆڕانە نەرێنییە مەترسیدارەی دروستکردووە؟

ڕەنگە گریمانەی دووەم ئەوەبێ کە خەڵک، بەشێوەیەکی گشتی، دوای ئەوەی هەندێ باشبوونی ڕێژەیی، وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، لە ڕەوشی ژیانیدا بەدیهاتووە، جارێکیتر ئامادە نەبن ئەوە قەبوڵ بکەن کە بارودۆخی ژیانیان بەرەو خراپ بگەڕێتەوە.

جێیمس دێڤیس (1962)[1] لە لێکدانەوەی بزووتنەوەکانی شۆڕشگێڕی و ناڕەزاییدا، پێیوایە خەڵک هەمیشە لەبەر ئەوە ناڕازی نەبوونە کە لە ئازادی بێبەش بووبن یان لەبەرئەوەی گوزەرانی ئابووریان ناهەموار بووبێت. بە پێچەوانەوە، بە باوەڕی ئەو، خەڵک ناڕازی بووە و شۆڕشی کردووە چونکە باشبوونی ڕەوشی ژیانیان لە ئاستێکی دیاریکراودا وەستاوە و چیتر بەرەوپێشچوونی زیاتر بەدینەهاتووە[2]. لێرەدا مەسەلەی چاوەڕوانییەکان دێتەپێش. خەڵک باشتری دەوێت و ئەگەر تۆ نەتوانی باشتری بۆ دابین بکەیت ئەوا خەڵک ناڕازی دەبێت. ئەگەری ئەوە هەیە کە نائارامی لەبەرامبەر دواکەوتنی مووچە یان ناڕازیبوون لەهەر کەموکوڕییەک سەبارەت بە خزمەتگوزارییەکان بنەماکەی چاوەڕوانی بەدینەهاتووی خەڵک بێت بۆ باشبوونی زیاتری ژیانی. هەربۆیە، هەرتوێژێک کە مووچەی پێنادرێت یان مووچەکەی دوادەکەوێت، ژیانی نەک بەرەوباشتربوون ناڕوات، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەستبەجێ کۆی ژیانی ئەو کەسە و خێزانەکانیان دەکەوێتە ڕەوشێکی نالەبارەوە.

دەگونجێ گریمانەی سێیەم ئەوەبێت کە لەژێر کاریگەری ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی و هەندێک کارایی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی خەڵک زیاتر لەجاران بتوانن گوزارشت لە ناڕەزاییەکانیان بکەن. ڕەنگە ئەوەی هەندێ هێزبداتە ئەو گریمانەیە ئەو ڕاستییە بێت کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی و بەهێزبوونی ڕێکخراوە مەدەنییەکان، فۆرمەکانی دەربڕینی ناڕەزایی لە مانگرتن و خۆپیشاندان و هەڵمەتەکانی ئیمزاکۆکردنەوە زیادی کردووە. بە تێگەیشتنی من ئەم گریمانەیە ڕاستیی تێدایە بە تایبەتیش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو فاکتەی کە ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان خاوەنی میدیای بەهێزی خۆیەتی و ئەو میدیایە دەتوانێ لەلایەک نیشاندەری ناڕەزایەتییەکان بێت و لەلایەکی دیکەش هەر خۆی ببێتە سازدەریان.

زیاد لەو گریمانە و لێکدانەوانە دەکرێ تێگەیشتنی دیکەش بۆ نائارامی مامۆستایان و کارمەندانی دیکەی کەرتی حکومی لەئاست دواکەوتنی مووچەی مانگانەیان بخرێتەڕوو. بەڵام ئەوەی بەلای منەوە بابەتێکی میحوەرییە بۆ تێگەیشتن لەو دوو پرسیارە سەرەکییەی سەرەوە ئەوەیە خەڵک ئامادە نییە ئارام بگرێ، چونکە وەک پێویست متمانەی پێت نییە. پێشتر خەڵک ئامادەبوو بۆ ماوەیەکی زۆر بێ مووچە کاربکات، چونکە لەوە دڵنیابوو کە حکومەتەکەی سەرچاوەی پێویستی لەبەردەست نییە بۆ دابینکردنی مووچە. ئێستا خەڵک، ڕاست یان هەڵە، ئەو متمانەیەی نییە و پێیانوایە حکومەت دەتوانێ ئەوە بکات بەڵام لەبەر هەر هۆکارێک بێت نایکات. هەموو ئاماژەکان ئەوە نیشاندەدەن کە متمانەی سیاسی (متمانەی هاونیشتمانیان بە سەرکردەو دامودەزگا سیاسییەکان و پرۆگرام و کارایییان) لە هەرێمی کوردستان بە سەردەمێکی دژواردا تێدەپەڕێت.

هەرێمی کوردستان لەبەر نەبوونی سەربەخۆیی سیاسی و پشتبەستنی ئابوری بە حکومەتی عێراق و دراوسێکانی، هەمیشە بە هەرێمێکی موعەرەز (Vulnerable) هەژمار دەکرێ. ئەم هەرێمە بەردەوام لەبەردەم ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ فۆرمە جیاوازەکانی قەیرانی سیاسی و ئابووری. هەم حکومەتی عێراق و هەمیش وڵاتانی دراوسێ بە ئاسانی دەتوانن ڕووبەڕووی کێشەی قووڵت بکەنەوە. دەتوانن یاری بە بەشە بودجەت و چۆنیەتی و کاتی ناردنی بکەن. دراوسێکانت هێزی ئەوەیان هەیە، تەنانەت ئەگەر هەندێکیش زەرەرمەند بن، سنوورت بەسەردا دابخەن و کێشەی جیاوازت بۆ دروستبکەن. من نامەوێ بڵێم هەرێمی کوردستان هەرێمێکی لاوازە و بە هەناسەیەک دەڕووخێت. بە پێچەوانەوە ئەم هەرێمە خاڵی بەهێزیشی هەیە لەڕووی دانیشتووان و جوگرافیای سیاسی و ئابووریش. بەڵام هەرگیز ناتوانی نکۆڵی لەوە بکەیت کە نەبوونی سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری، تەنانەت ئەگەر ڕێژەییش بێت، وادەکات ئەم هەرێمە وەک قەوارەیەکی موعەرەز سەیربکرێت.

بۆ هەرێمێکی لەم چەشنە متمانەی سیاسی تا ڕادەیەکی زۆر دەتوانێ قەرەبووی ئەوە بکاتەوە کە هەمیشە لەبەر مەترسیدایە. توێژینەوەکان ئەوە نیشاندەدەن کە متمانەی سیاسی یارمەتیدەری حکومەتە جیاوازەکان بووە لەو سەردەمانەی کە تووشی تەنگژە دەبن[3]. خەڵک ئارام دەگرێ لەو ساتانەدا کە حکومەت لەبەر هۆکارێک ناتوانێ بە ئەرکەکانی خۆی هەستێ بە مەرجێک متمانەی بە حکومەتەکە هەبێت. ئەگەر حکومەت متمانەی هاونیشتمانیانی لەدەستدا، ئەگەر بەڕاستیش نەتوانێ ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێ، ئەوا باوەڕی پێناکرێت.

بۆ ئایندەی ئەم هەرێمە پرسی متمانەی سیاسی و دووبارە بنیاتنانەوەی لە هیچ بابەتێکی دیکە بێ بایەختر نابێت. سەرکردایەتی سیاسی ئەم هەرێمە بۆ هەر هەنگاوێکی گرنگ پێویستی بە پشتگیری جەماوەری هەیە و ئەو پشتگیرییەش مومکین نییە بەبێ بوونی متمانەیەکی سیاسی بەهێز. پێموانییە هەرێمی کوردستان ئایندەیەکی ئەوتۆی هەبێت بەبێ ئاوڕدانەوەیەکی ئازایانە و ئازادانە لە پرسی متمانەی سیاسی. هەوڵدان بۆ بەرقەرارکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بەگژداچوونەوەی فۆرمە جیاوازەکانی گەندەڵی و ڕەخساندنی دیمۆکراسی زیاتر و کاراکردنی حکومەت کلیلی بنیاتنانی متمانەی سیاسین لەم هەرێمە.

*** دکتۆرا لە کۆمەڵناسی، مامۆستا لە بەشی کاری کۆمەڵایەتی-زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر.**

**پەراوێزەکان:**

1 ـ وەرگیراوە لە John M. Orbell and Roshani Cari Shay. 2011. Towards a Theory of Revolution: The Legacy of James C. Davies in Historical Perspective.

2 ـ چەمکی بێبەشی ڕێژەیی (Relative Deprivation) لە لایەن بەشێک لە زانایانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان بەکارهاتووە بۆ وەسفکردنی بارودۆخێک کە تیایدا خەڵک هەست بە بێبەشی دەکەن لە ئەنجامی بەراوردکردنی خۆیان بە خەڵکانیتر یان بەهۆی بەراوردکردنی بارودۆخی ئێستایان بە بارودۆخی ڕابردویان و چاوەڕوانیەکانیان بۆ ئایندە.

3 ـ بۆ وێنە بڕوانە Eric M. Uslaner. 2002. The Moral Foundations of Trust.



یودیت نیورینک

# هەڵگژان بە دیواری نێوان ڕەگەزەکاندا

کە چووینە نێو ڕێستورانتەکە یەکسەر بۆیەکە بە دەستی ئاماژەی بۆ شوێنێکی بەتاڵ کرد و گوتی: بەشی خێزان. منیش زەردەخەنەیەکم بۆ کرد و ئاماژەم بۆ هاوڕێکانم کرد کە بە دوامدا بێن. بەلای بۆیەکەدا تێپەڕین و پێمگوت ئێمە خێزان نین و چووینە بەشی پیاوان دانیشتین.

ڕێستورانتە کوردییەکان تا ئێستاش ژنان دەنێرنە بەشێکی تایبەت و دوور لە تێکەڵی پیاوان. هەر کە گرووپێک دەچنە یەکێک لە ڕێستورانتەکان ئەگەر ژنێک یان زیاتریان لەگەڵدا بێت، داوایان لێدەکرێت بچنە بەشێکی داخراوەوە کە ڕێستورانتەکان ناوێکی خۆشیان بۆ داناوە، پێیدەڵێن باڵی خێزان، یان شوێنی تایبەت بە خێزان، بە عەرەبیش لێی دەنووسن "جناح خاص للعوائل".

هەر لەیەکەم ڕۆژمەوە لە کوردستان تا ئێستا بایکۆتی باڵی خێزانم کردووە. من نامەوێت بخرێمە دووری خەڵکەوە. من دەمەوێت خەڵک ببینم. نامەوێت چواردەورم بە منداڵی گرینۆک بگیرێت. دەمەوێت بۆخۆم ئەو شوێنە هەڵبژێرم کە دەمەوێت لێی دانیشم. هەموو جارێک دەبێت بۆ هاوڕێکانم ئەم مەتەڵە شی بکەمەوە. پێیاندەڵێم، سەیرکە ژنی کورد حەز ناکەن پیاوان چاو ببڕنە چاویان، وەکو دەزانن ئەو چاوتێبڕینە بووەتە عادەت لێرە. ئینجا بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ژنان بکەن، خاوەنی ڕێستورانتەکان دوو بەشی جیاوازیان لە خواردنگەکاندا دروست کردووە. ئەمە شیکردنەوەیەکی سادەیە، بەڵام ڕاستییەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە.

چیرۆکەکە لەوەوە دەستپێدەکات کە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی جیاوازیکەرە. هەرچەندە ئەم کۆمەڵگەیە هەوڵی جیدی دەدات کە خۆی تێکەڵی جیهانی مۆدێرن بکات، بەڵام هێشتا ژن و پیاو لە دوو جیهانی جیاوازدا دەژین، تەنیا لە نێو بنەماڵە و خوێندنگە و زانکۆکان و لە شوێنی کاردا یەکدی دەبینن.

بەڵام تێکەڵیی کچ و کوڕ، پیاو و ژن بە گومانەوە سەیر دەکرێت. یان دەتوانم بڵێم چاوەڕوانیی خراپی لێدەکرێت.

لە جیهانە ڕۆژئاواییەکەی مندا، کوڕ و کچ لە هەموو شوێنێک یەکدی دەبینن، هەر لە یاریگاوە تاوەکو دیسکۆ و بارەکان. شتێکی زۆر نۆرماڵە. بەڵام لە کوردستانی عێراق کوڕ و کچ ناتوانن لەگەڵ یەکدی کۆببنەوە، تەنیا لە کاتێکدا نەبێت کە هاوسەری یەک بن. لە ڕۆژئاوا هاوڕێیەتی نێوان ژن و پیاو شتێکی بەربڵاوە. لە کوردستان هاوڕێیەتی نێوان ئەو دوو ڕەگەزە نەک هەر باو نییە، بەڵکو جێگەی چاو سوورکردنەوەیە.

لێرە هەموو پەیوەندییەکی نێوان ژن و پیاو مانایەکی سێکسی پێوە لکێنراوە. پێکەوە بوون وەکو هاوڕێ، یان هەر بۆ گفتوگۆ بە مەحاڵ دەزانرێ.

لەبەر ئەو دیوارەی کە لە نێوان کچان و کوڕاندا هەڵچنراوە، چاو تێبڕینی زۆر هاتووەتە ئاراوە. پیاو چاودەبڕنە ژنان هەروەکو ئەوەی کە تەماشای (هەناری شیرین) بکەن، هەر واشیان لێهاتووە، بوون بە هەناری شیرین. وەها لە ژنان کراوە کە لە پیاوان بترسن، دایکان وا لە کچەکانیان دەکەن کە پیاو وەکو ئاژەڵ سەیر بکەن، ئەو تێڕوانینەش بۆ پیاوان تا ڕادەیەک دروستە. هەموومان دەربارەی دەستلێدانی (ئافرەت) لە شوێنە گشتییەکاندا دەزانین. پیاوانی برسی، پڕ حەز و لاو دەستی خۆیان دەوەشێنن.

لە کۆمەڵگەیەکی وەکو کۆمەڵگەی کوردیدا کە تێیدا تێکەڵی نێوان هەردوو ڕەگەزەکە سنووردار کراوە، برسێتی و حەز لە ئاستێکی بەرزدایە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بۆچی سێ لەسەر چواری ئینتەرنێت بۆ سەیرکردنی سایتە ڕووتەکان بەکاردەهێنرێت و بۆچی فیلمە سێکسییەکان و ژوورەکانی چاتکردن هێندە بازاڕیان گەرمە.

ئەمە ڕووی کۆمەڵگەی جیاکارە. زۆرجار ئێرانم بەبیر دێتەوە. ئەو شوێنەی کە هەموو شتە قەدەغەکراوەکان لە پشتی دەرگا داخراوەکانەوە ڕوودەدەن. مەلاکان دەربارەی دەنگی مۆسیقای بەرز و دانسی کچان قسە دەکەن، بەڵام زۆر کەسیش دەزانێت کە خۆشیان بە نهێنی تەماشای ئەو شتانە دەکەن. گەشەکردنی کوردستان و دەوڵەمەندبوونی خەڵک و توانای خەڵک بۆ گەشتکردن و بینینی جیهان لە ڕێگەی سەتەلایتەکانیانەوە و لە هەمانکاتدا بوونی ئەو دیوارە بەرزەی نێوان کچان و کوڕان وای کردووە کە لێرەش ژیانی نهێنی دروست ببێت.

ئەو ڕاستیەش کە تا ئێستاش زۆر هاوسەرگیری لەلایەن دایک و باوکانەوە ڕێکدەخرێن و زۆر لە هاوسەرەکان پێشتر هاوسەرەکانیان ناناسن، ئەمەش کاریگەری هەیە. کوڕان و کچان ناتوانن پێکەوە دانیشن و گفتوگۆ بکەن بەبێ ئەوەی کەسێک چاودێرییان بکات. نابێت بەهیچ شێوەیەک خۆشەویستی یەکتر بن.

پیاوانی کورد، وەکو زۆربەی نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئافرەتیان لای خۆیان بۆ دوو بەش دابەشکردووە. ئەو ئافرەتانەی کە دەکرێت بیانخوازی و ئەو ئافرەتانەی کە دەکرێت ببن بە فرێند.

لای پیاوان بەشی دووەم ئەو ئافرەتانە دەگرێتەوە کە دەکرێت لەڕێگەی کات بەسەربردنی سەر ئینتەرنێتەوە زانیارییان دەربارە کۆبکەیتەوە. بەشی یەکەمیش ئەو ئافرەتانەن کە لەسەر ئینتەرنێت نین. لای زۆربەی پیاوان، ئەو ژنانەی کە حەزیان لە سەرجێگاییکردنە، ئەوانەن کە دەکەونە گرووپی دووەمەوە. ئەمەش ئافرەتان تووشی قەلەقی و تووڕەیی دەکات.

تێکەڵییەکی هەموو ئەو شتانەی سەرەوە وای کردووە کە لە کوردستان ژیانی نهێنی نێوان پیاوان و ژنان لەدەرەوەی هاوسەرگیری تەشەنە بکات. زۆر کەس پێمدەڵێن کە ئەم حاڵەتە لە گەشەسەندنی خێرادایە.

ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەو دیوارەی نێوان ژنان و پیاوان تەنیا بۆ ئەوەیە کە کۆمەڵگە هەڵخەڵەتێنن؟ یان بۆ ئەوەیە کە ئەم جۆرە ژیانە نهێنییە گەشە پێبدەن؟ ئەگەر ئەمە بەو شێوەیە ڕوودەدات، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە ئەم دیوارانە تێکبشکێندرێن؟

ئەگەر کۆمەڵگە ئامادەی شتی لەو جۆرە نییە، کەواتە با هیچ نەبێت باڵی سایبیریا لە خواردنگەکاندا بکەنەوە.



هێمن عەبدوڵڵا

# سکی گەورە بۆ هەڵگوشین باشە

لەم ڕۆژانەدا دانیشتووانی باشووری کوردستان بەجۆرێک هەڵسوکەوت دەکەن، وەک بڵێی قەت هەژارییان نەدیتبێ و هەرگیز ئابڵووقەی ئابوورییان تاقی نەکردبێتەوە. خەڵک خووگرتوو بووە بە "پارەی ئاسان". بۆیە حکومەتی کوردستان کارێکی باش دەکات کە سکەکان هەڵدەگوشێت، بەڵام نابێ هەموو سکێک هەڵگوشێ.

لە کوردستان کەموکوڕیی زۆر هەن. کەرتی تەندروستی بەدەست کێشەی گەورەوە دەناڵێنێت. شێوەی بەڕێوەچوونی دادگاکان شایانی بەزەییە. فێرکردن هەیە، بەڵام پەروەردە پێناچێت لە 24 ساڵی ڕابردوودا هەر بیریشی لێکرابێتەوە. خراپیی سیستمی بەکارهێنانی هێزی مرۆییش لەولاوە بوەستێت. ئەو قەیرانەی بەهۆی بەتاڵبوونی بانکەکانیشەوە دروستبوو، پێشانیدەدات زۆربەی خەڵک ئامادەیە قسەی گەورە بکات، بەڵام هەڵوێستی مەزن پێشاننادات. گرنگترینیان ئەوەیە کە کەس بە دڵخوازی خۆی، تەنانەت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتیش، سکی خۆی هەڵناگوشێت.

کۆمەڵێک شت هەن چاک دەیانزانین: ڕۆژێک هەر دێت بەغدا بودجەکە ببڕێت، ئەو ڕۆژەش نزیکە کە چیدی هەولێر پێویستی بەو بودجەیە نابێت کە چارەکێکی داهاتی نەوتی خۆیەتی و بەغدا بە منەت بۆی دەنێرێتەوە. ئەوەش دەزانین کە دەبێ سنوورێک بۆ ئەو تەخشان و پەخشانکردنەی پارە دابنرێت کە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا ڕوودەدات.

لەماوەی چەند هەفتەی ڕابردوودا ئاسەوارێکی زۆر کاریگەری سکهەڵگوشینی حکومەت لەسەرشەقام هەستی پێنەکرا. ئەو پرۆژانەی پارەکانیان بەهۆی ئەو سکهەڵگوشینەوە ڕاگیرا کاریگەرییەکی وایان لەسەر ژیانی ئاسایی خەڵک دروستنەکردبوو تاوەکو کێشەساز بن. هەروەها نیوەکردنی مووچەی کەسانی مووچەبەرز شەقامی خەمبار نەکرد و لەسەری وەدەنگ نەهاتن. حکومەت لەم ڕۆژانەدا بە سکهەڵگوشین سنووری بۆ دەستبڵاوییەکانی دانا. بۆیە چاکە هەروا بەردەوام بێت.

ئەوەی نابێ سکهەڵگوشین بیگرێتەوە ئەو کارمەندانەن کە ئەگەر مووچەیان نەبێت کرێی خانوویان دوادەکەوێت و منداڵەکانیان خواردنیان لەسەر سفرە نامێنێت. باشتروایە بۆ ماوەی درێژ حکومەت سکە گەورەکان هەڵبگوشێت، چونکە بۆ تەندروستییان باشە. سکە بچووکەکانیش بە تێری بهێڵێتەوە.



دەیڤد ڕۆمانۆ

# ئەگەر ڕژێمەکەی ئەسەد بمێنێتەوە

ساڵێک لەمەوبەر، زۆربەی چاودێرانی ڕەوشی سووریا بە خۆشمەوە، پێمانوابوو لە هەر دەقەیەکدا بێت ڕژێمەکەی ئەسەد دەڕووخێ، بەڵام ئێستا کە دەردەکەوێت ڕژێمەکەی سووریا درێژە بە مانەوەی خۆی دەدات، لەوانەیە کاتی ئەوە هاتبێت کە لە خۆمان بپرسین، ئەگەر ئەو ڕژێمە لەسەر دەسەڵات مایەوە، سووریا دوای چەند ساڵێکی دیکە چۆن دەبێت؟

لە حاڵەتێکی لەو جۆرەدا، ڕاپەڕینی دژی ئەسەد لەوانەیە تا ساڵێک یان دووی دیکە بتوانێت درێژە بکێشێت و وردە وردە ماندوو بێت و کۆتایی بێت، یان لەوانەیە هەر لە ناکاو کۆتایی بێت. بەڵام لە هەر حاڵێکیاندا بێت، حکومەتی سووریا بۆ ماوەیەک ڕووبەڕووی هێرشی ناوە ناوە و ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو دەبێتەوە. هێرشی ناوە ناوە حکومەتی سووریا بۆ چەندین ساڵی دوای کۆتایی هاتنی ڕاپەڕینەکە بە لاوازی دەهێڵێتەوە.

سووریای دوای ڕاپەڕین لەبەر چەند هۆکارێکی دیکەش بۆ ماوەیەکی درێژ بە لاوازی دەمێنێتەوە. وڵاتێکی وێران و کاولە. حەلەب کە پایتەختی بازرگانی بوو ئێستا تا ڕادەیەکی زۆر جگە لە وێرانە هیچی دیکە نییە. ڕژێمەکەی ئەسەد جگە لە ئێران، حیزبوڵڵا، عێراقی شیعی، ڕووسیا و چین لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتیشەوە پەراوێز خراوە. زۆر لە ئاوارەکانیش ناگەڕێنەوە سووریایەک کە هێشتا لە ژێر دەستی خێزانی ئەسەددا بێت و جیهانی سوننیش تاوەکو ماوەیەکی درێژ هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ ڕژێمەکەی ئەسەد نابێت.

لە حاڵەتێکی ئاوهادا، دەبێت سووریا چی بکات؟ بۆ وەڵامی پرسیارێکی لەوجۆرە پێویستە بڕوانینە شێوازی حوکمڕانیی سووریا پێش ڕاپەڕین و دواتر تەماشا بکەین لە ئەنجامی ڕاپەڕینەکەوە چ گۆڕانکارییەک دێتە ئاراوە. سووریا هەروەکو عێراقی سەدام دەوڵەتێکی پۆلیسییە، یان وەکو عەرەبەکان خۆیان دەڵێن، دەوڵەتی موخابەراتە. پۆلیسی نهێنی و ئیستیخباراتی ڕژێم لە هەموو کون و کونجێکی وڵاتدا هەن. چاودێریی هەموو کەس دەکەن و ڕاپۆرت لەسەر هەمووان، بە یەکتریشەوە، دەنووسن. ئەمە ئەستەمە گۆڕانکاری بەسەدا بێت ئەگەر ئەسەد و کەمینەی عەلەوی لە دەسەڵاتدا بمێننەوە.

هیچ دەوڵەتێک ناتوانێت تەنیا لەڕێگەی ترس و تۆقاندنەوە حوکمی وڵات بکات، سووریاش لەم ڕووەوە جیاواز نییە. پێش ڕاپەڕین نزیکەی نیوەی هاووڵاتیانی سووریا مووچەخۆری حکومەت بوون هەروەکو عێراقی سەدام، خزمەتگوزارییەکانی دیکەی وەکو خوێندن و تەندروستی سنووری کەمینەی عەلەوی تێپەڕاندبوو، سوننی و مەسیحی و درووز و تەنانەت هەندێک لە کوردەکانیشی گرتبووەوە. لە ساڵی 1963 کاتێک کە حکومەت مافی هاووڵاتیبوونی لە نزیکەی 100 هەزار کورد وەرگرتەوە، کارەکانیان و زەویوزارەکانیان و خزمەتگوزاریی تەندروستیانی دا بەو عەرەبانەی کە لایەنگری ڕژێم بوون.

بەهێزترین سەرچاوەی هێزی ناوخۆیی بۆ دەوڵەت شەرعیبوونە. کاتێک کە کۆمەڵگە حوکمڕانەکان بە حوکمڕانی شەرعی دەزانێت ئامادەیە گوێڕایەڵی بێت و لە هەندێ حاڵەتدا تەنانەت ئامادەن قوربانیشی بۆ بدەن. سووریای ئەسەد شەرعیەتی خۆی لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمی عەرەبی بنیات نابوو. ئەمەش پێویستی ئەوەی هێنابووە ئارا کە سووریا هەڵوێستی توند لەبەرامبەر زایۆنیزم، ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم پێشان بدات. ئەمە بەو مانایە دێت کە سووریا پێویست بوو دژی ئیسرائیل و ڕۆژئاوا و جیهانی کەپیتالیزمی ئەمریکی بوەستێتەوە. ناسیۆنالیزمی عەرەبی سێکولار بژارەیەکی باش بوو بۆ ئەسەد، چونکە ئەمە وای دەکرد ئەو پێگەیەی کە بە کەمینەی عەلەوی درابوو چاوپۆشی لێبکرێت.

ئەگەر ڕژێمەکەی ئەسەد دەوام بکێشێت ئەوا ئەم سیاسەتە ئەگەری زۆری هەیە گۆڕانکاری بەسەردا بێت. ئەستەمە ئەسەد جارێکی دیکە بتوانێت شەرعیەتی خۆی لە جیهانی عەرەبیدا بەدەستبهێنێتەوە، جیهانێک کە زۆرینەی سوننەیە و بەچاوی خۆیان دەیانبینی سوپاکەی ئەسەد و میلیشیاکانی چ کارێکیان بە دەرعا، حومس، حەما، حەلەب و چەند ناوچەیەکی دیمەشق و هەندێ شوێنی دیکە کرد. ئەسەد ناتوانێت جارێکی دیکە عەرەبە سوننەکان، تەنانەت ئەوانەی سووریاش ڕازی بکات، لەبەرئەوە بۆ ئەسەد مانای نابێت خۆی وا نیشان بدات کە گوایە هیچ ڕووینەداوە. کەواتە لە سیناریۆیەکی ئاوهادا، زۆرینەی عەرەبی سوننی ڕووبەڕووی داهاتوویەکی سەرکوتکراو دەبنەوە. دژایەتیکردنی ئیسرائیلیش بەردەوام دەبێت، (بە تایبەتی لەبەر خاتری ئێران و حیزبوڵڵا، نەک لەبەر ناسیۆنالیزمی عەرەبی). بەڵام ئەم دژایەتییە پێناچێت ئەو ڕۆڵە گرنگەی ڕابردوو بگێڕێت.

ئەسەد لەوانەیە تەرکیزی دەسەڵاتە سنووردارەکەی بخاتە سەر مسۆگەرکردنی پشتگیریی چەند بنەماڵەیەکی عەرەبی سوننی و کەمینەکانی دیکەی سووریا، وەکو کورد، درووز، مەسیحی و تورکمان. لەهەمان کاتدا لەوانەیە ئەو کەمینانەش هەوڵێکی لەو جۆرە بدەن، بە تایبەتی کورد. قبووڵکردنی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی کوردی و چەند کانتۆنێکی تێکەڵاو لە باکووری سووریا، ڕژێمەکەی ئەسەد لە زۆر کێشە دەپارێزێت و ئەو هێز و داهاتەی کە بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی سەر ئەو ناوچانە پێویستە، دەکرێت ئەسەد لە جێگەی دیکە بەکاریان بهێنێت. لەم حاڵەتەدا ڕژێمەکەی ئەسەد لەوانەیە هەوڵبدات دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی ناوچەکان بداتە دەستی حکومەتە ناوخۆییەکان، بەو مەرجەی وەکو بەشێک لە سووریا بمێننەوە. کورد لە سووریا پێشتر ئەوەیان پێشانداوە کە دەتوانن زۆر بەسەرکەوتوویی ناوچەکانیان بەڕێوەبەرن. کورد خۆیان زۆر کاریگەر پێشانداوە لەو ناوچانە، بە تایبەتی دژی توندڕەوە ئیسلامییەکان.

قبووڵکردنی جۆرێک لە ئۆتۆنۆمی بۆ هەرێمەکانی باکووری سووریا سوودی دیکەشی دەبێت، لەوانە دابینکردنی ناوچەیەکی ڕێگر لەبەردەم تورکیادا. ئەگەر ئەو پارتە سەرەکیانەی کە لە سووریا هەن پەیوەندی ڕاستەقینەیان بە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە هەبێت، ئەوە لەوانەیە وا لە سووریا بکات کە ئەو هەنگاوەی سەرەوە دژی تورکیا هەڵبنێت بۆ تۆڵەسەندنەوە لە تورکیا و پشتگیریی ئەنقەرە لە گرووپە ئۆپۆزیسیۆنە عەرەبەکانی سووریا. هەرچەندە هەنگاوێکی لەو جۆرە پێویستی بە لێکدانەوەی ورد دەبێت بۆ ئەسەد، چونکە لەوانەیە ڕێگەدان بە پان-کوردیزم دواتر بە زەرەری ڕژێمی سووریا بشکێتەوە، بەڵام تەنها هەڕەشەکردنی سووریا بۆ ئەوەی کە ئەم گرووپانە بەهێز بکات لە دژی تورکیا، سوودی خۆی بۆ سووریا دەبێت.

***مامۆستای سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ویلایەتی مزۆری لە ئەمریکا و نووسەری کتێبی (بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی) کە لە 2006 چاپکراوە.**



عەبدولڕەحمان سدیق*
asidiq1962@yahoo.com

# با شەقامەکانی سەنتەری شار تەنیا بۆ پیادە بن

بەپێی ئەو توێژینەوانەی لەبارەی هۆکارەکانی گواستنەوە لەناو شارەکاندا کراون، لەوانەش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، دەرکەوتووە ڕێژەی پیسبوونی هەوا لەڕێگەی هۆکارەکانی گواستنەوەوە دەگاتە نزیکەی (47%)ی کۆی ئەو پیسبوونەی کە گشت سەرچاوەکان دروستی دەکەن.

شارەکانی ئێمەش بەهۆی خراپیی زۆرێک لە شەقامەکان و کەم ئەزموونیی شۆفێرەکان و خراپ ڕێکخستنی ئاراستەکانی هاتن و چوونی ئۆتۆمبێلەکان و چەندین هۆکاری دیکەوە، بوونەتە هۆکارێکی کاریگەر بۆ زیانگەیاندن بەتەندروستیی مرۆڤ.

لە ناوەندی شارەکانی کوردستان و عێراقدا کە لە کۆنەوە زۆرترین پێداویستییەکانی خەڵکی لەوێدا دەستدەکەوتن، ئۆتۆمبێلەکانیش بەجۆرەکانی تایبەت و تەکسییەوە دەگەنە هەموو ئەو شوێنانە و لەئەنجامی تێکەڵبوونی خەڵک و هۆکارەکانی گواستنەوەشدا، ماددە پیسکارەکانی وەک یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن و ئۆکسیدەکانی نایترۆجین و چوارەم ئەسیلی قورقوشم و ماددە هایدرۆکاربۆنییەکان، زیانی گەورە بەهاتوچۆکارانی ئەو ناوەندە دەگەیەنن، بۆ نموونە:

یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن لەگەڵ هیمۆگلۆبینی خوێندا یەک دەگرن و ڕێگە لەتەواوکردنی خولی ئۆکسجین دەگرن و مرۆڤ تووشی خنکان دەکات.

ئۆکسیدەکانی نایترۆجین بە یەکگرتنیان لەگەڵ هەڵم و ئاوی باراندا ترشەکانی نتریک دروستدەکەن کە ماددەیەکی ژەهراوییە.

قورقوشمی نێو بەنزین ڕۆڵی هەیە لەشێواندنی (3%)ی کۆرپەلەکان و قورسکردن و زەحمەتکردنی پرۆسەی منداڵبوون لای (15%)ی ئافرەتان و هۆکاریشە بۆ لەباربردنی (60%)ی کۆرپەلەش پێش تەواو بوونی پرۆسەی پێگەیشتن و کامڵبوونی لەمنداڵداندا.

ئەم ڕاستییانەش نزیکەی (60) توێژەر لە (29) دەوڵەتدا کۆک بوون لەسەریان لە کۆنگرەی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) کە ساڵی 1991 لە کۆپنهاگن بەسترا و دواتریش درایە کۆنگرەی ژینگە و گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەرازیل لە ساڵی 1992دا.

هۆکارەکانی گواستنەوە بە بەکارهێنانی هۆڕینی وورووژێنەریش کە زۆرجار دەگاتە (80) دێسیبڵ، زیانی زۆر بە کۆئەندامی دەماری مرۆڤ دەگەیەنن، ئەمە وێڕای زیانی دیکەی وەک لێدانی زیاتری دڵ و کەمبوونەوەی ئاستی وردبینی و گرژبوونی موولوولەکانی خوێن و کارکردن لەسەر ناوەوەی گوێ و زۆر زیانی دیکە کە بەمرۆڤ دەگەن.

لەبەر هەموو ئەمانەی پێشەوە و هۆی دیکەش، ئێستا وڵاتانی پێشکەوتوو، شەقامە قەرەباڵغ و ناوەندە چڕەکانی نێو شاریان تەرخانکردووە تەنیا بۆ پیادە و ئۆتۆمبێل بۆی نییە بچێتە ئەو شوێنانەوە، چونکە بەپێی هاوکێشەی پەیوەندیی نێوان ژمارەی مرۆڤەکان و ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان لە یەک شوێنداو لە حاڵەتی زۆرتربوونی ژمارەی خەڵکدا، پێویستە ئەو شەقام و ناوەندانە تەنیا بۆ پیادە بن.

من ساڵی 1992 وەک سەرۆکی کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز بۆ پاراستنی ژینگە لە هەولێر، لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانی ئەوکاتەوە، هەڵمەتێکمان ڕێکخست بۆئەوەی ناوەندی شاری هەولێر تەنیا بۆ پیادە بێت، پاش ئەوەی بینیمان خاتوو سیگۆلین ڕۆیال، وەزیری ئەوسای ژینگەی فەرەنسا ، چەند شەقامێکی تەنیا بۆ پیادە تەرخان کرد لە ناوەندی هەندێک لە شارەکانی فەڕەنسادا.

ئێستاش جێگەی خۆیەتی لەم بارودۆخەو لەبەر بەرژەوەندی گشتی، شارەوانی شارەکانی هەرێمی کوردستان بەپێی پلانێک و بەهاوکاریی دەزگا پەیوەندیدارەکان چەند شەقام و ناوەندێک لەشارە گەورەکانی هەرێمدا تەنیا بۆ پیادە تەرخان بکەن.

***نووسەرو ڕۆژنامەنووس و یەکەم وەزیری ژینگەی عێراق لەدوای ڕووخانی ڕژێم**

WWW.RUDAW.NET

# RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



مانۆ خەلیل:

## فیلمی داهاتووم لەسەر جاشەکانە

10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : سالّح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net

REKLAM




